# توند وتیژی سێکسی ئەندامانی داعش بەرامبەر ژنانی ئێزدی و چۆنێتی دادگایی کردنیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

## ( توێژینەوەیەکی یاسایی شیکارییە)

**گەشە دارا جلال**
**بەشی یاسا/ فاکەلتی زانستە مرۆڤایەتی و**
**کۆمەڵایەتیەکان/ زانکۆی کۆیە**
gashahafe@gmail.com

**پ.ی.د.شوان عمر خضر**
**بەشی یاسا/فاکەلتی زانستەمرۆڤایەتی و**
**کۆمەڵایەتیەکان/زانکۆی کۆیە**
Shwan.omar@koyauniversity.org

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:** ٢٠٢٥/١١/٢٥
**ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە:** ٢٠٢٥/١/٢٠

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ ئەو تاوانە سێکسییانە دەکات کە داعش دژی ژنانی ئێزیدی ئەنجامی دەدات و ئەگەری لێپێچینەوە لەو تاوانانە لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها لێکۆڵینەوە لە پۆلێنکردنی یاساییان دەکات وەک تاوانی نێودەوڵەتی، وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی، جینۆساید و تاوانی جەنگ. توێژینەوەکە ئاستەنگیەکانی دادگاییکردنی ئەم تاوانانە لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان شی دەکاتەوە و دەیخاتە ڕوو، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی واژۆنەکردنی عێراق لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی ڕۆما، کە دەسەڵاتی دادوەری دادگای نێودەوڵەتیی نێودەوڵەتی سنووردار دەکات. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەو بەربەستانەی کە بەهۆی هاوکاری نەکردنی عێراق لەگەڵ دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان دروست دەبێت. سەرەڕای ئەوەش، جگە لە پشکنینی دەسەڵاتی دادوەری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، توێژینەوەکە لە میکانیزمە یاساییە بەدیلەکان دەکۆڵێتەوە، لەوانەش دادگا تایبەتەکان یان دادگا تێکەڵەکان، وەک ڕێگایەکی پراکتیکی و کاراتر بۆ دادپەروەری. ئەم بەدیلانە لە چارەسەرکردنی ئەو سنووردارکردنانەی کە سیستەمی دادوەری نێودەوڵەتی لە دادگاییکردنی تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی لە کاتی شەڕە چەکدارییەکاندا دروستی دەکەن زۆر گرنگن. توێژینەوەکە بە جەختکردنەوە لەسەر لێپێچینەوە لەم تاوانانە، جەخت لەسەر گرنگی لێپرسینەوە لە تاوانباران و بەهێزکردنی نۆرمە یاساییە نێودەوڵەتییەکان لە بەرامبەر ئەو جۆرە پێشێلکارییانە دەکاتەوە. چارەسەرکردنی توندوتیژی سێکسی لە ململانێکاندا نەک تەنها بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێت بۆ قوربانییەکان بەڵکو هەوڵەکان بەهێز دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانە قێزەونانە، دڵنیابوون لەوەی کە بەو توندییەی کە شایەنیەتی، بەرەوڕوویان دەبێتەوە. ئەم ڕێبازە چوارچێوەیەکی گشتگیرتر بۆ دادپەروەری نێودەوڵەتی پەروەردە دەکات.

**پێشەکی**

دوای دەرکەوتنی داعش لەعیراق و دەست بەسەرداگرتنی هەندێ ناوچەو ڕاگەیاندنی دەولەتی خەلافەتی ئیسلامی لە سڵی ٢٠١٣، داعش هەموو ڕێگایەکی بەکارهێنا لەپێناوی چەسپاندنی پایەکانی دەولەتەکەی فراوانکردنی سنورەکەی، داعش لەکاتی هێرش کردن و دەست بەسەرداگرتن و فەرمانڕەوایی کردن لەناوچەکاندا دەستی لەهیچ نەپاراستوە لەپێناوی سەرکەوتن و بەردەوامبون

دەیان و سەدان تاوانی دڕەندانەی بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان خەڵکی چەکدارو مەدەنی، دژ بە هەموو پرەنسیپە مرۆڤایەتیەکان ئەنجامداوە. تاوانەکانی داعش دەرهەق بە گەلانی عێراق بەسەرجەم نەتەوەو ئاین و مەزهەبەکان بەبێ جیاوازی بەرامبەر کوردو عەرەب و تورکمان سونەو شیعەو موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی ئەنجامدراوە.

دیارە ئێزیدیەکان پشکی شێریان بەرکەوتووە لەم تاوانانەی کە داعش بەرامبەر خەڵکی عیراق ئەنجامیداوە، داعش لە ٢٠١٤/٨/٣ هێرشێکی دڕندانەی دەست پێکرد بۆ سەر شنگال و ناوچە ئێزیدی نشینەکانی تر چەندین تاوانی جۆراو جۆرو دڕندانەی ئەنجامداوە، لەوانە کوشتن و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ و ئەشکەنجەدان شونبزرکردن و لاقەکردن و بەکۆیلەکردنی سێکسی و سوتاندنی مولك و ماڵ و گوندو تێکدان و خاپور کردنی شوێنە ئاینی و مێژووییەکان.

تاوانەکانی داعش زۆر بێزراوو نامرۆڤانەن، بەڵام لە دڕاندانەترین تاوانەکانی داعش بەرامبەر خەڵکی عیراق بەگشتی و ئێزیدیەکان بەتایبەتی بریتیە لەو توندوتیژی و دەستدرێژیە سێکسیانەی کە ئەندامانی داعش کردویانە بەرامبەر بە هەزاران کەس لە ژنان و کچانی ئێزیدی لەنێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)،تیایدا بە هەزاران ژن و کچی ئێزیدی بەرەو رووی ڕفاندن و لاقەکردن و بە کۆیلەکردنی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژی سێکسی بوونەوە. بەپێی چەندین بەڵگەنامەو ڕاپۆرتی ناوخۆیی و نێودەولەتی کردەوەکانی داعش دەچنە خانەی قورسترین تاونەکان بەگوێرەی یاسا نێودەولەتی ناوخۆییەکان و پێویستی بە لێپرسینەوەی یاسایی و سزادانی تاوانبارن هەیە.

### یەکەم: گرفتی توێژینەوەکە

سەرەڕای نەمانی دەوڵەتەکەی داعش و دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ هێشتا ئاسۆیەکانی لێپرسینەوەیەکی دادپەروەرانە لە بەرپرسانی داعش روون نیەو وەکو پێویست نیە، لەکاتێکدا کردەوەکانی داعش پێشێلی زەقی بنەماکانی یاسای نێودەولەتی مرۆیی و چەندین ڕێکەوتنامەی ترە، بەتایبەت پەیرەوی ڕۆمای بنەڕەتی بۆ دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی. بۆیە لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا دەکرێت پرسیار بکەین سەبارەت بە چۆنیەتی لێپرسینەوە لە تاوانباران و دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ قوربانییەکان.بۆیە پرسی لێنەپرسینەوە لە ئەندامانی داعش لەسەر ئەو توندوتیژیە سێکسیانە لەبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی دەبێتە کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەو لەم چوارچێوەیەدا شیکاری دەکەین بۆ هۆکارو بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیەو ڕێگاچارەکان بۆ لێپرسینەوە لە ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی یان هەر جۆرە دادگایەکی تری نێودەوڵەتی و هەوڵ دەدەین بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییەدا بگەڕێین: ئایا دەتوانرێت تاوانبارانی توندوتیژی سێکسی دژی ژنانی ئێزیدی لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا یان هەر دادگایەکی تری نێودەولەتی دادگایی بکرێن؟

### دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە

بە جەختکردنەوە لەسەر لێپێچینەوە لە تاوانباران لە بەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی بریتیە لە:

١-لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو تاوانە سێکسییانەیە کە ئەندامانی داعش دژی ژنانی ئێزیدی ئەنجامیداوە.

٢- ئەنجامدانی گونجاندنی یاسایی توندوتیژی سێکسیەکانی داعش بەرامبەر ژنانی ئێزیدی بەگوێرەی پەیرەوی بنەڕەتی ڕۆما.

٣-لێکۆڵینەوە لەوەی تاچەند دەکرێت ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی یان هەر دادگایەکی تری نێودەولەتی دادگایی بکرێن.

٤-گەڕان بەدوای هۆکارو بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی نەناردن کەیسی داعش بۆ بەردەم دادگای نێودەولەتی.

٥-دیاریکردنی گرفتەکانی بەردەم دادگایی کردنی ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای نێودەولەتی و دۆزینەوەی ڕێگاچارەو پێشنیاری گونجاو بۆی.

**سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو تاوانە سێکسییە ترسناکانەی داعش دژی ژنانی ئێزدی ئەنجامیانداوە، ئەمەش بەشدارە لە تیشک خستنە سەر ڕادەی ئەو پێشێلکاریانەی کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە و پاڵپشتیکردنی هەوڵەکان بە ئامانجی گەیشتن بە دادپەروەری بۆ قوربانییەکان. توێژینەوەکە شیکارییەکی ڕەخنەگرانە لە چوارچێوەی یاسایی عێراق بۆ لێپێچینەوە لە تاوانە سێکسییەکان دەکات کە لە شەڕی چەکداریدا ئەنجام دەدرێن، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە ئایا یاساکانی ئێستا توانای چارەسەرکردنی تاوانە ئاڵۆزەکانیان هەیە یان نا. جەخت لەوە دەکاتەوە کە توندوتیژی سێکسی داعش گۆشەگیر و هەڕەمەکی نەبووە بەڵکو بەشێک بووە لە سیاسەتێکی سیستماتیکی کە مەبەست لێی لەناوبردنی ناسنامەی کولتووری و ئایینی کۆمەڵگەی ئێزیدی بووە. بۆیە ئەم کردەوانە بەپێی مادەکانی ٦ و ٧ و ٨ی پەیڕەوی ناوخۆی ڕۆما جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ پێکدەهێنن. هەروەها توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر بۆشاییە یاسایی و دامەزراوەییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. هەرچەندە دادگاکان بەپێی یاساکانی دژە تیرۆر (یاسای عێراقی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ و یاسای کوردستانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦) ئەندامانی داعش دادگایی دەکەن، بەڵام ئەم یاسایانە بە شێوەیەکی گونجاو باس لە توندوتیژی سێکسی وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی ناکەن و لە ئەنجامدا دادپەروەری ناتەواو دەبێت. جگە لەوەش، بەو پێیەی عێراق لایەنێک نییە لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕۆما، دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان ناتوانێت ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە بکات کە لەسەر خاکەکەی ئەنجامدراون، ئەمەش هەوڵەکانی لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی ئاڵۆزتر دەکات.توێژینەوەکە بە جەختکردنەوە لەسەر ئەم پرسانە داوای چاکسازی یاسایی و دامەزراندنی دادگای تایبەتمەند یان تێکەڵاو دەکات بۆ دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر. هەروەها هێما بۆ ڕەهەندی مرۆیی دەکات، تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییە بەردەوامەکانی ئەم تاوانانە لەسەر ژنانی ئێزیدی و کۆمەڵگاکەیان.لە بنەڕەتدا ئەم توێژینەوەیە گرنگە چونکە نەک تەنها دڕندەییەکانی داعش بەڵگە دەکات بەڵکو تێڕوانینێکی پراکتیکی و یاسایی بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری و داخستنی بۆشاییە یاساییەکان و بەهێزکردنی میکانیزمەکانی پاراستن بۆ قوربانییەکان دەدات.

**چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە**

لە توێژینەوەکەدا کە دەربارەی دادگاییکردنی ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ، پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبەستین، بەمەبەستی دیاریکردن و بەیان کردنی توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی و شیکردنەوەی دەقەکانی پەیڕەوی ڕۆمای بنەرەتی بۆ دادگای تاوانەکانی نێودەولەتی، بەتایبەت دەقەکانی تایبەت بە بەتاوانی کۆمەڵکوژی و دژە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لەگەڵ دەقەکانی پەیوەست بەتایبەتمەندی دادگای تاوانکاری نێودەولەتی و شێوازەکانی ڕەوانەکردنی داوا بۆ بەردەم ئەم دادگایە، هەموو ئەمانە بەمەبەستی گەیستن بە گونجاندنی یاسایی دروست بۆ ئەم توندوتیژیە سێکسیانە لەژێر ڕۆشنایی پەیڕەوی ڕۆماو ئەگەری ڕەوانەکردنی ئەندامانی داعش بۆ بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی یان هەر دادگایەکی تری نێودەولەتی.

**پێنجەم: پلانی توێژینەوەکە**

بۆ ڕووماڵکردنی ووردی بابەتی توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی و چۆنیەتی دادگایی کردنیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەپێویستمان زانی بابەتەکە لەسێ باسی سەرەکی دیراسە بکەین، بەم شێوەیەی خوارە:

باسی یەکەم: تاوانی توندوتیژی سێکسی لە یاسای نێودەوڵەتی و ناوخۆیدا

باسی دووەم: دەربارەی داعش و ئێزیدی و توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش بەرامبەر ژنانی ئێزیدی

باسی سێیەم: گونجاندنی یاسایی توندوتیژی سێکسی ئەندامانی داعش بەرامبەر ژنای ئێزیدی لەیاسای نێودەولەتیدا.

باسی چوارەم:چۆنیەتی دادگایی کردنی ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی.

### باسی یەکەم
### مانای توندوتیژی سێکسیەکانی و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی

ئەم باسە تەرخاندەکەین بۆ روونکردنەوەی مانای توندوتیژی سێکسی و خستنەڕووی لە هەردوو یاسایی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا.

### داواکاری یەکەم
### مانای توندوتیژی سێکسی

ئەم داواکارییە دابەش دەکەین بەسەر دوو لقدا، لقی یەکەم بۆ مانای توندوتیژی سێکسی لەیاسای نێودەولەتی و لقی دووەمیش بۆ مانای توندوتیژی سێکسی لە یاسای ناوخۆییدا.

### لقی یەکەم
### مانای توندوتیژی سێکسی لەیاسای نێودەوڵەتیدا

هەرچەندە یاسای نێودەوڵەتی، گرنگی داوە بە پرسی توندوتیژی سێکسی لەڕێگەی ڕێکەوتنەکانی تایبەت بە یاسای نێودەولەتی، بۆ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەولەتی مرۆیی و یاسای نێودەولەتی تاوانکاری، بەڵام پێناسەیەکی دیاریکراوی نەکردوە بۆ توندوتیژی سێکسی، لەبەرامبەردا پسپۆران و دامودەزگا نێودەوڵەتیەکان پێناسەی زۆریان کردوە بۆ ئەم چەمکە لەوانە: توندوتیژی سێکسی بریتیە لە هەر پەیوەندیەکی سێکسی یان هەوڵدان بۆبەدەست هێنانی پەیوەندی سێکسی، یان پێشینەی سێکسی، یان هەر کردارێك بە مەرامی بازرگانیکردنی سێکسی بەکەسەکان، یان ئەو کردەوانەی کە ئاراستەی سێکسی کەسەکە دەکرێن بەزۆر لەلایەن کەسێکی ترەوە جا هەر جۆرە پەیوەندیەکیان هەبێت یان لەهەر شوێنێك بێت، وەتوندوتیژی سێکسی لاقەکردن لەخۆ دەگرێت(الحاف ، ٢٠٠٩، ل: ١٥٩). زاراوەی توندوتیژی سێکسی بەکاردێت بۆ وەسفکردنی ئەو کردارانەی سروشتی سێکسیان هەیە بەهێز و زۆرلێکردن و ترس و دەست بەسەراگرتن چەوساندنەوەی دەروونی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی دژی قوربانی پیاو یان ژن بێت، کوڕ یا کچ بێت، هەروەها استغلال کردنی ئەو ژینگە سەپێنراوە یە یان بێدەسەڵاتی قوربانیەکە لە پێدانی ڕەزامەندی وەك شێوەیەك لە شێوەکان بەزۆرلێکردن، توندوتیژی سێکسی لاقەکردن و کۆیلەی سێکسی یان لەشفرۆشی پێکردنی بە زۆر یان دووگیانکردنی زۆرە ملێ ، یان نەزۆك کردن بەزۆر یان هەر جۆرێك لە جۆرەکانی تری توندوتیژی سێکسی کە مەترسی هاوشێوەی هەبێ . (عاصم،٢٠٠٨،ل:٢٨).

توندوتیژی سێکسی، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی لاقەکردن و کۆیلەی سێکسی لەشفرۆشی بەزۆر ، دووگیانی زۆرەملێ، نەزۆککردن یان بازرگانی کردن یا هەر شێوەیەك لە شێوەکانی تری توندوتیژی سێکسی، کە لە پلەی مەترسی ئەوانە بێت، کە ڕەنگە بەپێی بارودۆخ، بابەتی ڕووشاندنی ئابڕوو و بازرگانی و پشکنینی ناجۆر، ڕووتکردنەوە و پشکنین بگرێتەوە (حامد ، ٢٠١٦ ، ل:١٤٩).

توندوتیژی سێکسی زۆر جۆری هەیە، بەگوێرەی ماددەی (١/٧/ز) لە پەیڕەوی بنەرەتی ڕۆمای بنەرەتی شێوازو جۆرەکانی توندوتیژی بریتین لە: لاقەکردن، بەکۆیلەکردنی سێکسی، لەشفرۆشی کردنی بەزۆر، دووگیانکردنی زۆرەملێ، بەزۆر نەزۆك کردن و هەر جۆرێکی دیکە لە جۆرو شێوازەکانی توندوتیژی سێکسی کە لەهەمان پلەی مەترسیدابن. جێگای ئاماژە پێدانە کە ئەم پێنج شێوازەی توندوتیژی سێکسی بەدیاریکراوی نەهاتووە لە پەیڕەوي ڕۆمای بنەرەتی، بەڵکو، وەکو نمونە هاتوە، واتا دەکرێت جۆری تری توندوتیژی سێکسی هەبن و بچنە چوارچێوەی هەمان ماددەی (٧) و بەتاونی نێودەولەتی ئەژمار

بکرێت، بەمەرجێك کردەوەکە لەهەمان ئاستی مەترسی کردەوەکانی دیکە بێت، بۆنمونە شێواندنی کۆئەندامی سێکسی یاخود لەباربردنی بەزۆر(ماددەی (٧/١/ز) لە پەیڕەوی ینەرەتی ڕۆمای بنەرەتی).

جێگای ئاماژە پێدانە، کە توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێ چەکداریەکان زۆربەی کات بەمەبەستی لەناوبردن یاخود کەمکردنەوەو گۆڕینی ڕەگەزو بنەچەو سەرشۆڕکردن و سەرکۆنەکردن و سووك کردنی و ئازاردانی جەستەیی و دەروونی یەکتر ئەنجام دەدرێت، بۆیە لەزۆربەی کات و دۆخەکاندا بەرامبەر بە ڕەگەزی مێیینە لە ژنان و کچان ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە، کە نێرینەکان لە مێردمنداڵ وپیاوان و پیرەکان دوورن لەم جۆرە دەستدرێژییە، بەڵکو دەکرێت ئەوانیش، قوربانی ئەم جۆرە توندوتیژیە بن جا هاوڵاتی مەدەنی بن یان شەڕکەر(الوضعي ، ٢٠١٤،ل:١٢).

**لقی دووەم**

**مانای توندوتیژی سێکسی لەیاسای ناوخۆییدا**

توندوتیژی، بەمانا زمانەوانیەکەی پێچەوانەی نەرم ونیانی و بەبەزەییە(ابن منظور، ل:٢٧٥)، لە چەمکی یاساییدا توندوتیژی "ئاماژەیە بۆ مانای هێز، زۆرەملێ، هەڕەشە و تۆقاندن، ئەگەر توندوتیژییەکە ئاراستەی خەڵک بێت، ئاماژەیە بۆ تێکدان و لەناوبردن، ئەگەر ئاراستەی موڵک و ماڵ بکرێت" (عباس، ٢٠١١،ل:٥٠ ). ئەحمەد زەکی بەدەوی توندوتیژی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "بەکارهێنانی فشار یان هێز، کە نایاسایی بێت یان لەگەڵ یاسادا نەگونجێت، کە کاریگەری لەسەر ئیرادەی کەسێک دەبێت"(عباس، ٢٠١١،ل:٥٠ ) ,بە واتایەکی دیکە هەر بەکارهێنانێکی نایاسایی هێز یان هەر ئامرازێکی فشار و تۆقاندن بە مەبەستی زیانگەیاندن بە کەسانی دیکە یان بە کۆمەڵگا ئەمانە لە یاساکانی تاوانکاریدا بە تاوانی توندوتیژی ناودەبرێن.

بە گەڕانەوە بۆ یاسا سزاییەکان، بۆمان دەردەکەوێت، کە چەمکی ( توندوتیژی) بەتەنها لەچەندین بڕگەو ماددەی یاساییدا هاتوە لەوانە ماددەکانی (١٩٠ ، ٢٢٤ ،٢٣٧، ٢٦٣، ٢٦٤ ، ٢٦٧، ٢٦٨،٢٦٩ ، ٣٦٥ ، ٣٦٦ ،٣٧٥ ، ٤١٠ ، ٤١٢ ، ٤١٣،٤١٩ ، ٤٤٠، ٤٤١ ، ٤٤٢ ، ٤٤٣ ، ٤٧٨، ٤٧٩ ،٤٨١)،هەروەها لە ماددەی (٢) لەیاسای نەهێشتنی تیرۆری عیراقی ژمارە (١٣) لەسالی (٢٠٠٥) و ماددەی (یەکەم) لەیاسای نەهێشتنی تیرۆر، لە هەرێمی کوردستانی-عیراق ژمارە (٣) لە سالی (٢٠٠٦) ، ئەگەر سەیرێکی ئەم بڕگەو مادانە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەر چەمکی توندوتیژی بەهێزو هەڕەشەو ترس و تۆقاندن لە هەردوو جۆری تاوانی کەتن و جینایە بەکارهێناوە.

بەڵام توندوتیژی کاتێك پەیوەست دەبێت بەلایەنی سێکسی مرۆڤ و بەمەبەستی وروژاندن و تێرکردنی حەزو ئارەزووی سێکسی ئەنجام دەدرێت، ئەوا پێی دەوترێت توندوتیژی سێکسی. چەمکی (توندوتیژی سێکسی) وەکو تاوان لەهیچ یەك لەیاسا سزاییەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێنەدراوە، جگە لە یاسای ژمارە (٨) ی سالی (٢٠١١)، (یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان-عیراق) کە لەبڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمیدا توندوتیژی سێکسی وەکو بەشێك لە توندوتیژی خێزانی ئەژمار کردوە لەپاڵ توندوتیژی جەستەیی و دەروونی، و کۆمەڵێك نمونەی هێناوەتەوە لەسەر توندوتیژی سێکسی لەوانە( زۆر لێکردنی مێرد لەهاوسەرەکەی تاوەکو کاری لەشفرۆشی ئەنجام بدات، بەزۆر هاوسەرگیری پێکردن، بەشودانی منداڵ و ژن بەژن، بەشودان لەبری خوێن) بەڵام هەموو ئەمانە تایبەتە بە خێزان و پێویستە لە چوارچێوەی خێزاندا ڕوویدات، ئینجا بەتاوان ئەژمار دەکرێت. بۆیە دەتوانین، بڵێین لەیاسا سزاییەکانی بەرکار لەعیراق و هەرێمی کوردستان پێناسەیەك نیە بۆ توندوتیژی سێکسی وتاوانێك نیە بەناوی ( توندوتیژی سێکسی). بەڵام پسپۆرانی یاسایی ناوخۆییدا وا پێناسەی توندوتیژی سێکسیان کردوە کە بریتیە لە " لەو دەست درێژیانەی، کە مەبەست لێی بەدەست هێنانی چێژێکی سێکسیە لەو کەسەی کە دەست درێژی کراوەتەسەر بەبێ ڕەزامەندی یاخود بەزۆر، یان لەکەسێك کەرەزامەندیەکەی بەهابەکی نیە وەکو منداڵ و

شێت، یان لەوانەیە مەبەست لێی پێگەیاندنی زیانی سێکسی بەقوربانیەکە، کە لەوانەیە بگاتە ئاستی لاقەکردنی قوربانیەکە یان پاشبازی کردنی، هەروەها لەوانەیە لەئاستی دەست لێدان و ماچ کردن بوەستێت،یان لەوانەیە تاوانبار تەنها وێنەی قوربانیەکە بەرووتی بەشێوەیەکی تەواو یان بەشەکی بگرێت، یان هەر جۆرێکی تری دەست درێژی کە مۆرکێکی سێکسی هەبێت، کە هەموو کردەوەیەك دەگرێتەوە، کە پێشێلێکی بەمەبەستی تایبەتمەندی جەستەی قوربانیەکە بکات بەبێ ڕەزامەندی یاسایی" (العگيلي، ٢٠١٢، ل:١٢ ).

لەسەر ئەم بنچینەیە، دەتوانین بڵێین توندوتیژی سێکسی چەمکێکە هەر کردەوەیەك دەگرێتەوە، کە بەبێ ڕەزامەندی کەسێك ئەنجام دەدرێت و پەیوەستە بەلایەنی سێکسی و پێشێلی ئازادی سێکسی قوربانیەکە دەکات، بۆیە ئەم چەمکە چەمکێکی فراوانەو لە لاقەکردن و پاشبازیەوە دەست پێدەکات بەرەوخوار بۆ ماچ کردن و دەست لێدان ورووت کردنەوە شتی دیکە تا دەگاتە ئاستی ئەو ووشەو دەستەواژانەی، کە مانای سێکس و گێچەڵی سێکسی و ووروژاندنی سێکسی دەدەن و پێشێلی ئازادی سێکسی کەسەکە دەکەن.

گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە سەرەڕای ئەوەی کە لەیاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان چەمکی (توندوتیژی سێکسی) بەکارنەهاتووەو تاوانێك نیە بەناوی توندوتیژی سێکسی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەم یاسایانە دەستدرێژیە سێکسیەکانیان بەتاوان دانەناوە، بەڵکو زۆرینەی هەرە زۆری ئەو دەستدرێژیە سێکسیانەی کە لە دۆخی ئاسایی لەناو کۆمەڵگایەکدا دەشێت ڕوو بدەن، لەیاسا تاوانکاریە بەرکارەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان بەتاوان دانراوەو سزای پێویست بۆ بڕیاردراوە، بەڵام لەژێر ناوی تەندوتیژی سێکسی نا، بەڵکو لەژێر ناوی کۆمەڵێك تاوان کە لەڕاستیدا بەشێکن لە توندوتیژی سێکسی. ئەم کردەوانەی کە دەستدرێژی سێکسین و لەیاساکانی عیراق و هەرێمی کوردستاندا بەتاوان هەژمارکراون، لەکۆمەڵێك یاسای جیاوازدا دەقیان لەسەر کراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** ئەو کردەوانەی دەچنە چوارچێوەی توندوتیژی سێکسی و لەیاسای سزادانی عیراقی بەتاوان دانراون:

یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩)، لە کتابی دووەم بەناونیشانی ئەو تاوانانەی، کە زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن، تەوەرەی نۆیەم بەناونیشانی ئەو تاوانانەی، کە پێچەوانەی ڕەوشت و ئادابی گشتیە، لەبەشی یەکەمدا کۆمەڵێك کردەوە کە سروشتی سێکسیان هەیە کردوە بەتاوان ئەوانیش: لاقەکردن (الاغتصاب)، پاشبازی(اللواط)، ئەتك کردنی ئابروو (هتك العرض)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١.تاوانی لاقەکردن (الاغتصاب) :مەبەست لە لاقەکردن بریتیە لە جوتبوونی نێر لەگەڵ مێ بە تێخستنی ئەندامی زوزێی بۆ شوێنی تایبەت لە لەشی مێیینە بەبێ ڕەزامەندی ئەو، ئەمەش لەماددەی (٣٩٣-٣٩٤) لەیاسای سزادان بەتاوان دانراوە، ئەنجامدەرەکەی بەبەندکردنی کاتی یان تاهەتایی تاوەکو لەسێدارەدانیش سزا دەدرێت بەگوێرەی بارودۆخی تاوانەکەو تاوانبارو تاوان لێکراو(ماددەی (٣٩٣)(٣٩٤) یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩)).

٢.تاوانی پاشبازی(جريمة اللواط) :پاشبازی بەواتای ئەنجامدانی کرداری سێکسی و جوتبوون لەپشتەوە لەگەڵ کەسێك جا نێر بێت یان مێدا بێت، واتە، جوتبوون لەنێوان نێرو نێر یان نێرو مێ بەڵام لەپشتەوە بە تاوان دادەنرێت، بەگوێرەی ماددەی (٣٩٣-٣٩٤) هەرکەسێك بەبێ ڕەزامەندی پاشبازی لەگەڵ ژنێك یان کچێك بکات ئەوا بەبەندکردنی کاتی یان تاهەتایی تاوەکو لەسێدارەدانیش سزا دەدرێ. هەر چەندە تائێستا نەمانزانیوە لەنێوان ژنان و کچانی قوربانی دەستی داعش کەسێك هەبێت کە پاشبازی لەگەڵ ئەنجام درابێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەگەر حالەتی لەم شێوەیە هەبێ، ئەوا بەگوێرەی ئەم مادانە کردەوەکە بەتاوان دادەنرێت و شایانی سزادان ئەبێت(ماددەی (٣٩٣)(٣٩٤) یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩))

٣.تاوانی ئەتك كردنی ئابڕوو (جريمة هتك العرض):لەماددەی (٣٩٦-٣٩٧) لەیاسای سزادان باس لە تاوانی ئەتك كردنی ئابڕوو كراوە، بەگوێرەی ئەم ماددەیە ئەتك كردن بەهەر كردەوەیەكی پێچەوانەی ڕەوشت و ئاداب ڕوودەدات كە ڕاستەوخۆ بەرامبەر لەشی قوربانیەكە و بەبێ ڕەزامەندی ئەو و بەبەكار هێنانی توندوتیژی هێز ئەنجام دەدرێت بەمەرجێك نەگاتە ئاستی لاقەكردن و پاشبازی، واتا هەموو ئەم كردەوانەی كە پەیوەستن بەلایەنی سێكسی مرۆڤەوە، جگە لە لاقەكردن و پاشبازی دەبن بە تاوانی ئەتك كردنی ئابڕوو و بە بەگوێرەی ماددەی ئاماژە پێدراو بە بەندكردن كە لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت سزا دەدرێت، بەڵام ئەگەر قوربانیەكە تەمەنی كەمتر بوو لە ١٨ ساڵ ئەوا سزاكەی دەبێتە ماوەیەك كە لە ١٠ ساڵ زیاتر نەبێت(ماددەی (٣٩٦)(٣٩٧) یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩))

**دووەم**: ئەو كردەوانەی دەچنە چوارچێوەی توندوتیژی سێكسی و لەیاسای نەهێشتنی بازرگانی كردن بە مرۆڤی ژمارە ٢٨ ی ساڵی ٢٠١٢ بەتاوان دانراون:

بەگوێرەی ماددەی(١/یەكەم) لەم یاسایە هەر كەس و گروپێك هەڵبستێت بە دەست بەسەراگرتن و بردن و گلدانەوەی خەڵكانی دیكە بەمەبەستی كڕین و فرۆشتن یاخود بەكار هێنانی لەكاری لەشفرۆشی یان ئیستغلال كردنی و بەكارهێنانی لەڕووی سێكسی یاخود بەكۆیلەكردنی، ئەوا دادەنرێت كە تاوانی بازرگانی كردن بەمرۆڤ ( جريمة الاتجار بالبشر )ی ئەنجامداوەو بەگوێرەی ماددەكانی (٥،٦، ٧،٨،٩) لەم یاسایە سزا دەدرێت ((ماددەی(١/یەكەم) (٥) (٦) (٧) (٨) (٩) لەیاسای نەهێشتنی بازرگانی كردن بە مرۆڤی ژمارە (٢٨) ی ساڵی (٢٠١٢)).

**سێیەم:** ئەو كردەوانەی دەچنە چوارچێوەی توندوتیژی سێكسی و لەیاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی ولادانی سێكسی ژمارە ٨ی ساڵی١٩٨٨هەمواركراو بەتاوان دانراون:

گلدانەوەو هێشتنەوەی كەسێك لەشوێنێك بەزۆر یان هەڕەشە یان فێڵكردن بەمەبەستی بەكارهێنانی بۆ كاری لەشفرۆشی هەروەها نێوەندگیری كردن و دەڵاڵی بۆ ئەم كارانە بەگوێرەی ماددەكانی (١،٢،٣،٤،٥) لە یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی و لادانی سێكسی ژمارە (٨)ی ساڵی (١٩٨٨)ی هەمواركراوەدا، بەیاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٢٤)، بەتاوانی لەشفرۆشی كردن و دەڵاڵی (البغاء والسمسرة) ئەژمار دەكرێت و سزا دەدرێت((ماددەی (١)(٢)(٣)(٤)(٥) لە یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی و لادانی سێكسی ژمارە (٨)ی ساڵی (١٩٨٨)، بەیاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٢٤)، بەتاوانی لەشفرۆشی كردن و دەڵاڵی (البغاء والسمسرة)).

**چوارەم:** ئەو كردەوانەی دەچنە چوارچێوەی توندوتیژی سێكسی و لەیاسای باری كەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ هەمواركراو بەتاوان دانراون:

ماددەی (٩) لەیاسای باری كەسێتی عیراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموار كراو لەهەرێمی كوردستان بەیاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨) باس لە تاوانی زۆر لێكردن بۆ هاوسەرگیری دەكات ( جريمة الاكراه على الزواج) بە گوێرەی ئەم ماددەیە هەر كەسێك زۆر لەیەكێكی دیكە بكات بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەوا تاوانی ئەنجامداوەو سزا دەدرێت(ماددەی (٩) لەیاسای باری كەسێتی عیراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) ی هەموار كراو لەهەرێمی كوردستان بەیاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨)).

## باسی دووەم
## دەربارەی داعش و ئێزیدی و توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش بەرامبەر ژنانی ئێزیدی

بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی ورد لە پەیوەندی نێوان داعش و ئێزیدییەکان بخرێتە ڕوو، بە ئامانجی ئەوەی کە ڕۆشنایی بخەینە سەر گەورەیی ئەو ئازارەی کە کۆمەڵگەی ئێزیدی ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەروەها لقە بەرفراوانەکانی ئەم کردەوە توندوتیژانە، لە ڕێگەی پشکنینی لە ڕوانگەیەکی بابەتی و یاساییەوە، ئەم بەشە دابەش دەکەین بەسەر دوو داواکاری سەرەکی، داواکاری یەکەم بۆ قسەکردن دەربارەی داعش و ئێزددیدیەکان دەبێت، وە داواکاری دووەم بۆ پۆلێن کردن و خستنەرووی ئەو توندوتیژیە سێکسیانەی ئەندامانی داعش بەرامبەر ژنانی ئێزیدی ئەنجامیانداوە.

### داواکاری یەکەم
### دەربارەی داعش و ئێزیدی

قسەکردن لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ڕێکخراوێکی توندوتیژو دڕندانەی لەشێوەی داعش کە لەمێژوودا وێنەی کەمە، بە چەند پەرەیەك تەواو نابێت، بەڵام ئێمە لێرەدا بەگرنگی دەزانین کە وێنەیەکی پوختی داعش بخەینەڕوو، لەڕێگەی باسکردنی پوختەیەکی کورت لەسەر چۆنیەتی دروست بوون و شێوازی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتە دڕندانەکانیان، بەهەمان شێوەش بۆ ئێزیدیەکان گرنگە پوختەیەك لەسەر بوونیان وە لایەنە جیاوازەکانی ژیان و کلتوری ئەم پێکهاتە ناوازەیەی کۆمەڵگا بخەینەڕوو، بەڵام هەموو ئەمانە بەو ئەندازەیەی کە پێویستە بۆ تێگەیشتن لەبابەتی توێژینەوەکەمان. بۆ ئەم مەبەستە ئەم باسە دابەش دەکەین بەسەر دوو لق، لە لقی یەکەم دەربارەی داعش و لقی دووەم دەربارەی ئێزیدیەکان توێژینەوە دەکەین.

#### لقی یەکەم
#### دەربارەی داعش

داعش کە لە ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە،کورت کراوەی ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامە، کە لەزمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت( الدولة الاسلامية في العراق والشام ) کە لە هەر ووشەیەك پیتێکی وەرگیراوەو ووشەی (داعش)ی لێدروست کراوە ، وە لەزمانی ئینگلیزیدا کورتکراوەکەی بریتیە لە ( ISIS ). ڕەگ و ڕیشەی داعش لە چەند ڕێکخراوێکی توندڕەوەوە سەرچاوەی گرتووەو لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣ و هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق، گروپە توندڕەوەکان سودیان لەو بۆشاییە ئەمنیە و ڕووبەڕووبونەوەی ئەمریکا وەك داگیرکەر بینی، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ ڕێکخراوی یەکتاپەرستی و کۆشش (التوحيد والجهاد) بەسەرۆکایەتی ئەبو مسعەب ئەلزەرقاوی لە عێراق دامەزرا، ئەمەش دوای ئەوەی بەڵێنی بەیعەتی بە سەرکردەی پێشووی قاعیدە ئوسامە بن لادن دابوو بۆ ئەوەی ببێتە سەرپەرشتیاری قاعیدە لە میزۆپۆتامیا، بەڵام ئەم ڕێکخراوە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ( ٢٠٠٤) ناوی خۆی بۆ "تنظيم قاعد الجهاد في بلاد الرافدين" گۆڕی کە بە باڵی عیراقی ئەلقاعیدە ناسرا. دواتر ئەم ڕێکخراوە لە (١٥/١٠/٢٠٠٦ ) خۆی بە ناوی (الدولة الاسلامية في العراق) دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی ناساند، کە لە کۆمەڵێك ڕێکخراو پێکهاتبوو، لە دیارترینیان(ڕێکخراوی قاعیدە لە وڵاتی ڕافیدەین)، هەروەها (ئەنجومەنی شوورای موجاهیدین لە عێراق) و (جوند ئەلسەحابە)، ئەم ڕێکخراوە شاری بەعقوبەی بۆ خۆی کردبووە پایتەختی دەوڵەتی عێراق. بەڵام ئەبو موسعەب زەرقاوی لە ( ٧ی تەمموزی ٢٠٠٦) لە دووری هەشت کیلۆمەتر لە باکووری شاری بەعقوبە بە دەستی سوپای ئەمریکا کوژرا، سەرۆکایەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق لەلایەن ئەبو عومەر بەغدادی و ئەبو حەمزە موهاجر (ئەبو ئەیوب میسری)ەوە بەڕێوە دەبرا. ئەبو عومەر و ئەبو حەمزە لە ساڵی ٢٠١٠ و لە هێرشێکی هاوبەشی سوپای عیراق و هێزەکانی ئەمریکا لە

بەغداد کوژران، نزیکەی دە ڕۆژ دوای کوژرانی ئەوان ئەنجومەنی شورای دەولەت کۆبوەو (ئەبوبەکر بەغدادی ) بە ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق هەڵبژارد.

دوای خۆپیشاندان و شۆرشی هاوڵاتیان دژی دەسەڵاتی ئەسەد لە ساڵی( ٢٠١١ )ەدا، ئەو وڵاتە بووە گۆرەپانی گروپ و ڕێکخراوە توندرەوەکان دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراقیش بە وردی بەدواداچوونی بۆ ڕووداوەکانی ناوخۆی سوریا دەکرد. لە دیارترین گروپە توندرەوەکانی سوریا لەگۆڕەپانەکەدا ( بەرەی نوسرە) بوو بە سەرکردایەتی ئەبو موحەمەد جەولانی. ناوبانگ و گەشەی خێرای بەرەی نوسرە سەرکردایەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق نیگەران کرد، هەر بۆیە پێشنیازی یەکگرتن کرا بەڵام ئەمیری بەرەی نوسرە رەتی کردەوە، دواتر بەشێکی بەرچاو لە بەرەی نوسرە لایەنگری لە داواکەی ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق دەکەن. لە نیسانی ٢٠١٣دا داعش بە شێوەیەکی فەرمی دادەمەزرێت، ئەوەبوو هەر لەمساڵەدا ئەبوبکر بەغدادی لە ڕاگەیەندراوێکدا ناوی دەوڵەتەکەی لە دەوڵەتی ئیسلامی عێراقەوە گۆری بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشام ( داعش) و لە (٢٠١٤/٦/٢٩ ) خۆی وەکو خەلیفەی موسلمانان ڕاگەیاند.

سەرەتای کانونی یەکەمی یەکەمی ساڵی ( ٢٠١٤) توندتربوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان سوننەکانی عیراق و حکومەتی مالکی، دەرفەتێکی باشی بۆ داعش رەخساند، دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام کۆنترۆڵی فەلوجە و بەشێك لە رومادی و دواتریش شاری موسلی گرت و هێزەکانی سوپای عیراقی ناچار بە پاشەکشە کرد(محمود، ٢٠١٩، ل٨-١٠). دواتریش سنوری کارە خۆکوژی و تەقینەوەکانی فراوانترکردو لە دیارترین کارە تیرۆریستیەکانیشی ( تەقینەوەکانی بەردەم ئاسایشی هەولێر، کوشتنی ئەبو خالیدی سوری نوێنەری قاعیدە لە سوریا، تەقینەوەی باڵیۆزی ئێران لە بەیروت، تەقینەوەی بەردەم وەزارەتی دادی عێراق، شکاندنی زیندانی ئەبوغرێب، کوشتن و گولەبارانکردنی سەدان هاوڵاتی مەدەنی)( الهاشمي ، ٢٠١٥، ل ١٢٥-١٣٥).

جێگای ئاماژەدانە کە درووست بوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بۆ بەدیهێنانی چەندین ئامانج بوو وەك ئەوەی خۆیان ئاماژەیان پێکردووە، لەوانە: بونیادنانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و درووستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر هەر پارچە زەویەك کە دەستی بەسەردا دەگرن، وە بەجێگەیاندنی جیهاد لە جیهاندا، پێشیان وایە تەنها بە جیهادکردن بەسەر کافراندا سەردەکەون و بەبۆچوونی ئەوان پێشینە بۆ جیهادکردن لەگەڵ نزیکترین دوژمنە نەك لەگەڵ دوژمنە دورەکاندا، وە لەدیدی ئەوان دەسەڵاتدارە موسڵمانەکان دوژمنی نزیکن و سوڤیەت و ئەمریکا لە دوژمنە دورەکانن و لەم پێناوەشدا دەسەلاتدارە موسڵمانەکان لەگەل هەموو ئەوانەی کە دژایەتی داعش دەکەن خوێنیان حەڵالە(الهاشمي ، ٢٠١٥، ل ١٢٥-١٣٥).

دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە ئایدۆلۆژیایەکی ئاڵۆز تایبەتمەندە کە عەقیدەی سەلەفی و وەهابی لەگەڵ ئەو بیرۆکە شۆڕشگێرانەی کە بزووتنەوە ئیسلامییە سیاسییەکان و بەتایبەتی ئیخوان موسلیمین پەسەندیان کردووە، تێکەڵ دەکات. لە کارلێکی فکری و مێژوویی درێژخایەن لە نێوان ڕەوتە سەلەفی-جیهادیەکاندا سەریهەڵدا کە چەمکەکانی حوکمڕانی و دڵسۆزی و ڕەتکردنەوەیان لە باوەش گرتبوو و مەیلە شۆڕشگێڕییەکان کە پاساو بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دەهێننەوە بۆ دامەزراندنی ئەوەی کە بانگەشەی "خەلافەت" دەکەن. ڕێکخراوەکە خۆی وەک نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلام پێشکەش دەکرد بە سود وەرگرتن لە لێکدانەوەکانی ئیبن تەیمیە و محەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب، هەروەها چەمکەکانی سەید قوتب سەبارەت بە نەزانی پێش ئیسلام (جاهلییە) و حوکمڕانی. بەڵام چوارچێوەی فیقهی تەقلیدی تێپەڕاند بە وەرگرتنی لێکدانەوەیەکی ڕەق بۆ دەقە ئایینییەکان کە شەرعیەت بە کوشتن و لەناوبردن دەدات. یەکێک لە دەرکەوتە هەرە دیارەکانی لادان و لادانێکی فیکری، شێواندنی بە ئەنقەست لە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆ پاساودانی تاوانەکانی. پشتی بە ئایەتەکانی باس لە شەڕکردن

بەستووە، وەک ئەو ئایەتەی: {فَإِذَا انْسَلَخَ الأَشْهُرُ الحُرُمُ فَاقْتُلُوا المُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ...} (التوبة: 5)، و بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو لێکدانەوەیان بۆ دەکردن، لە چوارچێوەی مێژوویی و بەرگریی خۆیان دەریانهێنا تا بیانکاتە بیانووی خوێنڕشتن و پێشێلکردنی ژیانی بێتاوانەکان. دکتۆر ئیبراهیم نەجم، ڕاوێژکاری موفتی گەورەی میسر، دووپاتی کردەوە کە داعش و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی تر بەهەڵە لە ئایەتەکانی تایبەت بە جیهاد تێگەشتوون، شەرکردنیان کردە ئامانجێک لە خۆیدا نەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ڕێنمایی، هەرچەندە قورئانی پیرۆز تەنها ڕێگە بە شەڕکردن دەدات بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی و پاراستنی ماڵەکان، وەک لە ئایەتەکەدا هاتووە: : {أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا...} (الحج: 39-40). ڕوونیشیکردەوە، ڕێکخراوەکە هەڵەی گەورەی میتۆدۆلۆژی ئەنجامداوە، دیارترینیان تەسککردنەوەی چەمکی جیهاد بووە بۆ شەڕکردن و کوشتن، پشتگوێخستنی فیقهی ئامانج و بەرژەوەندی و دەرئەنجامەکان و تێنەگەیشتن لە واقیعەکانی سەر زەمینە. جگە لەوەش، حوکمەکانی وەک "قەڵغان" و "هێرشی شەوانە"ی بە هەڵە بەکارهێناوە بۆ ئەو بارودۆخانە کە کاریگەرییان لەسەر نەبووە، ئەمەش بووە هۆی ڕشتنی ناڕەوای خوێنی موسڵمان و ناموسڵمان. هەروەها ئەو ڕێکخراوە چەمکی "جیهادی تاکەکەسی"ی لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت پەسەند کرد، بەمەش ئەو بنەما یاساییانە سەرپێچی کرد کە بڕیاری شەڕ و ئاشتی دەخەنە دەستی حاکم و دامەزراوە ئایینییە پەیوەندیدارەکان. بەم شێوەیە داعش چەمکی جیهاد لە بەرگریکردن لە ئایین و نیشتمانەوە گۆڕی بۆ ئامرازێکی دەستدرێژی و تیرۆر و قێزەونترین شێوەکانی کوشتن و کۆیلەکردن و ئاوارەیی ئەنجامدا و وێنەی ئیسلام شێواند کە وەک ڕەحمەتێک بۆ هەموو مرۆڤایەتی هات. ئایدۆلۆژیای ڕێکخراوەکە نوێنەرایەتی لوتکەی گەشەسەندنی بزووتنەوە تەکفیرییەکانی مۆدێرن دەکات، چونکە پاکی ئەو عەقیدەیەی کە گومان دەکرێت لەگەڵ توندوتیژی شۆڕشگێرانەی سیستماتیکی تێکەڵ کردووە. مەترسییەکەی نەک هەر لە هەڵسوکەوتی چەکداریدا نییە، بەڵکو لە پێکهاتە فیکرییە داخراوەکەیدایە کە بەناوی ئایینەوە ڕەوایەتی بە تیرۆر دەدات. ئەمەش داوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی قووڵی فیکری و فیقهی دەکات بۆ دەرخستنی درۆی لێکدانەوەکانی و گەڕاندنەوەی جیهاد بۆ مەبەستە ڕەواکانی کە لەسەر بنەمای ڕەحمەتی و دادپەروەری و پاراستنی ژیانی مرۆڤە.

لەڕاستیدا سەرەتای سەرهەڵدانی داعش لە ناوچەکەدا شۆکێک بوو بۆ جیهان بەگشتی و دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەتایبەت کە چاوەڕێ نەبون هێزێکی ئیسلامی چەکدار بە پاشخانێکی سەلەفی جیهادیی و لەپڕوخێرا بەو شێوەیە دەربکەون و ئەوپانتاییە بەرفراوانە لە هەردو وڵاتی عێراق و سوریا داگیر بکەن. بەقەدەر ئەوەی کەداعش شۆکێک بوو بۆ وڵاتان ئەوەندەش بۆ هێزە ئیسلامییە چەکدارە جیهادییەکان چونکە یەکێک لەو خالانەی کەداعش کاری لەسەردەکرد دروستکردنی جیاوازی بو لەنێوان خۆیی و ئەو هێزانەی کە هاوشێوەی ئەوبوون.هەر ئەمەش بوو هۆکاری ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی جیهادی سەلەفی لەتەواوی وڵاتانی دونیا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە عێراق و سوریا.

بەڵام ئەم گەشەسەندن و پاوانخوازی و داگیرکاری و تاوانکاریەی داعش بەردەوام نەبوو، ئەوەبوو دوای زیاد بوونی مەترسیەکانی داعش و دەست بەسەراگرتنی ناوچەیەکی فراوان لە عیراق و سوریاو لەنێوانیشیاندا شاری موصل ڕەقەو ڕاگەیاندنی دەولەتی خەلافەت، سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی عیراق (نوری المالکی) لە ٢٠١٤/٦/١٣ بڕیارێکی دەرکرد بۆ پێکهێنانی هێزێکی چەکداری بەناوی (الحشد الشعبي) لەسەر فەتوای مەرجەعی گەورەی شیعەکان لە نەجەف (علی السیستاني) ، وە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ئەیلولی ٢٠١٤ سەرۆکی ئەمریکا (باراك ئۆباما) هاوپەیمانیەتیەکی نێودەولەتی پێکهێنا بۆ لەناوبردنی داعش و هێرشی پێچەوانە دەستی پێکرد و داعش بەرەو رووی شکستێکی گەورە بوەوە، وورده وورده ناوچەکانی ژێر دەستی ئازاد دەکرا، ئەوەبوو لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ کۆبانی ڕزگارکرا، لە مانگی تەموزی ٢٠١٧ شاری موصل و

لەتشرینی یەکەمی ٢٠١٧ شاری ڕەقە لەسوریا ئازاد کرا، وە لەڕۆژە ٢٠١٧/٧/١٠ سەرۆك وەزیرانی عیراقی ئازاد کردنی تەواوی خاکی عیراق لەدەست داعش و لەناوبردنی داعش و سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر داعشدا ڕاگەیاند .

هەر چۆنێك بێت سەرەڕای لەدەستدانی پێگەی خاکی خۆی، داعش وەک هێزێکی یاخیبوو بەردەوامە لە چالاکییەکانی، هێرشەکانی لە عێراق و سووریا ئەنجام دەدات. هەروەها ئیلهامبەخش و ڕێکخستنی هێرشە تیرۆریستییەکانی جیهان بووە، لە ڕێگەی خانە خەوتووەکان و لقەکانی لە ناوچەکانی دیکەدا ئامادەیی خۆی پاراستووە. داعش لەئێستاشدا هەر بوونی هەیەو وەکو ڕێکخراوێکی ئاینی توندڕەو مەترسی هەیەو بەشێوازی پارتیزانی لە ناوچە جیاوازەکانی عیراقدا چالاکی سەربازی دەکات بۆ سەر هێزەکانی عیراق و پێشمەرگەو خەڵکی سڤیل، بگرە لێرەو لەوێ هەواڵی ئەوە بڵاودەبێتەوە کە داعش دزەی کردوەو دەیەوێت هێرش بکاتە سەر ئەم شارو ئەو شارو دوور نیە لە ئەگەری گۆڕانی هاوکێشەکان جارێکی تر بەهێزەوە بگەڕێتەوە گۆڕەپانەکە.

## لقی دووەم
## دەربارەی ئێزیدیەکان

ئێزیدیەت بە مانای کۆمەڵێک خەڵک دەگەیەنێت کە ڕەچەڵەکێکی ئاینییان هەیە و زۆربەیان لەسەر خاکی عێراق و سوریان. لە عێراق لە نزیک موسڵ و ناوچەی شاخی شەنگال دەژین بەشە کەمەکەیان لە سوریان و هەروەها لە تورکیا و جۆرجیا و ئەرمینیاو هەندێکیان کۆچیانکردووە بۆ وولاتانی ئەوروپا بەتایبەت ئەڵمانیا (خلیل، ٢٠٠٨ ،ل١٥). ئێزدییەکان گرووپێکی بە ڕەچەڵەک ئاینین کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان لە فەرهەنگ و مێژووی کورددا هەیە، ناسنامەیان بە شێوەیەکی ئاڵۆز بەستراوەتەوە بە بیروباوەڕ و پراکتیزە ئاینییە ناوازەکانیانەوە، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە چوارچێوەی ناوچەکانی دەوروبەری کە زۆرینەیان موسڵمانن، جیاوازن. ئایینی ئێزیدی باوەڕێکە کە توخمەکانی چەندین ئایینی کۆن لەخۆدەگرێت، لەوانەش نەریتی میزۆپۆتامیا، زەردەشتی، جوولەکە، مەسیحی و ئیسلامی. ئەم تێکەڵاوبوونە لە کاریگەرییەکان کۆمەڵێک بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمی جیاواز هێناوەتە ئاراوە کە بوەتە ناسنامەی ئێزدی (عبود، ٢٠٠٥، ل ١٢).

لە ڕووی جوگرافیاوە ئێزدییەکان لە مێژوودا لە ناوچە شاخاوییەکانی باکوری عێراق و بەتایبەت چیاکانی شنگال و دەشتەکانی نەینەوا نیشتەجێ بوون. ئەم ناوچانە بە دڵی دانیشتوانی ئێزدی دادەنرێت، قەڵایەکی سروشتی لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکان و پیرۆزگایەکی ڕۆحی دابین دەکەن، بە تایبەتی شنگال کە تەنها ماڵێکی فیزیکی نییە بەڵکو ناوەندێکی کولتووری و ئایینییە بۆ گەلی ئێزدی. جگە لە عێراق، ئێزدیەکان لە سوریا، تورکیا، ئەرمینیا و جۆرجیا بوونیان هەبووە، بەدرێژایی سەدەکان ئێزیدیەکان لەم کۆمەڵگایانەدا سەرەڕای ئەوەی لەلایەن دانیشتوانی زۆرینە موسڵمان و مەسیحییەوە دەورە دراون، پراکتیزە کولتووری و ئایینییەکانی خۆیان پاراستووە. بەهۆی ململانێ و گۆشەگیرییەکانی ئەم دواییە، بەتایبەت هەڵمەتی جینۆسایدی داعش لە ساڵی ٢٠١٤، ڕەوەندی ئێزدی گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کە وایکرد زۆرێک لە ئێزدییەکان پەنا بۆ ئەوروپا و ئەمریکای باکوور و ئوسترالیا ببەن(داود، ٢٠١٩، ل١٥٢-١٥٣).

وە لە ڕووی بیرکردنەوە کۆمەڵگای ئێزدی بە شێوەیەکی نەریتی لە سیستەمی کاستی پلەبەندیدا ڕێکخراوە. سێ کاستی سەرەکی هەیە: میر، یان کاستی شازادە؛ شێخەکان کە پێشەوا ئایینییەکانن؛ و موریدەکان، یان خەڵکی ئاسایی. هەر کاستێک ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی جیاوازی خۆی هەیە لەناو کۆمەڵگادا. میر، یان شازادە، سەرکردەی کاتی ئێزدییەکانە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەردوو بابەتی دونیایی و ئایینی هەیە. هاوسەرگیری لەناو کۆمەڵگای ئێزیدیدا پرۆسەسەکی تایبەتمەندو یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی ناسنامەی جیاواز و ئایینیان. هاوسەرگیری لە دەرەوەی کۆمەڵگەی ئێزدییەکان بە شێوەیەکی نەریتی قەدەغەیەو دەکرێت ببێتە هۆی دەرکردن لە کۆمەڵگا، تەنانەت لە نێوان خودی ئێزیدییەکان یاساو ڕێسای خۆی هەیە، واتە جگە

لەوەی هاوسەرگیری داخراوە لە نێو خۆیاندا هیچ کورێک یان کچێکی ئێزیدی بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دەرەوەی ئێزیدی ئەنجامبدات، لە ناو خۆشیاندا بە پێی ئەو پێکهاتە هەرەمییەی کە لەسەروە بۆ خوارەوە رێکخراوە کوڕ و کچ لە یەک چین هاوسەرگیری دەکەن.(خلیل،٢٠١٨،ل ٥٦ )

ئێزیدییەکان بە درێژایی مێژوو زوڵم و ستەمیان لێکراوە، دووچاری هێرش و پەلاماردان و داگیرکردن و لەناوبردن و تاوانی دژەمرۆڤایەتی بونەتەوە. نامانەوێت زۆر ڕووبچینە ناو لایەنە مێژووییەکە، بەڵام سەیرکردنێکی خێرای سەرچاوە مێژووییەکان پێمان دەڵێ کە لەسەر دەستی سەلجوقییەکان و عەباسیەکان و مەغۆلەکان و دواتریش عوسمانی و سەفەویەکان تادەگاتە دروست بوونی دەوڵەتی عیراقی و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق تاوانی زۆریان بەرامبەر کراوە لە کوشتن و دەستدرێژیکردنە سەر ژنانی ئێزیدی و وێرانکردنی گوند و شوێنی نیشتەجێبوونیان بەمەبەستی سڕینەوەی ناسنامە نەتەوەیی و ئایینیان (کاظم،٢٠١٨،ل١٣٠). بۆیە دەتوانین بڵێین بە درێژایی مێژووی سەدەها ساڵ ئێزیدیەکان دەیان جار تاوانی جینۆساید و تاوانی دژبەمرۆڤایەتی وتاوانی جەنگیان بەرامبەر ئەنجامدراوە، کۆتا جاریان ئەم هێرشە نامرۆڤانەیە بوو کە لەسەر دەستی داعش بە دڕندانەترین شێوەو دوور لە هەر پرەنسیپ و مۆڕاڵێکی مرۆیی ئەنجامدراوە، کە بە پێشلکارییەکی تەواو و روونی یاسا نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی دادەنرێت.

گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە لەعێراقدا چەندین رەچەڵەک و نەتەوە و ئاینی جیاواز هەن کە هەزاران ساڵ لەسەر خاکی نێوان دوو ئاوەکە( میزۆپۆتامیا) ژیاون، یەک لەوانە کە تائێستا لەسەر زێدی باوو باپیرانیانن ئێزیدییەکانن، کە بە زمانی کوردی قسە دەکەن و ئاینێکی تایبەت بە خۆیان هەیە ئەگەر چی لە هەندێ سروت و پەیروکردنی ئاینەکەیاندا لە رووکەشدا هاوبەشییان هەیە لەگەڵ ئاینەکانی تری ناوچەکە، وە بەپێی ئەو مێژووەی نوسراوەتەوە سەلمێنراوە کە لە نەتەوەی کوردن بەڵآم نەچوونەتە سەر ئاینی ئیسلام. شەرەفخانی بەدلیسی لە شەرەفنامە دەڵێت" هەموو کورد لەسەر ئاینزای شافیعین تەنها ئەوانەی لە ناوچەی موسڵ و داسنی نیشتەجێن دەگەڕێنەوە سەر گروپی ئێزیدی "یەزدانن" (عثمان،٢٠٠٣،ل٤٢) .

لەسەر ئێزیدییەکان رایەکی یەکگرتوو نیە ئەگەر چی چەندین لێکۆڵینەوە کراوە لەلایەن نوسەران و لێکۆڵەرە رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەکانەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئاینی ئێزیدی ئاینێکی (تبشیری) نیە و پەیوەندییان بە جیهانی دەرەوە نەبووە و سروتە ئاینییەکانیان لە بەرچاوی خەڵکانی نەناس و بێگانەوە پەیرەو نەکردوە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی هەڵبەستنی قسەو باسێک کە ناواقعی بێت دووربێت لە ژیانی ئێزیدییەکان. بەڵام لەم دواییانەدا ئاینی ئێزیدی بە شاراوەیی نەمایەوە بە تایبەت دوای ئەوەی ئێزیدییەکان زۆریان چوونە بەر خوێندن و چەند نوسەر و لێکۆڵەرەوەیان تیا هەڵکەوت، هەندی نهێنیان درکاند لە بڵآوکراوە کوردی و عەرەبییەکاندا (خلیل، ٢٠٠٨،ل٦٥) .

جگە لەمانە لەرووی یاسایشەوە لە بڕگەی دووەم لەمادەی (٢) لە دەستوری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە کە " ئەم دەستورە دەستەبەری پاراستنی ناسنامەی ئایینی زۆرینەی گەلی عیراق دەکات، هەروەها دەستەبەری تەواوی مافە ئاینیەکانی هەموو تاکەکان دەکات لە ئازادی بیروباوەرو کاروبارە ئاینیەکان وەکو مەسیحیەکان و یەزیدیەکان و سابیئەی مەندائی ". هەروەها لە مادەی(١) لەیاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٥ ( یاسای پاراستنی مافي پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق) دا هاتووە کە " مەبەست لەم دەستەواژەو زاراوانەی خوارەوە ئەم مانایانەیە کە لەبەرامبەریان دیاری کراوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:یەکەم: حکومەت:...، دووەم: پێکهاتەکان: گروپە نەتەوەییەکان( تورکمان، کلدانی سریانی ئاشوری و ئەرمەن) وە گروپە ئاینی و تائیفیەکان ( مەسیحی و ئێزیدی و سابیئەی مەندائی و کاکەیی و شەبەك و فەیلی و زەردەشتیەکان و ئەوانی تر) لە هاوڵاتیانی کوردستانی عێراق".

کەواتە بەگوێرەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان یەزیدیەکان وەکو پێکهاتیەکی ئاینی دانیان پێنراوە، ئەم دەقانە و کۆمەڵی دەقی تر بەیەکەوە تەواوی مافە ئاینیەکان و ئازادیی پراکتیزەکردنی ڕێورەسمەکانیان بۆ پەیڕەوانی ئایینی ئێزیدی لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات، ئەمە جگە لەوەی هاولاتییەکی یەکسانن لەگەڵ هەر توێژێکی دیکەی عێراقی و لە ماف و ئەرکدا جیاوازییان نییە، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزو نەتەوەو ڕەچەڵەك و ڕەنگ و ئاین و مەزهەب و بیروباوەڕو باری ئابوری و کۆمەڵایەتی.

کەواتە ڕوونە کە ئێزیدیەکان وەکو هاوڵاتی بەشێکن لە گەلی عیراقی و خاوەن ڕەگەزنامەی عیراقین، وە لەڕووی نەتەوەییەوە بەشێکی ڕەسەنن لەنەتەوەی کورد، بەڵام لەناو نەتەوەی کوردا گروپێکن کە ئاینێکی جیاوازیان هەیە لە ئاینی زۆرینەی نەتەوەی کورد ئەویش ئاینی ئێزیدییە. کەواتە دەتوانین بڵێیین ئیزیدیەکان کەمینیەکی ئاینین.

پوختەی قسە بەپشت بەستن بە هەموو ئەوانەی باسکران دەرئەنجام ئێزیدییەکان گرووپێکی یان کەمینەیەکی ئایینین و بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەی شەنگال لە باکووری عێراق دەژین، ئێزیدییەکان خۆیان بە پێکهاتەیەکی ئایینی جیاواز دەزانن و ئایینەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن و کاریگەرییەکانی ئایینی زەردەشتی و ئیسلام و مەسیحی و ئایینی میترای تێدایە. لە ڕووی نەتەوەییەوە ئێزیدییەکان سەر بە نەتەوەی کوردن. ئەوان بە زمانی کوردی و بە تایبەتی بە شێوەزاری کرمانجی قسە دەکەن و لە ڕووی بنەچە و ڕەگەوە خۆیان بە بەشێک لە گەلی کورد دەزانن. بەڵام ئایینەکەیان جیایان دەکاتەوە لە زۆرینەی نەتەوەی کورد کە پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، جا سوننە بێت یان شیعە، وە لەڕووی یاسایشەوە لە دەستوری عیراقی و یاساکانی هەرێمی کوردستان یەزیدیەکان وەکو کەمینەیەکی ئاینی ناسراون و دانیان پێدانراوە . بۆیە وەکو کەمینەیەکی ئاینی شایانی پاراستن و پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناوخۆیین.

**داواكاری دووەم**

**توندوتیژییە سێکسیەکانی داعش بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی**

داعش وەکو گروپێکی توندڕەوی لەیاسا دەرچوو، وە وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆرستی یەکجار مەترسیدارو دڕندە بەجۆرێك کە کردەوەکانی ببونە مایەی نارەزایی نەك هەر موسڵمانان و ووڵاتانی ئیسلامی و ئەو ناوەندە گرنگانەی کە نوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن لە جیهاندا، بەڵکو تەنانەت لەلایەن گروپە تیرۆریست و توندڕەوەکانی هاوشێوەی خۆیشی بەشێك لەکردەوەکانی بەناشەرعی ڕێگەپێنەدراو وەسف دەکرا. هاوشێوەی ئەم گروپە لەمێژوودا زۆر کەمە لەڕووی دڕندەیی و بێ بەزەیی و کاولکاریدا. داعش لەم ماوە کەمەی کە تیایدا دەرکەوت و دەسەڵاتەکانی فراوان بوو دەیان و سەدان تاوانی قێزەوەن و نامرۆڤانەی ئەنجامداوە کە ویژدانی مرۆڤایەتی زۆر ئازارداوەو کاولکاری و ئێش و ئازاری زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

تاوانەکانی داعش دەرهەق بە گەلانی عێراق بەسەرجەم نەتەوەو ئاین و مەزهەبەکان بەبێ جیاوازی بەرامبەر کوردو عەرەب و تورکمان سونەو شیعەو موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی ئەنجامدراوە. داعش لەکاتی هێرش کردن و دەست بەسەرداگرتن و فەرمانڕەوایی کردن لەناوچەکاندا دەستی لەهیچ نەپاراستوە لەپێناوی سەرکەوتن و بەردەوامبون دەیان و سەدان تاوانی دڕندانەی ئەنجامداوە بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان خەڵکی چەکدارو مەدەنی، بەشێوەیەکی گشتی ئەو تاوانانەی داعش ئەنجامیداون بریتین لە: کوشتن و لەناوبردنی هەزاران کەس لە خەڵکی سەربازی و مەدەنی لە ژن و پیاوو کچ و کوڕو منداڵ و پیر، کوشتن و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵی هەزارانی تر بۆ نمونە تەنها لە بنکەی سپایکەری سەربازی (١٧٠٠) خوێندکاری ئەم سەربازگەیەی بەکۆمەڵ کوشتوە، هەروەها کوشتنی ئەو کەسانەی کە لەکاتی شەڕدا بەدیل دەگیران یان خەڵکی تری مەدەنی و سەرمایەدارو خەلکی تری ڕۆژنامەنوس و بیانی کە دەستگیر دەکران بەبەکارهێنانی دڕندانەترین شێوازی کوشتنی

وەکوسەربڕین و تەقاندنەوەو سوتاندن و ڕەجم کردن و چەندین شێوازی تری نامرۆڤانە و بڵاوکردنەوەی وێنەو ڤیدیۆی کوشتنەکان، فڕاندنی و دەربەدەرکردن و ئاوارەکانی هەزارانی تر لەدانیشتوانی عیراق، ئەنجامدانی تەقینەوە لەڕێگای ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراوو بۆمبی چێندراوو کەسی خۆکوژ لەناو بازارو مزگەوت شوێنی تر، هەروەها تێکدان و کاولکردن لەناو بردنی دەیان گوندو کوشتن و ددەربەدەرکردنی خەڵکەکەی و تەقاندنەوەو لەناو بردنی دەیان شوێنی مێژوویی و ئاینی و کلتوری، دەست بەسەرداگرتنی نەوت و دزینی دەیان پارچە شوێنەوارو بازرگانی کر دنی نایاسایی بەنەوت و شەێنەوارو دەیان تاوانی تر.

دیارە ئێزیدیەکان پشکی شێریان بەرکەوتووە لەم تاوانانەی کە داعش بەرامبەر خەڵکی عیراق ئەنجامیداوە، لە ڕاپۆرتی هاوبەشی نێوان نوسینگەی ڕاسپێردراوی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مافی مرۆڤ و نوسینگەی مافی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاری عێراق ( یونامی) کە لەمانگی ئابی ساڵی ٢٠١٦ پێشکەشیان کردوە( نداء من أجل المساءلة والحماية: الايزيديون الناجون من الاعمال الوحشية التي ارتكبها داعش، تقرير مشترك لمكتب مفوض الامم المتحدة السامية لحقوق الانسان ومكتب حقو الانسان في بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق، آب 2016 ). (1 ) ، ئاماژە بەوە دراوە کە دوای ئەوەی داعش موصل دووەم گەورە شاری عیراقی داگیر کرد و ئاراستەی خۆی گۆڕی بۆ شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری کە شوێنی نیشەجێ بوونی ئێزیدیەکانەو لە ٢٠١٤/٨/٣ هێرشێکی دڕندانەی دەست پێکرد بۆ سەر ئەم شارەو چەندین تاوانی جۆراو جۆرو دڕندانەی ئەنجامداوە، لەوانە کوشتن و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ و ئەشکەنجەدان شونبزرکردن و لاقەکردن و بەکۆیلەکردنی سێکسی و سوتاندنی مولك و ماڵ و گوندو تێکدان و خاپور کردنی شوێنە ئاینی و مێژوویەکان. لەڕاپۆرتەکەدا هاتوە کە داعش هەڵساوە بە کوشتنی (٢٠٠٠ – ٥٥٠٠) کەس و فڕاندنی (٦٣٨٦) کەسی ترو دەربەدەرکردن و ئاوارەبوونی (٣٦٠٠٠٠) کەسی تر لە یەزیدیەکان. تاوانەکانی داعش زۆر بێزراوو نامرۆڤانەن، بەڵام لە دڕاندانەترین تاوانەکانی داعش بەرامبەر خەڵکی عیراق بەگشتی و ئێزیدیەکان بەتایبەتی بریتیە لەو توندوتیژی و دەستدرێژیە سێکسیانەی کە ئەندامانی داعش کردویانە بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی.

تایبەت بە توندوتیژی سێکسی ئەندامانی داعش بەرامبەر ژنان و کچانی یەزیدی ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە لەو (٦٣٨٦) کەسەی کە داعش فڕاندویەتی (٣٥٣٧) کەسیان لە ڕەگەزی مێینەن، بەجۆرێك داعش لەو شوێنانەی کە هێرشی کردۆتە سەری و دەستی بەسەرداگرتوە هەڵساوە بەجیاکردنەوەی پیاوان لە ژنان و منداڵان، دواتر جیاکردنەوەی کچان لەو ژنانەی کە هاوسەرگیریان کردوە، هەموو ئەمانە بە پلان و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بەمەبەستی کردنیان بە کۆیلەی سێکسی(سبایا). دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی توندوتیژی و دەستدرێژیە سێکسیەکانی داعش لەم چەند خاڵەی خوارەوە کۆبکەینەوە:

یەکەم: بەکۆیلەکردنی سێکسی ژنان و کچانی ئێزیدی: دوای بردنی ژنان و کچانی ئێزیدی کراون بە کۆیلەی سێکس و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە لەلایەن دەوڵەتی داعش و ئەندامانی گروپە تیرۆرستیەکەی داعش بۆ وەرگرتنی چێژی سێکسی و پەیداکردنی پارە بەکارهاتوون، بەجۆرێك هیچ یەکێکیان نیە چەندین جار کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرابێت. بەشێوەیەك دوای ئەوەی پێنج یەکیان دراون بەدەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت ئەوانی تر دابەش کراون بەسەر ئەو چەکدارانەی کە بەشداری شەڕەکەیان کردووەو دواتر زۆرینەی  ژنان و کچانی ئێزیدی کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە لەنێوان ئەندامانی داعش لەبەرامبەر

[1]. بۆ ووردەکاری زیاتر سەیری ئەم ڕاپۆرتانە بکە بە زمانی عەرەبی:
جاءوا ليدمروا، جرائم تنظيم الدولة الاسلامية ضد اليزيديين، ورقة غرفة الاجتماعات صادر عن اللجنة الدولية للتحقيق عام 2016 رقم ( A.HRC.32.CRP.2 )؛ ( العراق - الجرائم الجنسية والجنسلنية المرتكبة ضد المجتمع الايزيدي: دور المقاتلين الاجانب في تنظيم داعش، تقرير مشترك للفدرالية الدزلية لحقوق الانسان ومنظمة الكنيات في اكتوبر 2018 موجود على الموقع الرسمي للمنظمة على الرابط الاتي: https://www.fidh.org/IMG/pdf/sexual_violence_against_yazidis.pdf ).

برێکی کەم لەپارە یاخود بەئۆتۆمبیل یان چەك یان بەشتی تری زۆر بێ بەها ئاڵوگۆڕیان پێکراوە، بەڵکو بازاڕی تایبەتیان هەبوە بە کڕین و فرۆشتنی ژنان و کچانی یەزیدی لەوێدا فرۆشراون یان لەڕێگەی مۆبایل و ئەنتەرنێتەوە ڕێکەوتن کراوە لەسەر کڕین وفرۆشتنیان. جگە لەمە هەر کەسێك لە ئەندامانی داعش بۆی هەبوە لەبەرامبەر برێك پارە کە دەیدات بە (بەیتوالمال) ژنێکی ئێزیدی لە دەوڵەت بکرێت، لەوەش زیاتر هەندێك جار لە پێشبڕکێی لەبەر کردنی قورئان خەڵاتی یەکەم بریتی بووە لە پێدانی ژنێکی ئێزیدی بە کەسی براوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکیان وەکو خەڵات پێشکەش کراون بەرپرسان و پلەدارەکانی داعش.

دووەم: لاقەکردن: بەشێوەیەکی گشتی ژنان و کچانی یەزیدی بەردەوام بەرەو ڕووی توندوتیژی سێکسی بوونەتەوەو لاقەکراون لەلایەن ئەو کەسانەی کە خاوەندارێتی کردوون، لەوەش زیاتر هەندێ جار ژنان و کچان بەیەکەوە لەلایەن کەسێکەوە لاقەکراون یاخود بەبەرچاوی یەکترەوە لاقە کراون، تەنانەت بەبەرچاوی دایك کچی بچوکیان لاقە کردوەو بەبەرچاوی منداڵەکانی دایکیان لاقەکردوە بەچەندین کەس.

سێیەم: سکپڕکردنی بەزۆر: زۆرێك لە ژنان و کچانی ئێزیدی لەئەنجامی ئەو دەستدرێژییە سێکسانەی کراوەتە سەریان بەبێ ویست و ڕەزامەندی خۆیان سکپڕ بووین و منداڵیان بووە لەچەکدارانی داعش، یەکێك لە ئامانجەکانی داعش لە فڕاندن و بەکۆیلە کردنی ژنان و کچانی ئێزیدی ئەوە بووە تاوەکو وەکو ئامرازێك بەکاریان بهێنن بۆ خستنەوەی منداڵ و زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی خەلافەتەکەیان.

چوارەم: هاوسەرگیری بەزۆر: هەندێك لە ژنان و کچانی ئێزیدی بەزۆرو بەبێ ڕەزامەندی خۆیان هاوسەرگیریان پێکراوە لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی داعش و گرێبەستی هاوسەرگیریان بۆ کراوە لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامیەوەو بووە بەهاوسەری و منداڵیشی لێی بووە.

ئەمە جگە لەوەی کە ژنان و کچانی ئێزیدی شێوازی تری توندوتیژی جەستەیی و دەروونی زۆریان بەرامبەر ئەنجامدراوە هەر لە لێدان و ئەشکەنجەدان و برسی کردن و بێبەش کردن لەلایەنی کەمی چاودێری تەندروستی و پێداویستی پزیشکی و بەکار هێنانیان وەکو خزمەتکار لەماڵەوەو زۆر هەڵسوکەوتی تری توندو نامرۆڤانە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی کە لەژێر دەسای داعشدابوون(ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٢٣، ل:٤٦-٤٧).

## باسی سێیەم

## گونجاندنی یاسایی توندوتیژی سێکسی بەرامبەر بە ژنانی ئێزدی لە یاسای نێودەوڵەتیدا

تاوانەکانی کۆمەڵکوژی (الابادة الجماعية: Genocide )، تاوانی دژی مرۆڤایەتی (جرائم ضد الانسانية: crimes against humanity ) و تاوانی جەنگ ( جرائم الحرب: war crimes)، لە گرنگترین ئەو تاوانانەن کە لەڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکاندا دەقیان لەسەر کراوەو دەکرێت قسە لەبارەی گونجاندنیان بکرێت لەگەڵ ئەو توندوتیژیە سێکسییانەی کە ئەندامانی داعش بەرامبەر ژنان و کچانی یەزیدی ئەنجامیانداوە. لەسەر ئەم بنچینەیە ئەم باسە دابەش دەکەین بەسەر سێ داواکاری جیاواز، لە داواکاری یەکەم قسە لەسەر گونجاندنی یاسایی توندوتیژی سێکسی ئەندامانی داعش بەرامبەر ژنانی یەزیدی دەکەین وەك تاوانی کۆمەڵکوژی، لەداواکای دووەم قسە لەسەر گونجاندنی یاسایی توندوتیژی سێکسی ئەندامانی داعش بەرامبەر ژنانی یەزیدی دەکەین وەك تاوانی دژە مرۆڤایەتی، هەرچی داواکاری سێیەمە ئەوا تەرخانی دەکەین بۆ گفتوگۆکردن لەسەر گونجاندنی یاسایی توندوتیژی سێکسی ئەندامانی داعش بەرامبەر ژنانی یەزیدی وەك تاوانی جەنگ.

### داواکاری یەکەم

**گونجاندنی یاسایی توندوتیژی سێکسی بەرامبەر ژنانی ئێزدی وەک تاوانی کۆمەڵکوژی**

ئەم باسە لە دوو لقی سەرەکیدا ڕوون دەکەینەوە یەکەمیان بۆ ماناو پێکهاتەی تاوانی کۆمەڵکوژی، دووەمیشیان تەرخان دەکەین بۆ قسەکردن لەسەر ئەوەی ئایا ئەم توندوتیژیە سێکسیانەی داعش بەرامبەر ژنانی یەزیدی ئەنجامیداوە دەچنە چوارچێوەی تاوانی کۆمەڵکوژی یان نا.

**لقی یەکەم**

**ماناو پێکهاتەی تاوانی کۆمەڵکوژی**

مەبەست لە کۆمەڵکوژی بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە کوشتنی بەکۆمەلی مرۆڤ، یان لەناوبردن و نەهێشتنی بەمەبەستی کۆمەلە مرۆڤێك بەهۆکاری ئایینی یان نەتەوەیی یان ڕەگەزوو ڕەچەڵەك( سلامة، ۲۰۰٦، لا:۲٦ ) . تاوانی کۆمەڵکوژی یان لەناوبردنی بەکۆمەڵ، تاوانێکی تازەو نوێ نیە کە لەسەردەمی نوێدا لەگەل دەرکەوتنی چەمکی (کۆمەڵکوژی) ئەویش دەرکەوتبێت، بەڵکو تاوانێکی کۆنەو لەسەردەمە کۆنەکانەوە ئەم تاوانە بوونی هەبووە لەناو کۆمەڵگا کۆنەکان بەجیاوازی سروشت و ئایین و سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوریان، مێژوو پڕە لەگێرانەوەی کارەساتی کۆمەڵکوژی گەلان و لەناوبردن و قڕکردنی بەکۆمەڵ کە لێرەدا بەپێویستی نازانین باس لە ووردەکاریەکانی بکەین( زیاد ربیع، ۲۰۱۹، لا: ۱۰٦)، وە لەئێستاشدا ئەم تاوانە لەناو کۆمەڵگاکانی سەردەم بەردەوامی هەیە، بگرە بەشێوەیەکی فراوانترو کاریگەرتر لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەولەتی، نمونەی ئەمەش کۆمەڵکوژی ئەلمانیا کاتێك چووە ناو یەکێتی سۆڤیەت لە جەنگی جیهانی یەکەم، کۆمەڵکوژی میلشیاکانی جەنجەوید لە هەرێمی دارفور لە ڕۆژاوای سودان،کۆمەڵکوژی سوپای سربیا بەرامبەر موسڵمانانی بۆسنە لە یوغسلافیای پێشوو، کۆمەڵکوژی ڕژێمی لەناوچووی عیراق بەرامبەر بەنەتەوەی کورد کە لەدیارترینیان پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارن کردنی شاری هەڵەبجەبوو، وە لەتازەترین تاوانی کۆمەڵکوژی لەعیراق تاوانەکانی داعش بوو بەرامبەر پێکهاتە جیاوازەکانی عیراق لەنێویشیاندا لەناوبردنی بەکۆمەلی کوردانی یەزیزدی(زویر، ۲۰۱۸، لا: ۷۱٦-۷۲۲).

جێگای ئاماژە پێدانە چەمکی تاوانی کۆمەڵکوژی تا ڕادەیەك چەمکێکی نوێیە لەیاسای نێودەوڵەتی و لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئەم چەمکە هاتەئاراوە (القهوچي، ۲۰۰۱،لا۱۲۷)، بۆ وەسف کردنی ئەم تاوانانەی کە دژی مافی مانەوەی کۆمەلە مرۆڤێك بەهۆکای جیاکاری نەتەوەیی ئاینی ڕەگەزی ئەنجام دەدرێن، واتا ناوێکی نوێیە بۆ دیاردەیەکی کۆن کە مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەیاسای نێو دەولەتیدا وەکو تاوان بوونی نەبوو وە سزای نەبوو تاوەکو سەدەی بیستەم، کە تیایدا کوشت وبڕێکی زۆر ئەنجامدرا بەهۆیەوە سەدان هەزار لە خەلك بوونە قوربانی و چەندین کەمینەی جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی ڕەگەزی کۆمەلکوژ کران و هەولی لەناوبردنیان درا، بەشێوازێك کە ویژدانی هەموو مرۆڤێکی زووندووی هەژاند لەسەتاسەری جیهان، بەم هۆیەوە هەوڵەکان لەسەر ئاستی فەرمی و نافەرمی دەستی پێکرد بۆ دانانی سنورێك بۆ ئەم کارە نامرۆڤانەیەو سزادانی بکەرانی.

لە پەیڕەوی ڕۆمای بنەڕەتیدا مادەی (٦) تایبەتە بەتاوانی کۆمەڵکوژی و پێناسەکردنی، تیایدا هاتووە بۆ مەبەستی ئەم پەیڕەوە بنەڕەتیە کۆمەڵکوژی بریتیە لە " هەر کردەوەیەك لەم کردەوانەی خوارەوە کە بەمەبەستی لەناوبردنی (اهلاك) کۆمەڵێکی نەتەوەیی یان ئێتنی یان ڕەگەزی یان ئایینی بەو سیفەتانەیان، لەناوبردنێکی تەواو یان بەشەکی:

أ-کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵەکە.

ب-پێگەیاندنی زیانی جەستەیی و ڕۆحی ترسناك بە ئەندامانی کۆمەڵەکە.

ج-کۆمەڵەکە بەمەبەست بخرێتە ناو دۆخێکی تایبەتی ژیان بە ئامانجی لەناوبردنیان بەتەواوی یان بەشەکی.

د- سەپاندنی هەندێ ڕێوشوێن بەئامانجی ڕێگەگرتن لە منداڵ بوون لەناو کۆمەڵەکە.

هـ- گواستنەوەی منداڵ لەناو کۆمەلەکە بەزۆر بۆ ناو کۆمەڵێکی تر."

بۆ ئەوەی تاوانی کۆمەڵکوژی بێتەئاراوە، بەگوێرەی ئەو دەقەی کە ئاماژەمان پێدا، لەڕووی یاساییەوە، پێویستە کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی هەیە بێنەدی ئەوانیش بریتین لە بنەمای مادی، بنەمای واتایی و بنەمای تایبەت، بەم شێوەیەی کە لەخوارەوە باسیان دەکەین:

یەکەم: بنەمای مادی( الركن المادي )

بۆ هاتنە کایەی بنەمای مادی پێویستە کەسی ئەنجامدەری تاوان یەکێك لەم کردەوانە ئەنجام بدات کە لەمادەی شەش لە پەیڕەوی ڕۆمای بنەڕەتیدا هاتووە کەبریتین لە کوشتنی تاکەکانی گروپێك یان زەرەر گەیاندنی جەستەیی و عەقڵی بە تاکەکانی گروپێك یان گروپێك بخرێتە بارودۆخێکی یان ڕێکارێك بگیرێتە بەر ڕێگا لە وەچە خستنەوە بگرێت لەناو گروپێك یان گواستنەوەی منداڵ بەزۆر لە گروپێك بۆناو گروپێکی تر . ئینجا ئەم کردەوانە لەلایەن کەسێك ئەنجام بدرێت یان کۆمەڵە کەسانێك، وەکو بکەری سەرەکی تاوان یان وەکو هاوبەش، لەکاتی ئاشتی بێت یان لەکاتی جەنگ، ببێتە هۆی لەناوبردنی تەواوی کۆمەلەکە یان بەشێکیان جیاوازی نیە (دحيلية، ٢٠٢١، ل: ١٩).

دووەم: بنەمای واتایی ( الركن المعنوي )

بۆ پێکهاتنی تاوانی کۆمەڵکوژی لەپاڵ بنەمای مادی دەبێت بنەمای واتایی هەبێت، بنەمای واتاییش لەکاتێکدا بوونی دەبێت ئەگەر تاوانبار مەبەستی تاوانکاری ( القصد الاجرامي) هەبێت. وە بۆ هاتنەکایەی تاوانی کۆمەڵکوژی تەنها مەبەستی گشتی ( القصد العام) بەس نیە بەڵکو پێویستە مەبەستی تایبەتیش ( القصد الخاص) هەبێت. مەبەستی گشتی لە دوو ڕەگەز پێکدێت، ئەوانیش ڕەگەزی ویست ( الارادة) وە ڕەگەزی زانین ( العلم)ە، بۆ ئەوەی ڕەگەزی ویست هەبێت پێویستە تاوانبار ویستی ئەنجامدانی کردەوە تاوانکاریەکەی هەبێت، واتا بەویستی ئازادی خۆی یەکێك لەم کردەوانە ئەنجام بدات کە دەقی مادەکە ئاماژەی پێداوە، لەهەمان کاتدا پێویستە تاوانبار زانین ( العلم)ی هەبێت بەوەی کە ئەو کردەوەکەی بەرامبەر ئەندامانی گروپێکی نەتەوەیی یان ئاینی یان ڕەگەزی ئەنجام دەدات، هەروەها بزانێت کە ئەم کردەوانەی دەبێتە هۆی کوشتن یان ئازاردانی جەستەیی و عەقڵی تووند (جسيم ) ..هتد.

جگە لەمەبەستی گشتی ووتمان پێویستە مەبەستی تایبەتیش هەبێت، مەبەستی تایبەت لەم تاوانە بریتیە لە مەبەست و نیەتی لەناوبردن و کۆمەڵکوژ کردنی گروپەکە یاخود کۆمەلەکە جا لەناوبردنەکە لەناوبردنێکی گشتی بێت یان بەشەکی ( الابادة الكلية أو الجزئية ). ئەگەر ئەم دوو مەبەستە بەیەکەوە کۆبونەوە ئەوا ئەم بنەمایە تەواو دەبێت، بەپێچەوانەوە بنەمای واتایی ئەم تاوانە نایەتەدی و ناتوانرێت کەسەکە لەسەر ئەم تاوانە لێپرسینەوەی لەگەل بکرێت، ئەگەر چی لەوانەیە کردەوەکەی تاوانێکی تری لێ دروست بێت و لەسەر ئەم تاوانەی تر بتوانرێت لێپرسینەوەی لەگەل بکرێت( القهوجي، ٢٠١٨، ل:١٣٧).

سێیەم: بنەمای تایبەت

بنەمای تایبەت بە تاوانی کۆمەڵکوژی بریتیە لەم بابەتەی کە کردەوەکەی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت (محل الجريمة) کە پێویستە ئەو کەسەی تاوانەکەی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت سەر بە گروپێکی نەتەوەیی، ئاینی، رەگەزی یان ئیتنی دیاری کراو بێت و بەو سیفەتەی کە ئەندامی ئەم کۆمەڵەو گروپەیە تاوانەکەی بەرامبەر ئەنجام بدرێت.

هەر کاتێك ئەم بنەمایانە بەیەکەوە کۆبونەوە ئەو کات ئەم کردەوەیەی کە ئەنجامدراوە پێی دەووترێت تاوانی کۆمەڵکوژی و بەرپرسیاریەتی سزایی دەکەوێتە سەرشانی ئەنجامدەرەکەی. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم توندوتیژی و دەستدرێژییە سێکسیانەی کە ئەندامانی داعش کردویانەتە سەر ژنان و کچانی یەزیدی ئەم بنەمایانەیان تیایدا کۆدەبێتەوەو دەکرێت بە تاوانی کۆمەڵکوژی دابنرێت؟ ئەمە ئەم بابەتەیە کە لەلقی دووەم قسەی لەسەر دەکەین.

## لقی دووەم

## تاچەند ئەم توندوتیژیە سێکسیانەی داعش بەرامبەر ژنانی یەزیدی ئەنجامیانداوە دەچنە چوارچێوەی تاوانی کۆمەڵکوژی

پێشتر ئاماژەمان پێدا بەگوێرەی ئامارو ڕیپۆرتە نێودەولەتیەکان داعش (٦٣٨٦) کەسی لە ئێزیدیەکان فڕاندوە، بەم ژمارەیە (٣٥٣٧) کەسیان لە ڕەگەزی مێینەن، بەجۆرێك داعش لەو شوێنانەی کە هێرشی کردۆتە سەری و دەستی بەسەرداگرتوە هەڵساوە بەجیاکردنەوەی پیاوان لە ژنان و منداڵان، دواتر جیاکردنەوەی کچان لەو ژنانەی کە هاوسەرگیریان کردوە، هەموو ئەمانە بە پلان و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بەمەبەستی کردنیان بە کۆیلەی سێکسی، بەشێکیان براون بۆ سوریاو لەوێدا فرۆشراون. بەشێوەیەکی گستی ژنان و کچانی یەزیدی بەردەوام بەرەو ڕووی توندوتیژی سێکسی بوونەتەوەو لەبەرچاوی یەکتر لاقە کراون، تەنانەت بەبەرچاوی دایك کچی بچوکیان لاقە کردوەو بەبەرچاوی منداڵەکانی دایکیان لاقەکردوە بەچەندین کەس، ئەندامانی داعش ئاڵو گۆڕیان بە ژنان و کچانی یەزیدی کردوە لەنێوان خۆیانداو هەندێ جار بەدیاری دراون بەکەسانی تر، لەوەش زیاتر کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە لەنێوان ئەندامانی داعش، بەڵکو بازاڕی تایبەتیان هەبوە بە کڕین و فرۆشتنی ژنان و کچانی یەزیدی(نداء من أجل المساءلة والحماية: الايزيديون الناجون من الاعمال الوحشية التي ارتكبها داعش، تقرير مشترك لمكتب مفوض الامم المتحدة السامية لحقوق الانسان ومكتب حقوق الانسان في بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق، آب ٢٠١٦).(1)

کەواتە هیچ گومان نیە ئەو توندوتیژیە سێکسیانەی ئەندامانی داعش ئەنجامیانداوە بەرامبەر بە ژنان و کچانی یەزیدي کارێکی زۆر قێزەون و نامرۆڤانەیەو پێویستە لەسەر ئەم کردەوانە لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت و سزا بدرێن، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای گفتوگۆیە ئەوەیە ئایا ئەم کردەوانە لەژێر کام برگەی تایبەت بەتاوانی کۆمەڵکوژی جێگای دەبێتەوە؟

بەگەڕانەوە بۆ دەقی مادەی (٦) لە پەیڕەوی ڕۆمای بنەڕەتیدا دەبنین لە هیچ یەکێك لەبرگەکاندا بەڕوون و ڕاشکاوی باس لە توندوتیژی سێکسی و تاوانە سێکسیەکان نەکراوە وەکو بەشێك لەم کردەوانەی کە تاوانی لەناوبردنی بە کۆمەڵ (الابادة الجماعية ) پێك دەهێنن، بەڵام سەرەڕای ئەمە دەتوانین بڵێین توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش دەتواندرێت بەشێوەیەکی سەرەکی پۆلێن بکرێت لەژێر ناوو ناوەڕۆکی برگەی (ب) لە مادەی ئاماژە پێکراو کەتایبەتە بە "پێگەیاندنی زیانی جەستەیی و ڕۆحی ترسناك بە ئەندامانی کۆمەڵەکە"، چونکە ئەو توندوتیژیە سێکسیانەی داعش ئەنجامی داوە بەرامبەر بە ژنان و کچانی یەزیدی هەر لە لاقەکردن و سکپڕکردنی بەزۆرو لەژێر هەڕەشەی کوشتنی ژنان و کچان یان کوشتنی منداڵ و کەسوکاریان، لاقەکردن لەبەرچاوی یەکتر لەلایەن کەسێك یان زیاترو کڕین وفرۆشتن ژنان و کچان و بێڕێزی پێکردن و بەکەم سەیرکردنیان، هەموو ئەمانە زەرەرو زیانی قوڵ و مەترسیداری جەستەیی و ڕۆحی گەیاندووە بەژنان و کچانی یەزیدی و کاریگەری زۆر خراپی

---

[1] . بۆ ووردەکاری زیاتر سەیری ئەم ڕاپۆرتانە بکە بە زمانی عەرەبی:
جاءوا ليدمروا، جرائم تنظيم الدولة الاسلامية ضد اليزيديين، ورقة غرفة الاجتماعات صادر عن اللجنة الدولية للتحقيق عام 2016 رقم ( A.HRC.32.CRP.2 )؛ ( العراق - الجرائم الجنسية والجنسلنية المرتكبة ضد المجتمع الايزيدي: دور المقاتلين الاجانب في تنظيم داعش، تقرير مشترك للفدرالية الدزلية لحقوق الانسان ومنظمة الكنيات في اكتوبر 2018 موجود على الموقع الرسمي للمنظمة على الرابط الاتي: https://www.fidh.org/IMG/pdf/sexual_violence_against_yazidis.pdf ).

دروست کردوه لەسەر ژیانیان، بەشێوەیەك ئەو قوربانیانانەی کە بەهەر شێوازێك ڕزگاریان بووە تاوەکو ئێستاش بەدەست کاریگەرییە خراپیەکانی ئەم دۆخەوە دەناڵێنن و پێویستیان بە چاودێری و چارەسەری بەردەوام هەیە(خلیل، ٢٠٢٢، لا: ٤).

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم بابەتە پێشووتر لەدادگای تاوانی نێودولەتی تایبەت بە ڕواندا حوکمی لەسەر دراوە، کاتێك دادگا لە ( ٢/٩/ ١٩٩٨ ) یەکەم حوکمی خۆی دەرکرد لەسەر کەیسی ( جان بول ئەکاسیۆ) کە سەرۆکی شارەوانی ( تابا ) بوو لە ڕواندا، ناوبراو تاوانبار کرا بە تاوانی کۆمەڵکوژی لەسەر ئەو کارانەی کە ئەنجامیدابوو یاخود سەرپەرشتی کردبوو ، لەکاتێکدا زانیاری هەبووە بەڵکو لەهەندێ کاتدا ئامادەبووە کە گروپی (ئەنتیراهاموی) هەستاون بە ئەنجامدانی لاقەکردن و جۆرەکانی تری توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانی هۆزی ( توتسی ) بەڵام هیچ ڕێگرییەکی نەکردووە و بەڵکو فەرمانی کردووە و هانی داون بۆ توندوتیژی سێکسی. لەبریاری دادگادا هاتووە کە لاقەکردن و توندوتیژییەسێکسیەکانی تر دەبێتە هۆی زەرەرو زیان گەیاندن بە جەستە و عەقڵی تاکەکانی گروپی توتسی کە لەڕووی ڕەگەزو ڕەچەڵەکەوە جیاوازن، مەبەستیان لەم کارەش لەناوبردنی تەواوی یان بەشەکی ئەم گروپە بووە، هەر بۆیە ئەم توندوتیژیە سێکسیانە دەچێتە چوارچێوەی لەناوبردنی بەکۆمەڵ (غلوریا،لا:٥٣١).

بەهەمان شێوە بریاری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت بە یوغسلافیای پێشوو لەساڵی ٢٠١٣ لە کەیسی ( راتکو میلادیتش) کە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی سوپای کۆماری سربیا بوو لەمەر ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە موسڵمانی بوسنە ئەنجامیدابوو، کە لەکۆتاییدا دادگا بریاریدا بە تاوانبارکردنی ناوبراو بەتاوانی کۆمەڵکوژی لەسەر ئەو دەستدرێژییە سێکسیانەی کە لەسەر فەرمانی ئەوو لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەو کراوەتە سەر موسڵمانانی بۆسنە، کە کۆمەڵە یان گروپێکی ئاینین لە بۆسنە ، لەبریارەکەی دادگادا هاتووە کە ئەم دەستدرێژییە سێکسیانە دەچێتە چوارچێوەی دەستدرێژی تووندو مەترسیدار لەسەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە لەڕووی جەستەیی و دەروونیەوە کە لە برگەی (٢) لەمادەی (٤)ی پەیرەوی بنەرەتی دادگاکەدا هاتووە. بەهەمان شێوە هەر ئەم دادگایە لە ساڵی ٢٠١٦ لە کەیسی (رادوڤان کارادیتش) سەرۆکی کۆماری سربیاو سەرۆکی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئەو وولاتە، تایبەت بە توندوتیژی سێکسی و لاقەکردنی موسڵمانی بۆسنە بریارێکی تری هاوشێوەی دەرکرد، لەبریاری دادگادا هاتووە کە توندوتیژی سێکسی و لاقەکردن بەشێکە لە زیان گەیاندنی جەستەیی و دەروونی بە ئەندامانی ئەو گروپەی کە دەستدرێژییان کراوەتەسەرو بکەرەکەی بەرپرسیار دەبێت لە تاوانی کۆمەڵکوژی( العبادي، ٢٠١٦، ٨٥-٩٧).

کەواتە توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش بەشێوەیەکی گشتی کە بەرامبەر بە ژنان و کچانی یەزیدی ئەنجامدراون دەبێتە هۆی پێگەیاندنی زیانێکی جەستەیی و ڕۆحی قول بە ژنان و کچانی یەزیدی، ئەمەش مانای وایە کە بنەمای مادی تاوانی کۆمەڵکوژی ئامادەیی هەیە لەم تاوانەدا. ئەمە جگە لەوەی کە لەبریاری دادگای تاوانی نێودەولەتی تایبەت بەڕواندا لە کەیسی داواکار دژی (فولجانس کایشیما) تایبەت بە برگەی (سەپاندنی دۆخێکی قورسی ژیان بەسەر ئەندامانی گروپەکە بەمەبەستی لەناوبردنیان بەشێوەیەکی تەواو یان بەشەکی) لاقەکردن (الاغتصاب) ی وەکو بەشێك لەم دۆخە قورسەی ژیان ئەژمار کردووە ( العراق - الجرائم الجنسية والجنسانية المرتكبة ضد المجتمع الايزيدي: دور المقاتلين الاجانب في تنظيم داعش، تقرير مشترك للفدرالية الدولية لحقوق الانسان ومنظمة الكنيات في اكتوبر ٢٠١٨ ، لا:٣٥)، بۆیە دەکرێت لاقەکردن (الاغتصاب) وەك بەشێك لە توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش برگەی (ج) لەمادەی (٦) لە پەیرەوی ڕۆمای بنەڕەتی بەسەردا جێبەجێ ببێت، وەکوبەشێك لەم دۆخە قورسەی ژیان کە داعش بەسەر ژنان و کچانی یەزیدیدا سەپاندبووی، لەنەبوونی نان و ئاوو شوێنی حەوانەوەو چاودێری تەندروستی و لایەنی کەمی پێداویستیەکانی تری ژیان، بەمەبەستی لەناوبردنیان بەشێوەیەکی تەواو یان بەشەکی.

بەهەمان شێوە لەکەیسی (ئەکاسیۆ) دا ، دادگای تاوانی رواندا دەڵێ کە جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان و ڕێگەنەدان بەهاوسەرگیری کردن لەنێوانیاندا هەردووکیان لەو ڕێوشوێنانەن کەڕێگا دەگرێت لەمنداڵ بوون و وەچەخستنەوە لەناو کۆمەڵەکەدا، هەروەها لەهەمان کەیسدا دادگاکە دەڵێ کە لاقەکردن لەوانەیە ببێتە یەکێك لەم ڕێوشوێنانەو ببێتەهۆی ئەوەی کەکەسی لاقەکراو لەداهاتوودا ڕێگەبەوەچەخستنەوە نەدات(العراق - الجرائم الجنسية والجنسانية المرتكبة ضد المجتمع الايزيدي: دور المقاتلين الاجانب في تنظيم داعش، تقرير مشترك للفدرالية الدولية لحقوق الانسان ومنظمة الكنيات في اكتوبر ٢٠١٨ ، ل:٣٦).

بۆیە بە ووردبوونەوە لە تاوانەکانی داعش بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی کە بەکۆمەڵ ڕاپێچی مۆڵگەکانی خۆیانیان کردوون دەستدرێژی سێکسیان بەرامبەر هەزاران کچ و ژن بەپێی بەڵگەنامەکانی خۆیان ئەوە دەردەخات کە داعش مەبەستی لە دەستدرێژی سێکسی لەناوبردنی ڕەچەڵەکی ئێزیدییەکان بووە لەکاتێکدا ئەو ژمارە زۆرە لە کۆمەڵگەی ئێزیدییەکان نەمێنن و دابڕێن و بەپێی نەریتی ئێزیدی هاوسەرگیری نەکەن دەبێتە هۆی ڕێگاگراتن لەوەچەخشتنەوە منداڵ بوون لەناو ڕەچەڵەکی ئێزیدییەکان. وادیارە داعش زانیاری تەواوی لەسەر ئەو کلتورەی ئێزیدیەکان هەبووە کە تەنها هاوسەرگیری لەنێوان خۆیان، واتە ئێزیدیەکاندا، دەکەن بۆ پاراستنی ڕەچەڵەکیان و هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی تر کە سەر بە ئاینێکی تر بێت قبوڵکراو نابێت ،بێ لەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەو ژن و کچانە دووبارە پرۆسەی هاوسەرگیری بەدەگمەن لەگەڵ ئێزیدی ئەنجامدەدەنەوە دوای ئەنجامدانی تاوانە سێکسییەکان بەرامبەریان، بۆیە بە م هۆیەوە لێرەدا ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنان بێبەش دەبن لە ژیانی هاوسەری، دواتریش بێبەش دەبن لەوەی بەشداری وەچەخستنەوە بن بۆ ڕەچەڵەکەکەی خۆیان کە ئێزیدییە ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی پرۆسەی هاوسەرگیرە نێوان ئێزیدییەکان و کەمبوونەوەی وەچە خستنەوەو ڕەچەڵەکیان .

کەواتە بەپشت بەستن بەهەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کرد لەڕووی بنەمای مادی تاوانی کۆمەڵکوژی دەتوانین بڵێین کە ئەو کردە توندوتیژیە سێکسیانەی ئەندامانی داعش بەرامبەر کچان و ژنانی یەزیدی ئەنجامیانداوە هەرسێ بڕگەی ( ب، ج ، د) لەمادەی (٦)ی پەیڕەوی ڕۆمای بنەرەتی بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

هەرچی تایبەتە بە بنەمای واتایی ئەوا گومان لەوەدا نیە کە ئەوەی ئەندامانی داعش کردیان بەرامبەر ژنان و کچانی یەزیدی کارێکی هەڕەمەکی و لەخۆوە نەبووە، بەڵکو بەمەبەست و بەبەرنامەو پلان بۆ دارێژراو بوو، بەفەرمانی سەرانی داعش و لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری ئەوان و بە ئاگاداری ئەوانەی کە ئەنجامیانداوە بەڕێوەچوە، ئەمە بەڕوونی لە ووتەکانی سەرکردە داعشیەکان، هەروەها لە نوسین و بڵاوکراوەکانی داعش باس کراوەو هۆکارو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە روون کراوەتەوە.

لاقەکردن و سکپڕکردنی ژمارەیەکی زۆری ژنان و کچانی ئێزیدی دوای بەندکردنیان بەشێوەیەکی نایاسایی و بەزۆر منداڵ بوونیان لە داعشەکان ئەو مەبەست و نیەتە دەردەخات کە لە لایەن داعشەوە هەبووە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکاندا مەبەستی تایبەت بووە کە ئەویش گۆڕینی ڕەچەڵەکی ئێزیدییەکانە بۆسەر ڕەچەڵەکی خۆیان کە زۆرینەیان عەرەبی مسوڵمان بوون واتە ئەو منداڵانەش دەگەیەنێت کە مەبەستیان گۆڕینی ڕەچەڵەکی ئاینی ئێزیدی بۆ سەر ڕەچەڵەکی ئاینی ئیسلام بووە. و داعش زانیاری تەواوی لەسەر ئەو کلتورەی ئێزیدیەکان هەبووە کە تەنها هاوسەرگیری لەنێوان خۆیان واتە ئێزیدیەکاندا دەکەن بۆ پاراستنی ڕەچەڵەکیان و هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی تر کە سەر بە ئاینێکی تر بێت قبوڵکراو نابێت ئەو منداڵانەشی کە لە ئەنجامی لاقەکردنی ژنان و کچانی ئێزیدی لەلایەن داعشەوە و دواتر منداڵ بوون لێیان ئەو منداڵانە بە مسوڵمان لەلایەن ئێزیدیەکانیشەوە ئەژمار دەکرێن و وەرناگیرێتەوە هەروەك ئێستا لە واقعدا ئەمە ڕوودەدات، هەتا ئەگەر داعش منداڵەکان بەزۆر زەوت نەکات و

بهێڵن بگەڕێنەوە لای دایکیان یان ئەوانەی کە ڕزگاریان بووە لەگەڵ دایکیان هەر ئامانجی داعش لە کەمکردنەوە و نەهێشتنی ڕەچەڵەکی ئێزیدییەکان پێکراوە، چونکە وەك وتمان ئێزیدییەکان منداڵی مسوڵمان قبوڵ ناکەنەوە بێ لەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەو ژن و کچانە دووبارە پرۆسەی هاوسەرگیری بەدەگمەن لەگەڵ ئێزیدی ئەنجامدەدەنەوە دوای ئەنجامدانی تاوانە سێکسییەکان بەرامبەریان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنان بێبەش بن لە ژیانی هاوسەری و وەچەخستنەوە، لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی پرۆسەی هاوسەرگیری نێوان ئێزیدییەکان و کەمبوونەوەی ڕەچەڵەکیان و لەناوبردنیان.

کەواتە بە تێڕامان لە تاوانەکانی داعش دەردەکەوێت ئەوەی کە بەرامبەر کچان و ژنانی یەزیدی ئەنجامدراوە، لەپاڵ ئازاردان و ڕفاندن و کوشتنی بەتاك و بە کۆمەڵی یەزیدیەکان و سوتاندن و کاول کردنی گوندو شارو شوێنە مێژوویی و ئاینیەکان، بەشێك بووە لە پرۆسەو پلان و نەخشەی لەناوبردن و کۆمەلکوژ کردنی یەزیدیەکان. بۆیە گومان لەوەدانیە کە ئەو توندوتیژیە سێکسیانەی بەرامبەر ژنان و کچانی یەزیدی ئەنجامدرا مەبەست لێی لەناوبردنی ڕەچەڵەکی ئێزیدییەکان بووە، لەکاتێکدا ئەو ژمارە زۆرە لە کۆمەڵگەی ئێزیدییەکان نەمێنن و دابڕێن و بەپێی نەریتی ئێزیدی هاوسەرگیری نەکەن دەبێتە هۆی لەناوبردن یان کەمکردنەوەی ڕەچەڵەکی ئێزیدییەکان وەکو بەشێك لە پرۆسەی لەناوبردن و کۆمەڵکوژ کردنی یەزیدیەکان بەشێوەی تەواوەتی یان بەشەکی.

تایبەت بە بنەمای سێیەم، ئەو کەسانەی کە توندوتیژی سێکسان بەرامبەر ئەنجامدراوە بەسیفەتی ئەوەی یەزیدن و ئەندامی ئەو گروپ و کۆمەڵەیەن کە پێیان دەووترێت یەزیدی و لەڕووی ئایینی کلتوریەوە جیاوازن لەگروپ و کۆمەڵەکانی ترو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، واتا بۆیە ئەم تاوانانەیان بەرامبەر کراوە چونکە یەزیدین و کەمینەیەکی ئایینین، داعش بەئاشکرا لە ووتارو نوسینەکانیاندا پرسی کافر بوونی یەزیدیەکانیان وەکو پاساوێك دەهێنایەوە بۆ ڕەوایەتی دان لەڕووی شەرعیەوە بەم کردەوانەی کەبەرامبەریان ئەنجامیاندەدا، بەڵام گروپە ئایینیەکانی تر لەو شوێنانەی کە داعش دەستی بەسەرداگرتبوون هەمان مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە، بۆیە تاکە هۆکار بۆ ئەوەی بەسەر ژنان و کچانی یەزیدی دا هات ئاینەکەیان بوو(العراق - الجرائم الجنسية والجنسانية المرتكبة ضد المجتمع الايزيدي: دور المقاتلين الاجانب في تنظيم داعش، تقرير مشترك للفدرالية الدولية لحقوق الانسان ومنظمة الكنيات في اكتوبر ٢٠١٨ ، ل:٣٣ ).

لەکۆتاییدا بەپشت بەستن بەهەموو ئەمانەی باسکرا دەتوانین بڵێین توندوتیژی و دەستدرێژیە سێکسیەکانی ئەندامانی داعش بەرامبەر کچان و ژنانی یەزیدی کۆمەڵکوژین دەرهەق بە کەمینەی ئاینی یەزیدیەکان ئەنجامدراوەو تەواوی بنەماکانی تاوانی کۆمەڵکوژی تیادا بەدی هاتووە بەگوێرەی مادەی (٦) لە پەیڕەوی ڕۆمای بنەرەتی.

**داواکاری دووەم**

**گونجاندنی یاسایی توندوتیژی سێکسی بەرامبەر ژنانی ئێزیدی وەکو تاوان دژی مرۆڤایەتی**

لەم داواکاریەدا لە دوو لقی سەرەکی تاوتوێی پرسی گونجاندنی یاسایی توندوتیژی سێکسی بەرامبەر ژنانی ئێزیدی وەکو تاوان دژی مرۆڤایەتی دەکەین، لە یەکەمیان مانا و پێکهاتەی تاوانی دژە مرۆڤایەتی ڕووندەکەینەوە، لە دووەمیشیان تیشک دەخەینە سەر ئەوەی ئایا توندوتیژی سێکسی ئەندامانی داعش بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژە مرۆڤایەتی یاخود نا.

**لقی یەکەم**

**مانا و پێکهاتەی تاوانی دژە مرۆڤایەتی**

تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی پێشێلکردنی جەوهەری مرۆڤایەتی لە مرۆڤەکاندا پێکدەهێنن، پاراستنی ئەم جەوهەرە پێویستی بە پاراستنی ئەو مافە سەرەتاییانە هەیە کە مرۆڤایەتیی خۆی بەم بوونەوەرە زیندووەی بەخشیوە. دیارترینیان مافی ژیان و یەکپارچەیی جەستەیی و ئازادی و کەرامەت و شەرەفیەتی. دەستدرێژیکردنە سەر ئەم مافانە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات لە مرۆڤەکاندا، یان بە لەناوبردنی تەواویان یان کەمکردنەوەی بەهای مرۆییبیان بەپێی پلەی ئەم دەستدرێژییە، ئەم تاوانانە دەتوانرێت بە ئاشکرا لە کاتی شەڕ و پێکدادانەکانی ناو سنوورەکانی دەوڵەتێک یان لە خاکی داگیرکراودا ئەنجام بدرێت، هەروەها لە کاتی ئاشتیدا. دەستەواژەی "تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی" لەیاسای نێودەوڵەتیدا تازەیەک نوێیەو هەندێک لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ئاماژەیان بەوە کردووە کە بیرۆکەی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩١٥ دەرکەوتووە ، بەڵام سەرەتای دەرکەوتنی وەک زاراوەیەک تا دوای جەنگی جیهانی دووەم سەریهەڵنەداوە، بۆ ئەوەی یەک وەسفی یاسایی بۆ دڕندەییەکان لەخۆبگرێت کە لەلایەن ئەڵمانیای نازییەکانەوە دژی خەڵکی مەدەنی ئەنجامدرا (القهوجي، ٢٠٠١، ل:١١٣).

تاوانی دژی مرۆڤایەتی پلانێکە کە لەگەڵ چەندین کرداردا تێکەڵ کراوە، بە ئامانجی ڕووخاندنی بناغە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی گروپێک یان گروپە نەتەوەییەکان بە مەبەستی نەهێشتنی ئەو گروپانە ئامانج لەم پلانە ڕووخاندنی کۆمەڵایەتی، سیستەمی سیاسی و کولتووری و زمان و هەستی نەتەوەیی و ئایین و قەوارەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی گرووپە نەتەوەییەکان و نەهێشتنی ئازادیی کەسی و تەندروستی کەسی و کەرامەتی کەسی و تەنانەت ژیانی تاکەکانی سەر بەو گرووپانە (عطية، ١٩٩٩، ١٦٨).

لە مادەی حەوتەمی پەیڕەوی ڕمای بنەڕەتی بۆ دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان کە بەردی بناغەی دیاریکردنی بازنەی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتییە، هاتووە " ١- بۆ مەبەستی ئەم پەیڕەوییە، هەریەکێک لەم کردەوانەی خوارەوە "تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت" کاتێک وەک بەشێک لە هێرشێکی بەرفراوان یان سیستماتیکی ئەنجام دەدرێت کە ئاراستەی هەر گروپێك لە دانیشتوانی مەدەنی دەکرێت، وە بە ئاگایی لە هێرشەکە:

(أ) کوشتنی بە ئەنقەست؛

(ب) کۆمەڵکوژی؛

ج) کۆیلایەتی؛

(د) دوورخستنەوەی دانیشتوان یان گواستنەوەی زۆرەملێی دانیشتووان.

(هـ) زیندانیکردن یان زەوتکردنی توندی دیکەی ئازادی جەستەیی بە پێچەوانەی ڕێسا بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی؛

(و) ئەشکەنجەدان؛

(ز) لاقەکردن، کۆیلایەتی سێکسی، لەشفرۆشی زۆرەملێ، دووگیانی زۆرەملێ، نەزۆککردنی زۆرەملێ یان هەر جۆرە توندوتیژییەکی تری سێکسی کە هەمان پلەی مەترسی هەبێت؛ ..."

برگەی (یەکەم/ز) لە مادەی حەوتەمی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی یەکێک لە بەشە سەرەکییەکان دەکات لە پێناسەکردن و ناساندنی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، چونکە بە تایبەتی باس لە توندوتیژی سێکسی دەکات. ئەم برگەیە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن توندوتیژی سێکسی بە بەشێک لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی دادەنرێت کاتێک وەک بەشێک لە هێرشێکی سیستماتیکی بۆ سەر خەڵکی مەدەنی ئەنجام دەدرێت. ئەم برگەیە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی دادگای نێودەوڵەتییە بۆ دادگاییکردنی تاوانە سێکسییەکان کە لە چوارچێوەی هێرشە ڕێکخراوەکان دژی گروپەکانی دانیشتووان

ئەنجامدراون، ئەمەش گرنگی پاراستنی قوربانییەکان و دڵنیابوون لەوەی تاوانباران ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە بەهێزتر دەکات. ئەو کردەوانەی کە لە بڕگەکەدا باسکراون نموونەی ڕوونن کە چۆن توندوتیژی سێکسی وەک ئامرازێکی سیستماتیکی ستەم و ئیستغلال بەکاردەهێنرێت، پێویستی بە وەڵامدانەوەی یاسایی نێودەوڵەتی بەهێز هەیە بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لەم پێشێلکارییە جددییانە (ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ۲۰۲۳، ل:٤٦-٤٧).

بۆ ئەوەی بە تەواوی لە پۆلێنکردنی توندوتیژی سێکسی وەک تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی بەپێی بڕگەی (یەکەم/ز)ی مادەی حەوتەمی پەیڕەوی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی تێبگەین، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە کۆمەڵێك بنەماو کۆڵەگەی سەرەکی هەن کە بەشدارن لەهاتنەکایەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی، هەر کاتێك ئەم بنەمایانە بەیەکەوە کۆبوونەوە ئەوکات دەتوانین بڵێین تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە، ئەم بنەمایانەش ئەمانەن:

یەکەم: بنەمای ماددی

بنەمای ماددی، کردارە جەستەییەکان و دەرئەنجامی ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە دەبێت ئامادەبن بۆ ئەوەی کردەوەیەکی توندوتیژی سێکسی بە تاوان دژی مرۆڤایەتی هەژمار بکرێت. ئەم بنەمایە لە سێ توخمە لاوەکییە گرینگەکان پێکهاتووە: ڕەفتاری تاوانکاری، ئەنجامی تاوانکاری و پەیوەندی هۆکارانەی نێوان ڕەفتار و ئەنجامەکە.

١- ڕەفتاری تاوانکاری

ڕەفتاری تاوانکاری واتە ئەو چالاکییە دەرەکییەی کە تاوانەکە پێکدەهێنێت، هیچ تاوانێک نییە بەبێ ڕەفتارێکی تاوانکاری(خلف، ۲۰۱۰، ل:١٣٩-١٤٠). ڕەفتاری تاوانکاری لە چوارچێوەی توندوتیژی سێکسیدا بەپێی مادەی حەوتەم بڕگەی (١/ ز)، پێنج جۆری ڕەفتارن، هەریەکێک لەم ڕەفتارانە نوێنەرایەتی فۆرمێکی جیاوازی توندوتیژی سێکسی توند دەکەن. بۆ ئەوەی ڕەفتاری تاوانکاری بهێتەدی بەپێی مادەی حەوتەم بڕگەی (١/ز) ئەنجام بدرێت پێویستە یەکێك لەم کردەوانە ئەنجام بدرێت:

(أ) لاقەکردن: بریتیە لە ئەنجامدانی جووتبونی سێکسی لەگەڵ مێیینە بەبێ ڕەزامەندی خۆی یاخود بەزۆر، لاقەکردن یەکێکە لە جۆرە جددی و ئاڵۆزەکانی توندوتیژی سێکسی. ئە م کردەوە پێشێلکردنی توندی مافە کانی مرۆڤە، بە قووڵی کاریگە ری لە سە ر قوربانیان دە کات و ئازاری توندی دە روونی و جە ستە یی لێ دە کە وێتە وە . کاریگەرییەکانی لاقەکردن لە زیانی جەستەیی ڕاستەوخۆ تێدەپەڕێت، کاریگەری لەسەر تەندروستی دەروونی و سۆزداری قوربانییەکە دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆرو دورو درێژ(الثمالي، ۲۰۲۲، ل:١٠٠-١١٠).

(ب) کۆیلایەتی سێکسی: کۆیلایەتی سێکسی بریتییە لە مومارەسەی خاوەندارێتی بەسەر کەسێک یان چەند کەسێك، بەجۆرێك کە وەک موڵک مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت ، بە ئیستغلال کردنیان لەرووی سێکسیەوە، بەجۆرێك کە ناچار دەکرێن تا بەشداری کردەی سێکسی بکەن (سلیم، ۲۰۲۱، ل:٣٥٦-٣٥٧). واتا لێرەدا تاکەکان ناچار دەکرێن، بەتایبەتی ژنان و منداڵان بۆ ئەنجامدانی سێکس یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سێکسی بە پێچەوانەی ویستی خۆیان، بەمەش بەرەوڕووی زیانێکی گەورە و ئازاری بەردەوام دەبنەوە. ئەم جۆرە توندوتیژییە سێکسییە تەنها لە دەستدرێژی جەستەیی کورت نابێتەوە، بەڵکو نوێنەرایەتی پێشێلکارییەکی گەورەی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەکات وپێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤ و مافی تاکەکانە لە کۆنترۆڵکردنی جەستەی خۆیان.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

(ج) لەشفرۆشی زۆرەملێ: ئەمەش ئاماژەیە بۆ کردەوەی ناچارکردنی کەسێک بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سێکسی، بەزۆری بۆ قازانجی دارایی یان سوودی دیکە بۆ ئەنجامدەرەکە، لەژێر مەرجی زۆرکردن، هەڕەشەکردن، یان فێڵکردن. بە شێوەیەکی گشتی قوربانییەکە لە دۆخێکدا دادەنرێت کە هیچ بژاردەیەکی بەردەوامیان نییە جگە لە پابەندبوون بەو داواکاریانەی کە لەسەریان دەکرێت(سلیم، ٢٠٢١، ل:٣٥٧-٣٥٨). ئەم ڕەفتارە کاتێك بە توندوتیژی سێکسی دادەنرێت کە بە شێوەیەکی سیستماتیک بە ئامانجی سود وەرگرتن لە قوربانییەکان لە ڕووی ئابووری و سێکسییەوە ئەنجام دەدرێت. لەشفرۆشی زۆرەملێ تاکەکان بەرەوڕووی زیانێکی قووڵی دەروونی و جەستەیی دەبنەوە، بەو پێیەی بە شێوەیەکی سیستماتیک ئیستغلال دەکرێن و لە مافە سەرەتایی و مرۆییەکانیان بێبەش دەکرێن.

(د)دووگیانی زۆرەملێ: دووگیانی زۆرەملێ ئاماژەیە بۆ ناچارکردنی ژنان بۆ دووگیانبوون بە پێچەوانەی ویستی خۆیان، بەزۆری وەک بەشێک لە سیاسەتێکی سیستماتیکی بە ئامانجی گۆڕینی دیمۆگرافی یان بۆ مەبەستی سیاسی یان ڕەگەزی بەکاردێت. ئە م کردە وە پێشێلکارییە کی جیددی مافی زاوزێی ژنانە و گوزارشتە لە بە کارهێنانی سیاسە ت و توندوتیژی بۆ گە یشتن بە ئامانجی نامرۆڤانە. دووگیانی زۆرەملێ زیانێکی زۆر بە تەندروستی دەروونی و جەستەیی ژن دەگەیەنێت، هەروەها بە کردارێک دادەنرێت کە لە پێشێلکاری کەسی تێدەپەڕێت و کاریگەری لەسەر تەواوی کۆمەڵگا هەبێت.ئەم ڕەفتارە تاوانکارییە پێکدێت لە دەستبەسەرکردنی نایاسایی ژنێک و ناچارکردنی بە دووگیانبوون، جا لە ڕێگەی دەستدرێژی سێکسی ڕاستەوخۆ بێت یان دووگیانکردنی زۆرەملێ، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێک کە لە زیانی کەسی تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاری ستراتیژی لە پێکهاتەی ڕەگەزی، کۆمەڵایەتی، یان سیاسیدا بگرێتەوە لە گروپێکی دیاریکراوی دانیشتووان، هەروەها هەندێک جار وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە هەژموونی کولتووری و سیاسی بە گۆڕینی ڕیشەیی پێکهاتەی کۆمەڵگا بەکاردەهێنرێت(الثمالي، ٢٠٢٢، ل:١٠٠-١١٠).

(هـ)نەزۆککردنی زۆرەملێ: نەزۆککردنی زۆرەملێ بریتییە بێبەشکردنی توانای زاوزێی کەسێک بەبێ ڕەزامەندی. ئەمە دەتوانێت لە ڕێگەی ڕێکارەکانی نەشتەرگەری، پزیشکی زۆرەملێ، یان جۆرەکانی تری فشارەوە بێت کە لە ئەنجامدا تاکەکەسەکە نەتوانێت زاوزێ بکات. نەزۆککردنی زۆرەملێ نەک تەنها زیانی جەستەیی ئەبێت، بەڵکو کاریگەریی دەروونی قووڵی هەیە، بەو پێیەی تاکەکان لە مافە سەرەتاییەکانیان بێبەش دەبن بۆ کۆنترۆڵکردنی خێزان و ئایندەی زاوزێ. (عطية، ١٩٩٩، ل:١٦٨).

(و)ڕەفتاری تاوانکاری جگە لەمانەی سەروە دەکرێت بە جۆرەکانی تری توندوتیژی سێکسی بهێتە ئاراوە کە هەمان مەترسی کردەوەکانی پێشوویان هەبێت، کە دەشێت بریتی بێت بە کردەوەکانی وەک بڕینی ئەندامی زاوزێ، ڕووتی زۆرەملێ، یان جۆرەکانی تری توندوتیژی سێکسی کە هەرچەندە بە ڕوونی ئاماژەیان پێنەکراوە، بەڵام بە هەمان شیوەی تاوانەکانی دیکە جددین و کاریگەری هاوشێوەیان هەیە (الشاذلي، ٢٠٠١،ل: ٢٩٤-٢٩٥).

٢-ئەنجامی تاوانکاری

دەرئەنجامی تاوانکاری بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ ئەو کاریگەرییە ڕاستەوخۆیەی کە ڕەفتاری تاوانکاری هەیەتی، دەرئەنجامی تاوانکاری لە حاڵەتی توندوتیژی سێکسی وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی بریتییە لە زەوتکردن و پێشێلکردنی ئازادی کەسەکە لە ڕووی سێکسیەوە کە لە هەمان کاتدا زیانێکی قووڵی جەستەیی و دەروونی دەگەیەنێت بە قوربانییەکان، کە لەوانەیە برینداربوونی جەستەیی هەمیشەیی و زەبر و زەنگی دەروونی توند و لەناوچوونی تەواوەتی ژیان و داهاتووی قوربانییەکان لەخۆ بگرێت. جگە لە زیانگەیاندن بە کەسی، ئەم تاوانانە دەتوانن کاریگەری بەرفراوانتر لەسەر کۆمەڵگاکان

دروست بکەن، لەوانەش تێکچوونی خێزانەکان، زیادبوونی حاڵەتەکانی چەواشەکاری کۆمەڵایەتی و توندبوونەوەی ململانێکان(عبدالله، ٢٠١٥، ل:١٩).

٣- پەیوەندی هۆکاری لە نێوان ڕەفتار و ئەنجام

هۆکاربوون بریتییە لە پەیوەندی نێوان ڕەفتاری تاوانکاری و دەرئەنجامەکانی. دەبێت بەڵگەی ڕوون هەبێت کە ئەو ڕەفتارەی تاوانبار ئەنجامی دەدات هۆکاری ڕاستەوخۆی زیانەکانی قوربانییە. لە چوارچێوەی توندوتیژی سێکسیدا وەک تاوانێک دژی مرۆڤایەتی، ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو کردارانەی کە ئەنجامدەر ئەنجامی دەدات ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دەرئەنجامە تاوانکارییە ڕاگەیەندراوەکە، بەبێ بەڵگەی ئەم پەیوەندییە هۆکارییە ڕەنگە سەلماندنی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە تاوانەکەدا قورس بێت(سعید، ٢٠١٠،ل:٣٩).

دووەم: بنەمای واتایی

بنەمایی واتایی پەیوەندی بە لایەنی دەروونی تاوانەکەوە هەیە، بنەما واتاییەکە بەسەر دوو جۆر نیەت یاخود مەبەستی تاوانکاریدا دابەش دەبێت: مەبەستی گشتی و مەبەستی تایبەت (عثمان، ٢٠٠٦، ل:٣٦). مەبەستی تاوانکاری گشتی ئاماژەیە بۆ هۆشیاری لەوەی کە ئەو هەڵسوکەوتەی ئەنجام دەدرێت بەشێکە لە هێرشێکی بەرفراوان یان سیستماتیکی کە ئاراستەی خەڵکی مەدەنی دەکرێت. لە حاڵەتەکانی توندوتیژی سێکسیدا وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، ئەنجامدەر دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە کردەوەکەی تەنها ڕووداوێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو بەشێکە لە سیاسەتێک کە ئامانج لێی زیانگەیاندن بە گروپێکی دیاریکراوی دانیشتووان. ئەم هۆشیارییە پێویستی بە تێگەیشتنە لەوەی کە کردارەکە بەشێکە لە پلانێکی گەورەتر کە بە قەبارەیەکی گەورە ئەنجام دەدرێت و بە ئامانجی گەیشتن بە هەندێک ئامانجە. بەڵام مەبەستی تایبەت تایبەت پەیوەندی بەو مەبەستە تایبەتە یان پاڵنەرە کەسییە هەیە کە لە پشت ئەنجامدانی تاوانەکەوەیە. لە تاوانە سێکسییەکاندا، مەبەستی تایبەت لەوانەیە پەیوەندی بە خواستی تاوانبارەوە هەبێت بۆ زەلیلکردنی قوربانییەکە، بەدەستهێنانی کۆنترۆڵی دەروونی بەسەر قوربانییەکەدا، یان بەکارهێنانی توندوتیژی سێکسی وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی یان ڕەگەزییەکان. ئەم جۆرە مەبەستە ڕەهەندێکی تر بۆ تاوانەکە زیاد دەکات، چونکە ئەوە نیشان دەدات کە ئەو کردارە تەنها بۆ زیانگەیاندن بە جەستە نەبووە، بەڵکو بۆ گەیشتن بە ئامانجە قووڵترەکان بووە کە پەیوەستن بە سیاسەتەکانی سەرکوتکردن یان جینۆسایدەوە.

سێیەم: بنەمای تایبەت

ئەم بنەمایە ئاماژەیە بەوەی کە تاوانەکە لە جێبەجێکردنی پلانێکدا ڕوویداوە کە دەوڵەت لە دژی گروپێکی مرۆیی کە بە باوەڕێکی دیاریکراو یەکگرتوو بووە، مەرج نییە ئەم گرووپە هەڵگری ڕەگەزنامەی دەوڵەت بێت یان نا، یان قوربانییەکە بیانی یان هاووڵاتی بێت، بەڵکو ئەم تاوانە زیاتر دژی هاووڵاتییان ئەنجام دەدرێت، واتە ئەوانەی کە ڕەگەزنامەی دەوڵەتیان هەیە و لەم حاڵەتەدا تاوانبار یان قوربانییەکە هاووڵاتی هەمان دەوڵەتە (القهوجي، ٢٠٠١، ل:١١٣). بەم پێیە توخمە نێودەوڵەتییەکەی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەگەر بە پشتبەستن بە پلانێک کە دەوڵەتێک لە دژی دەوڵەتێکی دیکە دایڕشتووە یان دژی گرووپێکی مرۆیی بە باوەڕێکی دیاریکراوەوە ئەنجام بدرێت، تەنانەت ئەگەر هەمان نەتەوەی دەوڵەتیشی هەبێت، جێبەجێ دەکرێت (عبد الخالق، ١٩٨٨، ل:٥٩١) . بەپێی ماددەی حەوت برگەی (ز) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئەوەی توندوتیژی سێکسی وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی پۆلێن بکرێت، دەبێت ئەو کارە بەشێک بێت لە هێرشێکی بەربڵاو و سیستماتیکی و پلان بۆ داڕێژراو، واتا هێرشەکە دەبێت پێشوەختە ڕێکبخرێت و پلانی بۆ دابنرێت، هەروەها بەشێک بێت لە سیاسەتێکی دەوڵەتی یان نادەوڵەتی کە بە شێوەیەکی سیستماتیک خەڵکی مەدەنی بکاتە ئامانج.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەو تاوانانەی داعش لە دژی ژنان و کچانی ئێزیدی ئەنجامیدا، نموونەیەکی ڕوونی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی پێکدەهێنن، وەک لە مادەی ٧(١)ی پەیڕەوی ڕۆمای دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتیدا پێناسە کراوە، بەتایبەتی برگەی (ز)، کە تێیدا هاتووە کە لاقەکردن ، کۆیلایەتی سێکسی، لەشفرۆشی زۆرەملێ، دووگیانی زۆرەملێ، نەزۆککردنی زۆرەملێ، و هەر جۆرە توندوتیژییەکی تری سێکسی بە هێزی کێشکردنی بەراوردکراو تاوانن لە دژی مرۆڤایەتی کاتێک کە وەک بەشێک لە هێرشێکی بەرفراوان یان سیستماتیک کە ئاراستەی هاوڵاتیانی مەدەنی دەکرێت. داعش بە شێوەیەکی سیستماتیک و بە ئەنقەست ئەو کردەوانەی لە دژی ژنانی ئێزیدی ئەنجامدا، ئاینیان قۆستەوە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ تاوانەکانی لە ڕێگەی لێکدانەوە و فەتوای شێواوی شەریعەتی ئیسلامییەوە. ئەمەش وا دەکات ئەم کردەوانە نەبن بە تاوانی گۆشەگیر یان بەرێکەوت، بەڵکو سیاسەتێکی هەمەلایەنە بن کە ئامانج لێی لەناوبردنی کولتووری و نەتەوەیی گروپێکی ئایینی دیاریکراو بێت. جێبەجێکردنی مادەی ٧(١)(ز) لەم چوارچێوەیەدا بە ڕوونی ئەوە دەردەخات کە توندوتیژی سێکسی دەرئەنجامێکی ڕوداوی شەڕی چەکداری نەبووە، بەڵکو ئامرازێکی ستراتیژی بووە لە چوارچێوەی هێرشێکی سیستماتیکیدا کە مەبەست لێی زەلیلکردنی ژنان و لەناوبردنی شوناسی ئایینی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێزیدی بووە. ئەم پراکتیزانە پێشێلکارییەکی گەورەی بنەما بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی ئاشکرا دەکەن کە لەلایەن خوداوە بە مرۆڤایەتی بەخشراوە، وەک مافی ژیان، ئازادی، یەکپارچەیی جەستەیی و کەرامەت. بۆیە ناساندنی ئەم کردەوانە وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕۆمای دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان تەنها پابەندبوونێکی یاسایی نییە بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و مرۆییشە بەرامبەر بە قوربانییەکان، هەروەها پێویستییەکیشە بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری و لێپرسینەوە و ڕێگریکردن لە بێ سزایی. هەروەها ئەم دانپێدانانە جەخت لەسەر گرنگی چالاککردنی میکانیزمە دادوەرییە نێودەوڵەتی یان نیشتمانییە کارامەکان دەکاتەوە بۆ دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە، بەشێک لە کەرامەتی پێشێلکراو بۆ قوربانییەکان دەگەڕێنێتەوە، هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە توندوتیژی سێکسی، کاتێک وەک چەکی شەڕ یان گۆشەگیری بەکاردەهێنرێت، تاوانێکە کە ویژدانی مرۆڤایەتی تووڕە دەکات پێش ئەوەی تاکەکان تووڕە بکات.

**لقی دووەم**

**ئایا ئەم توندوتیژیە سێکسیانەی داعش بەرامبەر ژنانی ئێزیدی ئەنجامیداوە دەچنە چوارچێوەی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی یان نا**

لە کاتی هێرشە نامرۆڤانەکەی داعش بۆ سەر شاری شەنگال ، ژنان و کچانی ئێزیدی تووشی کۆمەڵێک پێشێلکاریی مرۆیی قورس بوون، لەوانە لاقەکردن زۆرەملێ و فرۆشتن بە کۆیلایەتی. قوربانییەکان بریتی بوون لەو ژنانەی کە کۆرپەکانیان هەڵگرتبوو، کە چەندین جار لاقەکردنیان بۆ کراوە و ناچاربوون بە نرخێکی کەم بیفرۆشن. شایەتحاڵی بەڵگەدارانەی هەندێک لە کچانی ئێزیدی کە لە دیلبوون ڕزگاریان بووە، دوای ئەوەی تووشی دەستدرێژی و فرۆشتن و ئەشکەنجەی جەستەیی بوون، تیشک دەخاتە سەر ڕادەی ئەو پێشێلکارییانە (خانکي، ٢٠١٧، ل:٥٤٣).

یەکێک لە نموونە هەرە دیارەکانی ئەمە ئەزموونی کچە کوردە ئێزیدییەکە (نادیە موراد)ە، کە دوای دەربازبوون لە دیلێتی، وەک نێردەری ئاشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشانکرا، کە تیشک دەخاتە سەر کاریگەریی ئەو پراکتیزانە لەسەر هەردوو ئاستی تاکەکەسی و نێودەوڵەتی. داعش نەک هەر دەستدرێژی و فرۆشتنی پراکتیزە کرد، بەڵکو ژنانی وەک ئامرازێک بۆ تیرۆرکردنی کەسانی دیکە بەکارهێنا بە ناردنەوەی هەندێکیان بۆ زیندانەکانی نێو ژنان و کچان بۆ ئەوەی نیشان بدەن چەندە دڕندە و ترسناکن (درویش، ٢٠١٥، ل:٢٥).

ئەم چیرۆکە هەر بەوەوە نەوەستاوە، بەڵکو ئەندامانی ڕێکخراوەکە لەبەردەم چاوی مێردەکاندا توندوتیژی سێکسییان ئەنجامداوە بۆ زەلیلکردنیان و ئەشکەنجەدانی پیاوەکان بە شێوەیەکی درندانە. لە ئەنجامی ئەم کردەوانەدا زۆرێک لە ژن و کچانی ئێزیدی کەوتنە ناو خولگەی بیری خۆکوژییەوە، مردنیان پێ باشتر بوو نەک بەردەوام بن لە ژیان لە ژێر ڕەحمەتی ئەو کەسە چەپەڵانەدا، کە لەئەنجامدا چەندین حالەتی خۆکوشتنی ڕاستەقینە و هەوڵی شکستخواردوو (خانکي، ٢٠١٧، لا:٥٤٣). جگە لەوەش داعش ژنانی ئێزیدی وەک کۆیلە بەکارهێنا، بابەتێک کە مشتومڕێکی بەرفراوانی لە بواری مافەکانی مرۆڤدا بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە پێچەوانەی بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکانە. ڕێکخراوەکە ژنانی وەک غەنیمەتی شەڕ فرۆشتووە، بە پشتبەستن بە تێڕوانینیان بۆ ئەوەی "کافر"ن، هەروەها جێبەجێکردنی یاسای شەریعەت – لەڕوانگەی داعشەوە- کە ڕێگە بە کۆیلایەتی و فرۆشتن دەدات. ئەو بەڵگەنامەیەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ٢١ی زولحیجەی ساڵی ١٤٣٥ی کۆچی/٢٠١٤، بەپێی ژمارە ١٧٨، بە وردی نرخی فرۆشتنی ژنانی ئێزیدی وەک غەنیمەتی شەڕ دەخاتە ڕوو، ئەمەش گوزارشتە لەوەی کە داعش چۆن ژنانی ئێزیدی کردە کاڵایەک کە لە بازاڕەکانی کۆیلەدا بازرگانی پێوەدەکرا، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر سروشتی بازرگانی ئەم پێشێلکارییە مرۆییە قورسانە(درويش، ٢٠١٦، لا:٣٠٦-٣٠٧).

واتا داعش خۆی لە ڕفاندن و کوشتن و دیلکردن و زەلیلکردنی ژنانی ئێزیدی سنووردار نەکرد، بەڵکو لەوەش زیاتر وەک سەرچاوەیەکی ئابووری بەکاریان هێنا. ڕێکخراوەکە ژنانی وەک "غەنیمەتی شەڕ" فرۆشتووە، ئەمەش وایکرد بڕە پارەیەکی زۆر کۆبکەنەوە کە داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی زیاد دەکات، واتا ئیستغلالکردنی ژنانی ئێزیدی بۆ دەستکەوتی دارایی لەژێر پەردەی ئەوەی پێی دەوترێت "شەڕکردنی... کافرەکان".

کەواتە ئەم پێشێلکاریانە، بەتایبەت توندوتیژی سێکسی بەرامبەر ژنانی ئێزیدی، دەتوانرێت لەچوارچێوەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بەپێی مادەی( ٧/١/ ز) لە پەیڕەوی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دابنرێت. لە ماددەکەدا هاتووە کە لاقەکردن و کۆیلایەتی سێکسی و لەشفرۆشی زۆرەملێ و دووگیانی زۆرەملێ تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین ئەگەر وەک بەشێک لە هێرشێکی بەربڵاو یان سیستماتیکی دژی دانیشتووانی مەدەنی ئەنجام بدرێت و تاوانباران ئاگاداربن. لە بارە ی ژنانی ئێزیدیشدا پێشتریش ئاماژەمان پێدا کە داعش بەهەزاران ژنی ئێزیدی بەزۆرو لەژێر هەڕەشەو لێدان و دوور لەخواستی خۆیان بەشێوازێکی زۆر نامرۆڤانەو درندانە لاقەکردووەو، هەر بەزۆرەملێی و لەپێناوی وەچەخستنەوە دووگیانیان کردوون و منداڵیان پێ خستونەتەوە، هەروەها داعش ژنانی ئێزیدی کردبوو بە کۆیلەی سێکسی بەشێوەیەك کە مافی خاوەندارێتی بەسەر ژنان و کچانی ئێزیدی سەپاندبوو و هەموو دەسەڵاتەکانی پەیوەست بە مافی موڵک و ماڵی بەسەر ژنانی ئێزیدیدا بەکاردەهێنا، لەسەر ئەم بنچینەش ژنان و کچانی ئێزیدی وەکو کاڵا و لەبەرامبەر نرخێکی کەم دەفرۆشران و دەکڕان و بازرگانیان پێوەدەکراو دەکران بەدیاری بۆ سەرکردەو دەسەڵاتدارانی دەولەتی ئیسلامی. هەموو ئەمانەش سەلمێندراوە کە لە چوارچێوەی هێرشێکی بەربڵاو و ڕێکخراودا ئەنجامدراون وبەشێکن لە هێرشێکی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراوی داعش دژی گروپێکی دیاریکراو لە دانیشتوانی مەدەنی(رفيق، ٢٠١٦، لا:١٢٩-١٣٠).

بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەم کردەوانی داعش بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی ئەنجامیداوە تەواوی بنەماکانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی تێدایەو بەگوێرەی مادەی ( ٧/١/ز) لە پەیڕەوی ڕۆمای بنەڕەتی بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەنرێت.

**داواکاری سێیەم**

**گونجاندنی یاسایی توندوتیژی سێکسی بەرامبەر ئێزیدیەکان وەکو تاوانی جەنگ**

ئەم بابەتە گفتگۆ دەکەین لە دوو لق، لەلقی یەکەمدا ماناو پێکهاتەی تاوانی جەنگ ڕوون دەکەینەوەو لەلقی دووەمیش وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە: ئایا ئەم توندوتیژیە سێکسیانەی داعش ئەنجامیداوە بەرامبە ژنان و کچانی ئێزیدی دەچنە چوارچێوەی تاوانی جەنگ یاخود نا.

**لقی یەکەم**

**مانا و پێکهاتەی تاوانی جەنگ**

سەرەڕای هەوڵدان بۆ بەتاوانکردنی پێشێلکاریەکانی جەنگ و لێپرسینەوە لە تاوانباران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەڵام دەرکەوتنی ڕاستەقینەی چەمکی تاوانەکانی جەنگ لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لەگەڵ دامەزراندنی دادگاکانی نورنبێرگ و تۆکیۆ ڕوویدا، کە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا تاکەکان، لەنێویاندا سەرکردە سەربازی و سیاسییەکان، لەسەر ئەو تاوانانەی لە کاتی جەنگدا ئەنجامدراون دادگایی کران، بە پشتبەستن بەو بنەمایانەی کە لە پەیرەوی لەندەن لە ساڵی ١٩٤٥دا هاتووە. ئەم دادگایانە پێشینەیەکی یاساییان دابین کرد و چوارچێوەیەکی گشتگیریان دانا بۆ پێکهاتەی تاوانەکانی جەنگ (Bassiouni, 1999, pp. 122-140) دوای ئەم دادگاییکردنە گرینگانە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوام بوو لە پاڵاوتن و فراوانکردنی ئامرازە یاساییەکانی چارەسەرکردنی تاوانەکانی جەنگ. ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ لە ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆڵە پاشکۆکانیان لە ساڵی ١٩٧٧، پێناسەی تاوانەکانی جەنگیان زیاتر پتەوتر کرد، پاراستنی وردەکارییەکانی بۆ ئەو کەسانەی کە بەشداری شەڕەکان ناکەن، وەک هاووڵاتیانی مەدەنی، بریندارەکان و دیلەکانی جەنگ، و بە ئاشکرا ئەو کارانەی کە پێشێلی ئەم پاراستنانە دەکەن، بە تاوان دانا. لوتکەی ئەم پێشهاتانە پەسەندکردنی پەیڕەوی ڕۆما بوو لە ساڵی ١٩٩٨ کە دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوە. پەیڕەوی ڕۆما گشتگیرترین کۆدکردنی تاوانەکانی جەنگی تا ئێستا پێشکەش کردووە (صادق، ٢٠١٠، ص ١٤٠-١٤١).

مادەی (٨) لەپەیڕەوی ناوخۆی ڕۆما تایبەتە بەتاوانەکانی جەنگ و بەگوێرەی دەقی ئەم مادەیە هەموو پێشلکاریەك بۆ ڕێکەوتنامەکانی جنیفی سالی ١٩٤٩ و یاساو داب و نەریتەکانی جەنگ کە ئاراستەی تاکەکان یاخود موڵك و ماڵ دەکرێت بەتاوانی جەنگ ئەژمار دەکرێت، لەوانە: کوشتنی بە ئەنقەست، ئەشکەنجەدان یان مامەڵەی نامرۆڤانە، لەوانەش تاقیکردنەوە بایۆلۆژییەکان، بە ئەنقەست ئازاردانی زۆر یان برینداربوونی سەخت بۆ جەستە یان تەندروستی، ئەنجامدانی لەناوبردنی بەرفراوانی موڵک و دەستبەسەرداگرتنی بەبێ ئەوەی پێویستی سەربازی پاساوی بۆ بهێنێتەوە و بە پێشێلکردنی یاسا و بە شێوەیەکی بێ بایەخ، ناچارکردنی دیلێکی جەنگ یان کەسێکی پارێزراوی دیکە بۆ خزمەتکردن لە هێزەکانی دەوڵەتیکی دوژمنکاردا، بە مەبەست بێبەشکردنی دیلێکی جەنگ یان کەسێکی دیکەی پارێزراو لە مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و بێلایەن، دوورخستنەوەی دانیشتووانی نایاسایی، گواستنەوەی هەڵە یان دەستبەسەرکردنی نایاسایی،بارمتەگرتن، بە مەبەست ئاراستەکردنی هێرشەکان دژی خەڵکی مەدەنی وەک خۆیان یان دژی تاکە مەدەنییەکان کە بەشداری ڕاستەوخۆیان لە شەڕکردنەکاندا ناکەن، بە مەبەست ئاراستەکردنی هێرشەکان بۆ سەر شوێنە مەدەنییەکان، واتە ئەو شوێنانەی کە ئامانجی سەربازی نین، هەروەها لاقەکردن و بەکۆیلەکردنی سێکسی و لەشفرۆشی بەزۆرو بەزۆر دووگیانی کردن و نەزۆك کردنی بەزۆر...هتد.

بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بدەین کە مادەی هەشت لەبڕگەی (٢/ب/٢٢)گرنگی تایبەت بە تاوانە سێکسییەکان دەدات کە لە چوارچێوەی شەڕی چەکداریدا ئەنجام دەدرێن، بەگوێرەی ئەم بڕگەیە کردەوەکانی(لاقەکردن، کۆیلایەتی سێکسی،

لەشفرۆشی زۆرەملێ یان دووگیانی زۆرەملێ بەم شێوەیەی کە لە برگەی ٢ (و) لەمادەی (٧)ی پەیڕەوکەدا هاتوە، یان نەزۆك کردنی زۆرەملێ و هەر شێوەیەکی تر لە شێوەکانی توندوتیژی سێکسی، دەبنە مایەی پێشێلکردنی مەترسیداری ڕێکەوتنەکانی جنیف)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەم کردەوانە کاتێک وەک بەشێک لە ستراتیژی جەنگ ئەنجام دەدرێن، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بە تاوانی جەنگ دادەنرێت. ئەم لایەنەی بابەتەکە تیشک دەخاتە سەر پابەندبوونی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی ژنان و کچان لە ئیستغلالکردنی سێکسی لە کاتی شەڕە چەکدارییەکان، هەروەها هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بەهێزتر دەکات بۆ لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە و دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ قوربانییەکان(الظبي، ٢٠١٨، ص ٢٥-٢٦).

مادەی هەشتەمی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بە دەقێکی یاسایی سەرەکی دادەنرێت لە پێناسەکردن و ناساندنی تاوانەکانی جەنگ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. چوارچێوەیەکی گشتگیر دادەمەزرێنێت کە ئەو تاوانانە دیاری دەکات کە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی دادگا، لە هەمان کاتدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم تاوانانە دەبێت بەشێک بن لە پلان یان سیاسەتێکی گشتی یان لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنە بەرفراوانەکاندا ئەنجام بدرێن.بەڵام بۆ ئەوەی تاوانی جەنگ بهێتە ئەنجامادن، بەپێی ماددەی هەشتەمی پەیڕەوی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵێک بنەمای تایبەت هەن کە دەبێت هەبن بۆ ئەوەی توندوتیژی سێکسی وەک تاوانی جەنگ پۆلێن بکرێت. ئەوانیش بنەمای ماددی، بنەمای واتایی و بنەمای تایبەت.

یەکەم: بنەمای ماددی

بنەمای ماددییەکەی تاوانەکان پێویستی بەوەیە کە کردەوەی تایبەت هەبن کە پێشێلکردنی یاساکانی جەنگ پێکبهێنن، وەک لە مادەی ٨ی پەیڕەوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا پێناسە کراوە. ئەم بنەمایە دوو جۆر پێشێلکاری لەخۆدەگرێت: یەکەمیان پێشێلکردنی ڕێسا عورفیەکانە کە لە شەڕە چەکدارییەکان دانپێدانراون، دووەمیان پێشێلکردنی ئەو ڕێسایانەیە کە بەپێی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان ڕەفتاری لایەنە شەڕکەرەکان ڕێکدەخەن. بنەما ماددییەکە پێویستی بەوەیە کە ئەو هەڵسوکەوتەی کە ئەنجام دەدرێت بەشێک بێت لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی و پەیوەندییەکی هۆکارانە لە نێوان ئەم هەڵسوکەوتە و ئەو ئەنجامەی کە لە ئەنجامدا دێتە ئاراوە هەبێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە بەس نییە بۆ ئەوەی خودی کردەوەکە زیانبەخش بێت، بەڵکو دەبێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕەفتارەکە و ئەنجامەکەدا هەبێت، بەمەرجێك کردەوەکە پێشێلکردنی یاساکانی شەڕ پێکبهێنێت و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ململانێ هەبێت، ئەوا دەبێتە بەشێک لە بنەما ماددییەکەی تاوانە سەربازییەکان.(إبراهيم ، ٢٠٢٠، ل:٢٥-٢٦ ).

دووەم: بنەمای واتایی

بنەمای واتایی نوێنەرایەتی لایەنە دەروونییەکەی تاوانی جەنگ دەکات، کە ئەمەش پێویستی بەوەیە تاوانبار مەبەست و زانیاری ڕوونی هەبێت لەسەر ئەو کردارانەی کە ئەنجامی دەدات. مەبەستی تاوانکاری پێویستی بەوەیە کە تاوانبار ئاگاداری ئەوە بێت کە هەڵسوکەوتەکەی پێشێلکردنی ڕێسا و یاساکانی شەڕە. هەروەها پێویستە ئەنجامدەر ئاگاداری ئەو بارودۆخە ڕاستییانە بێت کە بوونی ململانێی چەکداری دەسەلمێنن، بەبێ ئەوەی پێویست بکات وردەکاری ورد لەبارەی سیما نێودەوڵەتی یان نا نێودەوڵەتیی ململانێکەوە بزانێت (الظبي، ٢٠١٨، ل:٣٤).ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەنجامدەر دەبێت مەبەستی ئەنجامدانی ئەو کارە بووبێت لە چوارچێوەی شەڕی چەکداریدا و دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان پێکدەهێنن. ئەو کردەوانەی ئەنجام دەدرێن دەبێت بەئەنقەست بن و بەڕێکەوت یان بێ مەبەست نەبێت، دڵنیابوون لەوەی کە تاوانەکە بە مەبەستی زیانگەیاندن لە چوارچێوەی شەڕی چەکداریدا ئەنجامدراوە.

سێیەم: بنەمای تایبەت

بنەمای تایبەت یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ پۆلێنکردنی هەر تاوانێک وەک تاوانی جەنگ، بەپێی مادەی (٨) لە پەیڕەوی ڕۆمای بنەڕەتی بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. بەپێی ئەم بنەمایە تاوانەکە دەبێت لە چوارچێوەی شەڕێکی چەکداریدا ڕوویدات، واتا دەبێت ململانێیەکی چەکداری نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی هەبێت بۆ ئەوەی تاوانەکە بە تاوانی جەنگ هەژمار بکرێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو کردارانەی کە لە کاتی ململانێیەکدا ڕوودەدەن، تەنیا ئەگەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە خودی ململانێیەکەوە هەبێت، بە تاوانی جەنگ دادەنرێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە کردەوەکە بە تاوانی جەنگ نازانرێت ئەگەر پاڵنەری پشتەوەی کەسی بێت، بەبێ ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت بە ململانێ چەکدارییەوە (الظبي، ٢٠١٨، ل:٢٦).

**لقی دووەم**

**ئایا ئەم توندوتیژییە سێکسیانەی داعش بەرامبەر ژنانی ئێزیدی ئەنجامی داوە دەچنە چوارچێوەی تاوانی جەنگ یا نا**

پێشتریش ئاماژەمان پێدا کە بەپێی برگەی (٢/أ) ی ماددەی ٨ پەیڕەوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، پێشێلکارییە جددییەکانی ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ لە ١٢ی ئابی ١٩٤٩، بەتایبەتی کاتێک پەیوەندییان بە زیانگەیاندن بە کەسانێک یان موڵکێکەوە هەیە کە ئەم ڕێککەوتننامانە دەیانگرێتەوە، بە تاوانی جەنگ دادەنرێت، بەڵام دەبێت پەیوەندییەکی ئاشکرا و سەلمێنراو لە نێوان ئەو ڕەفتارەی کە باسی لێوە دەکرێت و شەڕی چەکداری هەبێت بۆ ئەوەی بە تاوانی جەنگ هەژمار بکرێت. ئەم پەیوەندییە پێویستە بۆ ئەوەی کردەوەیەک بەپێی یاسا وەک تاوانی جەنگ پۆلێن بکرێت، هەروەها دەتوانرێت بۆ هەردوو ململانێ چەکدارییە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆییەکان جێبەجێ بکرێت. بەم پێیە، یەکێک لە دیاریکەرە سەرەتاییەکان بۆ ئەوەی کە ئایا کردەوە تایبەتەکان مەرجەکانی تاوانەکانی جەنگ بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ دەکەن یان نا، بوونی شەڕێکی چەکدارییە. دیارە گومان لەوەدانیە کە ئەو توندوتیژییە سێکسییانەی کە لە لایەن داعشەوە بەرامبەر ژنانی ئێزیدی ئەنجام دران، لە چوارچێوەی شەڕێکی چەکداری بەردەوام لە ناوچەکەدا ڕوویدا، بە تایبەتی لە عێراق و سوریا، ئەم شەڕە ئەگەر نەچێتە ناو چوارچێوەی ململانێی چەکداری نێودەوڵەتی چونکە داعش دەولەت نیە، ئەوا بەدڵنیاییەوە –وەك لەباسی یەکەم ئاماژەمان پێداوە- دەچێتە چوارچێوەی ململانێی چەکداری ناوخۆیی یان نا نێودەوڵەتی، بەو پێیەی داعش گروپێکی ڕێکخراوی چەکداری تیرۆریستی لەیاسادەرچوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر دیارە کردەوە نامرۆڤانەکانی داعش دەرهەق بە پێکهاتەی ئێزیدی، بەتایبەتیش دەستدرێژی و توندوتیژیە سێکسیەکانی ئەندامانیان بەرامبەر بە ژنان و کچانی ئێزیدی، هەمان ئەو کردەوانەن کە لەمادەی (٨)ی پەیڕەوی ڕۆمای بنەڕەتی تایبەت بەتاوانی جەنگ، برگەی (٢/ب/٢٢)دا هاتووە کەبریتین لە لاقەکردن، لەشفرۆشی بەزۆر، دووگیان کردنی بەزۆر، کە هەموو ئەم کردەوانە قێزەوانانە بەپێی پلانێکی پێشوەختەو بەئاگاداری سەرکردایەتی داعش و ئەندامەکانیان ئەنجامدراوە لەو چوارچێوە ئۆپەراسیۆنی و ئایدیۆلۆژییەی کە ئەم ململانێ چەکدارییە دابینی کردووە. لاقەکردن و جۆرەکانی تری توندوتیژی سێکسی بۆ سەر ژنانی ئێزیدی بەشێک بوو لە هەڵمەتێکی ڕێکخراو و بەربڵاوی داعش، نەک ڕووداوێکی گۆشەگیر، بەڵکو وەک بەشێک لە ئامانجە سەربازی و ئایدیۆلۆژییە گەورەکانی داعش، ئەم کردەوانە بە ئەنقەست ئاراستەی کۆمەڵگەی ئێزیدی کرابوون بە ئامانجی تیرۆرکردن و بە کۆیلەکردنی ئەم گرووپە کەمینەیە، وە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندییەکی ڕوون و جەوهەری لە نێوان توندوتیژی سێکسی و ململانێی چەکداریدا هەیە، ئەمەش بەڵگەی سیستماتیکی توندوتیژی و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییە گەورەکانی داعشدا دەردەکەوێت (المسدی، ٢٠١٤، ل:١٥١).

داعش ئەم جۆرە کارانە وەک تاکتیکی بە مەبەست دانپێدانراون کە شەڕڤانان بۆ تیرۆرکردن و ملکەچکردن و لەناوبردنی کۆمەڵگاکان بەکاریدەهێنن نەک تەنها کاریگەریی بێ مەبەستی شەڕ بن، کردەوەکانی داعش گۆشەگیر و هەڕەمەکی نەبوون؛ بەڵکو پێکهاتەیەکی پلانێکی گەورەتر بوون بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگەی ئێزیدی و هاندانی ترس و پێشخستنی ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکانی. بۆیە تایبەت بە هەڵمەتی ڕێکخراوی لاقەکردن و توندوتیژی سێکسی لەلایەن داعشەوە بۆ سەر ژنانی ئێزیدی، ئەمە بە تەواوی لەگەڵ ئەو پێناسانەدا دەگونجێت کە لە مادەی (٢/٨ -ب-٢٢). دا هاتووەو تەواوی بنەماو مەرجەکانی تاوانی جەنگی تێدا بەدی دەکرێت وەکو ئەوەی پەیڕەوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دا هاتووە.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم توندوتیژیە سێکسیاتەی کە ئەندامانی داعش ئەنجامیانداوە بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی بەگوێرەی مادەی (٨) لە پەیڕەوی ڕۆمای بنەڕەتی بۆ دادگای تاوانکاری نێودەولەتی وەکو تاوانی جەنگ پۆلێن دەکرێن.

**باسی چوارەم**

**چۆنیەتی دادگایی کردنی ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی**

ئەزموونی دادگایی کردنی نێودەوڵەتی بۆ تاوانبارانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان، ئەزمونێکە کە وورده وورده بە تێپەڕبوونی کات گەشەی کردوەو ئەزمونێکی نەرمو نیانەو لەگەڵ تایبەتمەندی کات و شوێنی تاوانەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتوەو گونجێندراوە، بۆیە جگە لە دادگای تاوانی نێودەولەتی کە دادگایەکی بەردەوامە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەزموونی دروست کردنی دادگای نێو دەوڵەتی کاتیش هەیە جا چ دادگای نێودەولەتی کاتی تایبەت بێت یاخود تێکەڵاو. بۆیە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە ئەم باسە دابەش دەکەین بەسەر دوو داواکاری سەرەکی، داواکاری یەکەم بۆ قسەکردن لەسەر ئەوەی ئایا دەکرێت ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن، وە داواکاری دووەم بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەوەی ئایا دەکرێت ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت یان تێکەڵاو دادگای بکرێن.

**داواکاری یەکەم**

**ئایا دەکرێت ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن**

دوای هەوڵی درێژخایەن و بەردەوام، پەیڕەوی بنەڕەتی ڕۆما لە ساڵی ١٩٩٨ پەسەند کرا، کە تایبەت بوو بە دامەزرانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ دادگایی کردنی تاوانبارنی قورسترین و مەترسیدارترین تاوانە نێودەولەتیەکان، ئەم دادگایە وەکو دەزگایەکی دادوەری تاوانکاری نێودەوڵەتی هەمیشەیی سەربەخۆیە، کە لە ١ی تەمموزی ٢٠٠٢ دوای تەواو بوونی نیسابی پەسەندکردنی لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە بەرکاربووە(داریل، ١٩٩٨، ل:٧٩-١٠٧). بۆ قسەکردن لەسەر ئەوەی تا چەند گونجاوە ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن، پێویستە لەسەرەتادا زانیاریمان هەبێت دەربارەی تایبەتمەندیەکانی دادگای نێودەوڵەتی بکەین لەگەڵ ڕێگاکانی جوڵاندنی داوا لەبەردەم ئەم دادگایە دواتر گفتوگۆی ئەوەبکەین ئایا تا چەند دەکرێت توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی ببرێتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەمەش لە دوو لقی جیاواز و سەربەخۆ،بەم شێوەی خوارەوە:

**لقی یەکەم**

**دەربارەی دادگای تاوانی نێودەولەتی**

لەم لقەدا باس لە تایبەتمەندیەکانی دادگای تاونی نێو دەولەتی و ڕێگاکانی جوڵاندنی داوا لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی لە دوو خاڵی جیاوازدا.

**یەکەم: تایبەتمەندیەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی**

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ سەیرکردنی ئەم تاوانانەی کە ئەنجام دەدرێن دەسەڵاتێکی رەهای نیە تاوەکو بتوانێت سەیری هەموو جۆرە تاوانێك بکات کە لەهەر کات و شوێنێك و لەلایەن هەرکەس و وولاتێکەوە ئەنجام بدرێت، بەڵکو کۆمەڵێك کۆت و بەند هەن کە دەسەڵاتی دادگا سنوردار دەکەن بۆ سەیرکردنی تاوانەکان چ لەڕووی جۆری ئەم تاوانانەی کە پێویستە سەیری بکات، یان لەڕووی کات و شوێنی ئەم تاوانانە، یان ئەو لایەنەی کە تاوانەکەی ئەنجامداوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1 - تایبەتمەندی بابەتی (الإختصاص الموضوعي)

دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان سەیری قورسترین ئەو تاوانانە دەکات کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی جیهانی دەکەن، کە نیگەرانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی دروست دەکەن و بە مەترسییەکی جددی بۆ سەر سیستەمی نێودەوڵەتی دادەنرێت(محمد ، ٢٠١١، ل:٥١). ئەم تاوانانە لە مادەی پێنجەمی پەیڕەوی ناوخۆی دادگادا بە وردی دیاری کراون، و چوار پۆلی سەرەکی لەخۆدەگرن کە ڕەنگدانەوەی جددیترین پێشێلکارییەکانن کە تاک و دەوڵەتەکان دەتوانن دژی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجامی بدەن، ئەوانیش بریتین لە تاوانەکانی( کۆمەڵکوژی، تاوانی دژە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ و دەستدرێژی کردن)

2 - تایبەتمەندی کەسی (الإختصاص الشخصي)

بەپێی مادەی (٢٥) لە پەیڕەوی ڕۆمای بنەڕەتی کە بەڵگەنامەی دامەزرێنەری دادگاکەیە، دادگا دەسەڵاتی دادگاییکردنی ئەو کەسانەی هەیە کە تاوانی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدەن و هاوڵاتیانی ئەم وڵاتانەن کە ئەندامن لە پەیڕەوی دادگاکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم شوێن و وڵاتەی کە تاوانەکەی تیادا ئەنجام، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەرك و بەرپرسیاریەتیان، ئەمەش بەواتای دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە لێپرسینەوە بکات لەو سەرکردە سەربازی و سیاسیانەی کە فەرمانیان دەرکردووە یان سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەو تاوانانەیان کردووە بەبێ لەبەرچاو گرتنی پلەو پۆست و پارێزبەندی یاسایی.(ماجد، ٢٠٠١،ل:٣١).

3 - تایبەتمەندی شوێنی (الإختصاص المكاني)

دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان لەڕووی شوێنەوە تایبەتمەندە بە دادگاییکردنی ئەو تاوانانەی کە دەکەونە ناو خاکی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامن لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕۆمادا. ئەمەش بەو مانایەیە کە دادگا دەسەڵاتی دادوەری هەیە بەسەر ئەو تاوانانەی کە لە خاکی هەر وڵاتێکدا ئەنجامدراون کە ئەندامن لە پەیڕەوەکە هەروەها ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە لەناو کەشتی یان فڕۆکە تۆمارکراوەکان لە دەوڵەتێکی ئەندام لە پەیڕەوەکەدا ئەنجامدراون. بەڵام لەو حاڵەتانەی کە تاوانەکان لەسەر خاکی دەوڵەتێک ڕوودەدەن کە لایەنی پەیماننامەکە نییە، دادگا دەسەڵاتی دادوەری بەسەر ئەو تاوانانەدا نییە، ئەگەر دەوڵەت ڕەزامەندی لەسەر دەسەڵاتی تایبەتی دادگاکە نەدات، واتا ئەگەر تاوانەکە لە ولاتێکدا ڕوویدا کە لایەنێکی پەیڕەو نییە، ئەوا ئەم ولایەتە دەتوانێت دەسەڵاتی دادوەری دادگا قبوڵ بکات بەپێی بەیاننامەیەک کە لە تۆماری دادگا تۆمار دەکرێت و دادەنرێت (دحامنية ، ٢٠١٧،ل:٣٥٧-٣٦٧).

4 - تایبەتمەندی کاتی (الإختصاص الزماني)

بەپێی پەیڕەوی بنەڕەتی دادگا، دادگا دەسەڵاتی دادوەری هەیە بۆ سەیرکردنی تاوانەکان تەنها لە حاڵەتێکدا کە دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی پەیڕەوەکە ئەنجامدرابن. ئەم بنەمایە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێسا گشتییەیە لە یاسای تاوانەکاندا کە ناتوانرێت یاساکە بە شێوەیەکی پاشەکشەیی جێبەجێ بکرێت، ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی کە تاکەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا

ناکرێت لەسەر ئەو کارانەی کەبەر لە بوون بەئەندام لەپەیڕەوەکە ئەنجامدراوە(مادەی (١١) برگەی (١)ی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان).

بەڵام نەرمییەکی دیاریکراو دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگە بە دەوڵەتان بدات بەیاننامەیەکی تایبەت دەربکەن، کە لە تۆماری دادگادا دادەنرێت، کە تێیدا قبوڵی بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەری دەکەن لەلایەن دادگاوە سەبارەت بەو تاوانە تایبەتانەی کە پێش چوونە بواری جێبەجێکردنی پەیڕەوەکە بۆ ئەو دەوڵەتە ئەنجامدراون (مادەی (١٢) برگەی (٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان).جگە لەوەش، دەسەڵاتی دادوەری بەسەر ئەو تاوانانەی کە پێش چوونە بواری جێبەجێکردنی پەیڕەوەکە ڕوویانداوە، دەتوانرێت بە پشتبەستن بە بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەپێی بەشی حەوتەمی پەیڕەوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بدرێتە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان(بسيوني ، ٢٠٠١، لا: ٩٣).

**دووەم: ڕێگاکانی جوڵاندنی داوا لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی**

ئەگەرچی دادگای تاوانی نێودەولەتی تایبەتمەندە بە سەیرکردن و دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەم تاوانانەی کە لە ماددەی (٥)ی پەیڕەوی بنەڕەتی دادگادا هاتووە، بەڵام تایبەتمەندی دادگا بۆ سەیرکردنی ئەم تاوانانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ(التلقائي) بەرجەستە نابێت، بەڵکو بۆ ئەوەی دادگا بتوانێت تایبەتمەندی و دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێت بۆ سەیرکردنی ئەم تاوانانە پێویستە هەندێ ڕێوشوێن و میکانیزم هەیە بگیرێتە بەر، ئینجا دادگا دەتوانێت لێکۆڵینەوە لەم تاوانەنە بکات و دادگایی بکەرەکانیان بکات. میکانیزمەکانیش ئەمانەن:

1 - ڕەوانەکردن لەلایەن وڵاتانی ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

ڕەوانەکردنی کەیسەکان لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە بۆ دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان یەکێکە لە ئامرازە بنەڕەتییەکان بۆ ئەوەی دادگاکە دەسەڵاتی دادوەری خۆی بەکاربهێنێت. دەوڵەتانی ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەو دەوڵەتانەن پەیڕەوی ناوخۆی دادگاکەیان پەسەند کردووە، بەمەش دەبن بە بەشێک لە ئەنجومەنی دەوڵەتانی ئەندام. بەڵام بۆ ئەوەی کەیسێک لەلایەن دەوڵەتێکی ئەندامەوە ڕەوانەی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بکرێت، دەبێت یەکێک یان زیاتر لەو تاوانانەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکاندان لەسەر خاکەکەی لەسەر کەشتییەک یان فڕۆکەیەک کە بەناوی ئەوەوە تۆمارکراوە ڕوویدابێت، یان ئەگەر کەسی تۆمەتبار بە تاوانەکە یەکێک لەو کەسانەبوو کە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی هەیە(بجبوج، ٢٠١٧، لا:١١٤).

2 - دەستکردن بە لێکۆڵینەوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن داواکاری گشتی

لە مادەی ( ١٣/ج ) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتیدا هاتووە کە داواکاری گشتی مافی ئەوەی هەیە بە دەستپێشخەری خۆی ڕێوشوێنی تاوانکاری دەستپێبکات دژی ئەو کەسە یان کەسانەی کە تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادگادا، بەبێ ئەوەی پێویستی بە ڕەوانەکردن بێت لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش یان هەر دەوڵەتێکی لایەنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی داواکاری گشتی بتوانێت لێکۆڵینەوە بکات، دەبێت دوو مەرجی هەبن، مەرجی یەکەم: ئەوەیە کە نابێت پێشتر لەلایەن دەوڵەتێکی ئەندام یان ئەنجومەنی ئاسایشەوە ڕەوانەکردنی داواکاری گشتی هەبێت، دووەم: ئەوەیە کە تاوانەکە دەبێت لە خاکی دەوڵەتێکی ئەندام لە پەیڕەوەکەدا یان لە ولاتێکی دیکەدا ئەنجامدرابێت کە دەسەڵاتی دادگای قبوڵ کردووە، یان تۆمەتبار بە ئەنجامدانی تاوانەکە دەبێت هاووڵاتی یەکێک لەمانە بێت (لاشين ، ٢٠٢٠، لا:١٣-١٧).

3 - هەواڵەکردن لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەپێی پەیرەوی بنەڕەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، ئەنجوومەنی ئاسایش لەچوارچێوەی بەشی حەوتەمی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان کاتێك دەگاتە ئەم بڕوایەی کە کەیسێك هەڕەشەیە بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهان، دەتوانێت ئاراستەی داواکاری گشتی بکات ئەگەر بۆی دەرکەوت کە تاوانێک یان چەند تاوانێک لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادگادا ئەنجام دراوە، (بڕگەی (ب)ی مادەی ١٣ لەپەیڕەوی بنەڕەتی ). بەڵام بەپێی مادەی ( ١٧)ی پەیرەوی بنەڕەتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، دەبێت کارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی بنەمای دەسەڵاتی دادوەری تەواوکەر ئەنجام بدرێت، ئەمەش بە مانای ئەوەی کە دەسەڵاتی دادوەری تاوانکاری نیشتمانی تایبەتمەندی لە پێشینەی هەیە بۆ سەیرکردنی ئەم تاوانانە، ئەنجومەنی ئاسایش تەنها لە کاتێکدا دەتوانێت داواکاری ئاڕاستەی دادگای نێودەوڵەتی بکات ئەگەر سەلمێندرا کە دەوڵەتی پەیوەندیدار ناتوانێت یان ئامادە نییە لێکۆڵینەوە بکات یان دادگایی بکات(سلیم، ٢٠١٧، لا: ٤٢). گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە دەسەڵاتی ڕەوانەکردنی ئەنجومەنی ئاسایش جگە لە وولاتانی ئەندام، ئەم وولاتانەش دەگرێتەوە کە ئەندامی پەیرەوی بنەڕەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نین (دیب ، ٢٠١٥، لا:١٩٤-١٩٥).

4 - هەواڵەکردن لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە ئەندام نین لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

بەپێی مادەی (٣/١٢)ی پەیرەوی ناوخۆی دادگا، هەر دەوڵەتێک کە ئەندامی پەیرەوەکە نەبێت، کاتێك تاوانێك لەسەر خاکەکەی ڕوویداوە یاخود تاوانبارێك خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەوە، مافی ئەوەی هەیە کەیسەکەی ئاراستەی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بکات بۆ لێکۆڵینەوە،بەمەجێك دەوڵەتی نائەندام تایبەتمەندی دادگا بەفەرمی قبول بکات، ئەمەش پێویستی بە پێشکەشکردنی بەیاننامەیەکی فەرمی هەیە لەلایەن دەوڵەتی پەیوەندیدارەوە، کە دەدرێت بە تۆمارکەری دادگا، تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە تایبەتمەندی دادگا لە پەیوەندی لەگەڵ تاوانە پەیوەندیدارەکەدا قبوڵ دەکات. هەروەها دەوڵەتی پەیوەندیدار دەبێت بەبێ هیچ دواکەوتن و بەدەرکردنێکێك هاوکاری تەواو لەگەڵ دادگادا بکات(مادەی(١٢)پەیرەوی بنەرەتی دادگا).

**لقی دووەم**

**تا چەند دەکرێت توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی ببرێتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی**

پێشتر ئەمەمان سەلماند کە ئەو توندوتیژییە سێکسییانەی ئەندامانی داعش لە بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی ئەنجامیانداوە ، لەو تاوانانەن کە بەپێی مادەی (٥) لە پەیرەوی ڕۆمای بنەڕەتی بۆ دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بە کۆمەڵکوژی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ دادەنرێت، کەواتە لەڕووی تایبەتمەندی بابەتیەوە هیچ گرفتێك نیە، چونکە کردەوەکانی داعش بەشێوەیەکی گشتی و توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش بەرامبەر بە ژنان و کچانی ئێزیدی بەشێوەیەکی تایبەت، لەم تاوانەن کە دەکرێت ببرێتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی بکرێت لەبەردەم ئەم دادگایە، بەڵام تا ئێستا سەرەڕای تێپەڕبوونی نزیکەی یەك دەیەی تەواو بەسەر ئەم کارەساتە، هێشتا ئەم تاوانانە نەبراونەتە بەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

لەڕاستیدا بابەتی ڕەوانەکردنی تاوانبارانی داعش بۆ بەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی کارێکی ئەوەندە ئاسان نیەو بەرەو ڕووی کۆمەڵێك ئاڵنگاری و گرفت و بەربەست ئەبێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی پرسی بردنی تاوانەکانی داعش و بەتایبەتی توندوتیژی سێکسی دژی ژنان و کچانی ئێزیدی بۆ بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، جگە لەوەی بابەتێکی یاسایی زۆر ئاڵۆزەو بەندە بە پرسەکانی دەسەڵاتی دادوەری و ئەندامێتی لە پەیرەوی بنەڕەتی ڕۆما لەهەمان کاتدا پەیوەستە بە کۆمەڵێك بابەت وبەرژەوەندی تری سیاسی.

لەخوارەوەو بەچەند خاڵێك بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیەکانی دادگا لەڕووی کەسی و کاتی و شوێنیەوە، هەروەها میکانیزمەکانی جوڵاندنی داوا لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی، ئەگەرەکانی ڕەوانەکردنی تاوانەکانی داعش بۆ بەردەم دادگای

تاوانی نێودەوڵەتی دیاری دەکەین و گفتوگۆی گرفت و بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرسە دەکەین و چارەسەرو پێشنیاری پێویست دەخەینەڕوو.

**یەکەم: ڕەوانەکردنی تاوانەکانی داعش بۆ بەردەم دادگا لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە**

یەکێک لە ڕێگاکان بۆ دادگایی کردنی ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بریتیە لەوەی کە دەوڵەتی عیراقی هەڵبستێت بەرەوانەکردنی ئەم تاوانانە بۆ بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بەڵام گرنگترین کێشەکانی بەردەم ئەم ئەگەرە ئەوەیە کە دەوڵەتی عێراقی لایەنێک نییە لە پەیڕەوی بنەڕەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بۆیە بەگوێرەی مادەی ( ١٢)ی پەیڕەوەکە دادگا ناتوانێت سەیری ئەو تاوانانە بکات کە داعش لەسەر خاکی عێراق ئەنجامی داوە. بەڵام لێرەدا دەکرێت بپرسین ئایا ناکرێت عێراق لە ئێستادا ببێتە ئەندام لە پەیڕەوەکە، ئایا بە بوونی عیراق بە ئەندام لە پەیڕەوی بنەڕەتی دادگا ئەم گرفتە چارەسەر دەبێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە تاوانە سێکسیەکانی داعش دابەش بکەین بۆ دوو پۆلی سەرەکی، پۆلی یەکەمیان: ئەم توندوتیژی سێکسیانەن کە تائێستاش بەردەوامیان هەیە، چونکە تا ئێستاش بەشێك لە کچان و ژنانی ئێزیدی نەدۆزراونەتەوەو ئازاد نەکراون و لەژێر دەستی ئەندامانی داعشن و توندوتیژی سێکسیان بەرامبەر دەکرێت و وەکو کۆیلەی سێکسی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بۆ ئەم پۆلە لەتاوان ئەگەر دەوڵەتی عیراقی داواکاریەك پێشکەش بکات بۆ ئەندام بوون لە دادگای تاوانەکان و ببێت بەئەندام، ئەوا هیچ گرفتێك نامێنێت و دەتوانرێت ئەم کەیسانەی کە دوای بەئەندام بوونی عیراق بەردەوامیان هەیە ببرێتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی. پۆلی دووەم لەتاوانەکان ئەم تاوانانەن کە لەساڵی (٢٠١٤)ەوە ئەنجام دراون تاوەکو ئەو بەروارەی کە عیراق دەبێت بەئەندام لە پەیڕەوی بنەڕەتی دادگا، ئەم پۆلە لەتاوانە سێکسیەکان ئەگەر عیراق بشبێت بەئەندام لەپەیڕەوی بنەڕەتی دادگا ئەوا دادگا ناتوانێت سەیری ئەم کەیسانە بکات، چونکە بە گوێرەی برگەی (٢) لەمادەی (١١) لە پەیڕەوی بنەڕەتی ڕۆما، دادگا سەیری ئەم تاوانانە ناکات کە بەر لە ئەندام بوونی عێراق لە پەیڕەوەکە ئەنجامدراوە. ئەمەش بەهۆی بوونی بنەمایەکی سەرەکی لە پەیڕەوی ڕۆمادا، ئەویش پاشەکشەنەکردنی یاساکانە (محمود، ٢٠١٩،ل: ل:٨٢-٨٦).

بەڵام هێشتا ڕێگا چارەی تر ماوە ئەویش بەگوێرەی برگەی (٣) لەمادەی (١٢) لەپەیڕەوی بنەڕەتی ڕۆما، بەپێشت بەست بەم برگەیە ئەگەر عێراق ئەندامیش نەبێت لە پەیڕەوی بنەڕەتی ڕۆما دەتوانێت لەڕێگەی پێشکەش کردنی ڕاگەیاندراوێك یاخود یاداشتێك کە دەیدات بە تۆماری دادگا ویستی خۆی دەرببڕێت بە قبول کردنی تایبەتمەندی و دەسەڵاتی دادگا بۆ سەیرکردنی ئەم تاوانانەو پێشکەش کردنی هاوکاری پێویست، وەدەتوانێت لەم ڕاگەیەندراوە بەرواری ئەو تاوانانە دیاری بکات کە پەسەندی کردوە دادگا سەیری بکات، لەڕاستیدا دیاری کردنی ئەم بەروارە کێشەکە چارەسەر دەکات چونکە بەهۆیەوە عیراق دەتوانێت بەروارێك دیاری بکات کە بەهۆیەوە دادگای تاوانی نێودەولەتی دەسەڵاتی ئەوەی دەبێت لێکۆڵینەوە لە هەموو تاوانەکانی داعش بکات لەم ماوەیە. ئەمە جگە لەوەی کە عیراق دەتوانێت داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بکات تاوەکو ئەو هەڵبستێت بەرەوانەکردنی ئەم پرسە بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

بەڵام بەبۆچونی ئێمە گرفتەکە ئەوەیە نیە کە بەشێك لەتاوانەکان دەکەونە دوای بەئەندام بوونی عیراق لەپەیڕەوەکە، بەڵکو گرفتە سەرەکیەکە ئەوەیە تا ئێستا هەوڵی ئەوە نەدراوە عیراق ببێت بەئەندام یان پەسەندی دەسەڵاتی دادگا بکات، بۆیە پرسیارە سەرەکیەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەوڵەتی عیراق و کاربەدەستانی عیراقی ئیرادەو مەبەستی ئەوەیان هەبووەو هەیە ئەم تاوانانە رەوانەی بەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی بکەن؟

لەڕاستیدا تا ئێستا نەك هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ ئەوەی عیراق ببێت بەئەندام لە دادگای تاوانی نێودەولەتی یاخود ئەگەر نەشبێت بەئەندام پەسەندی دەسەڵاتەکانی دادگا بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ساڵی (٢٠١٧) وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی عیراق

( ابراهيم الجعفري) لەنامەیەکی کە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانی ناردووە داوا دەکات کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕێز لەسەروەری عیراق و تایبەتمەندی دادگاکانی عیراق بگرن و هاوکاری عیراق بکەن تاوەکو بتوانێت لەناوخۆ دادگایی ئەندامانی داعش بکەن(وزارة الخارجية،٢٠٢٢)، لەسەر ئەم بنچینەیە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (٢٣٧٩)ی لە (٢٠١٧/٩/٢١) دەکرد تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوای بەڵگەکان. بۆیە ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کاربەدەستانی عیراقی لەڕابردوو تاوەکو ئێستاش نایانەوێت ئەم پرسە ببرێتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان تەنها لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە ناکات کە تەنها لایەنێك ئەنجامیداوە بەڵکو لێکۆڵینەوە لە تاوانی هەموو لایەنەکانی شەڕەکە دەکات بەبێ جیاوازی. دیارە تەنها داعش تاوانی ئەنجام نەداوە بەڵکو هێزە عێراقیە جیاوازەکانیش تاوانیان ئەنجامداوە، بۆیە لەوکاتە دادگا لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەش دەکات کە لایەنەکانی دیکە لە کاتی ململانێدا ئەنجامیان داوە. بۆیە ئەگەر عێراق ببێت بە ئەندام یان بەهەر شێوازێك لەشێوازەکان پرسی ئەم تاوانانە ببرێتە بەردەم دادگای تاوانەکان، ئەوا دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لێپرسینەوە تەنها لە تاوانبارانی داعش ناکات بەڵکو لێکۆڵینەوە لە تاوانی هەموو لایەنەکان دەکات بۆیە حکومەتی عێراقی مەترسی ئەوەی هەیە کە لێپرسینەوە لە بەرپرسانی حکومەتەکەی بکرێت لەسەر ئەم تاوانانە کە لەکاتی جەنگدا ئەنجامیانداوە، لەوانەیە هەر ئەمەش هۆکاربێت کە عێراق داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نەکات تاوەکو ئەو کەیسەکە ڕەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکات یاخود دادگایەکی تایبەت یان تێکەڵی بۆ دروست بکات(کاظم ، ٢٠١٨، ل:٤٩١-٤٩٢).

بەپشت بەستن بەهەموو ئەمانەی باسکران، سەرەڕای گرنگی و زەرورەتی بوونی عیراق بە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەولەتی، ئێمە پێمان وایە بوونی عیراق بەئەندام لەداگای تاوانی نێودەولەتی کارێکی یەکجار قورسە لەم بارودۆخە سیاسیەی ئێستا عیراق پیایدا تێدەپەڕێت، ئەمەش تەنها لەبەر مەترسی تێوەگلان و دادگایی کردنی بەرپرسانی عیراقی لەشەڕی داعش نیە، بەڵکو لەترسی ئەوەی کە ئەگەر عیراق ببێت بەئەندام لەم دادگایە ئەوا دادگای تاوانەکانی نێودەولەتی دەتوانێت لێکۆڵینەوە لەهەموو ئەم تاوانانە بکات کە لەداهاتوودا لەلایەن بەرپرسانی حکومی و سەربازی حیزبی عیراقی ئەنجام دەدرێن بەرامبەر بە گەلی عیراق بەتایبەت پێکهاتە جیاوازەکانی عیراق لە سونەو کوردو ئەوانی تر. بۆیە باشترین و ئاسانترین چارەسەر بۆ بردنی ئەم تاوانانە بۆ بەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی ئەوەیە کە عیراق ڕاگەیەندراوێك بدات بە تۆماری داگاو تیایدا داوا لێکۆڵینەوە بکات لەتاوانەکانی داعش لەماوەیەك کە خۆی دیاری بکات.

**دووەم: ڕەوانەکردنی تاوانەکانی داعش بۆ بەردەم دادگا لەلایەن وڵاتانی ترەوە**

بەگوێرەی مادەی(١٣) و (١٤) لەپەیڕەوی ڕۆما، ووڵاتانی ئەندام لەپەیرەو بۆیان هەیە هەر تاوانێك لەم تاوانانەی کە لەمادەی (٥) پەیڕەوەکە ئاماژەی پێکراوەو لەسەر هەرێمی ئەوان ئەنجام دەدرێت یاخود تۆمەتبارەکەی هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەوانە ڕەوانەوەی داواکاری گشتی بکات لەدادگای تاوانی نێودەولەتی، تاوەکو هەڵبستێت بە لێکۆڵینەوە تیایدا، بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی ئایا دەکرێت ڕەوانەبکرێت بۆ دادگا یاخود نا. لەسەر ئەم بنچینەیە ئەو ووڵاتانەی تر کە داعش تاوانی لەسەر هەرێمەکەیان ئەنجامداوە یاخود ئەو ئەندامانەی داعش لە عیراق و سوریا کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو ووڵاتانەن، دەتوانن ئەم کەیسانە ڕەوانەی داواکاری گشتی بکەن لەدادگای تاوانی نێودەولەتی.

دیارە لەنێو داعشدا خەلکانێکی زۆر هەبوون کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ووڵاتانی تری وەکو( سعودیە، مصر، لوبنان، جەزائیر، مەغریب، تونس، ئەردەن، پاکستان، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەلمانیا، بەلجیکا، هۆلەندا و ئوسترالیا ) بوون، لەنێو ئەم ووڵاتانەش کۆمەڵێك ووڵات هەن کە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتین لەوانە(تونس، ئەردەن بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا،

هۆڵەندا، بەلجیکا )، ئەم ووڵاتانە دەتوانن ئەو تاوانانەی کە لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دراون کە هەلگری رەگەزنامەی ئەوانن ڕەوانەی دادگای تاوانی نێودەولەتی بکەن لەرێگای داواکاری گشتی لە دادگا، بەڵام لەرووی پراکتیکیەوە تا ئێستا هیچ ووڵاتێك لە ووڵاتانی ئەندام تاوانبارانی داعش کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەوانن ڕەوانەی دادگا نەکردوە. بۆیە لێرەدا پرسیاری ئەوە دروست دەبێت ئەی بۆچی ووڵاتێکی ئەندامی وەکو بەریتانیا یان فەرەنسا ئەم داعشانەی کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەوانن و ئێستا لە بەندیخانەکانی عێراقن نانێرێن بۆ بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی؟ هۆکارەکەی چیە؟

کاتێک باس لە ڕەوانە نەکردنی هاووڵاتیانی داعش لە وڵاتانی وەک بەریتانیاو فەرەنسا بۆ دادگای نێودەوڵەتی تاوان دەکەین، دەبێت بەرژەوەندییە سیاسییەکان و ئەگەری سزادانی ئەوانەی لە دەسەڵاتدان لەبەرچاو بگرین. زۆرجار بڕیارەکان سەبارەت بە ڕەوانەکردنی تاکەکان بۆ دادگا نێودەوڵەتییەکان، ئەگەر چی پاساوی یاساییان بۆ دەدۆزرێتەوە، بەڵام کۆمەڵێك هۆکارو بەرژەوەندی سیاسی ڕێگرن لەبەردەمی ئەم کارە لەوانە پاراستنی وێنەیەکی جوانی نێودەوڵەتی خۆیان، یاخود کاریگەری هاوپەیمانییە نێودەولەتیەکان و ترس لە تێکچوونی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەو ووڵاتانەی کەبەرژەوەندیان لەگەڵ ئەم ڕەوانەکردنە نیە.

بەڵام پوختەی قسە، ئەم ڕێگایە بۆ دادگایی کردنی ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی هەموو گرفتەکە چارەسەر ناکات وەدادپەروەری تەواو ناهێنێتەدی، چونکە ڕێگایەکی گشتگیر نیەو هەموو تاوانبارنی داعش ناگرێتەوە، بەڵکو تەنها ئەوانەی کە بیانین و هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو ووڵاتانەن کە ئەندامن لە پەیرەوی بنەڕەتی ڕۆما بۆ دادگای تاونی نێودەوڵەتی.

**سێیەم:ڕەوانەکردنی تاوانەکانی داعش بۆبەردەم دادگا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش**

هەروەك پێشتر ووتمان ئەنجومەنی ئاسایش بەگوێرەی برگەی (٣) لەمادەی (١٣) لە پەیرەوی بنەڕەتی ڕۆما دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە کەیسەکان ڕەوانەی داواکاری گشتی بکات لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، کاتێك کە لەژێر بەندی حەوتی بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان هەڵسوکەوت دەکات و بۆی دەردەکەوێت کە تاوانێك لەم تاوانانە ئەنجام دراوە کە لەمادەی (٥) پەیرەو ئاماژەی پێدراوە بەمەرجێك پێی وابێت ئەم تاوانە هەڕەشە دروست دەکات بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی جیهان و لەهەمان کاتدا تایبەتمەندی تەواوکاری دادگای تاوانی نێودەولەتیش لەبەرچاو بگرێت، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە دەرکردنی وەها بریارێك لایەنی کەم پێویستی بەوە هەیە کە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش( ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، چین و ڕوسیا) ڕەزامەندبن و مافی ڤیتۆ بەکارنەهێنن. ئەم دەسەڵاتە ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت بەکاری بهێنێت بەرامبەر هەموو وڵاتێك، جا وڵاتەکە ئەندام بێت لە پەیرەوی ڕۆما یاخود نا. بۆیە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش ئەم دەسەڵاتەی هەیە بۆچی هەولی نەداوە تاوانەکانی داعش رەوانە بکات بۆ داواکاری گشتی؟

لەڕاستیدا ئەنجومەنی ئاسایش لە چەندین بڕیاردا ئاماژە بەوە دەکات کە تاوانەکانی داعش هەڕەشە دەکەن لە ئاشتی و ئاسایشی جیهان، بەڵام بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بەندە بە پرەنسیپی تەواوکاری تایبەتمەندی دادگای تاوانی نێودەولەتی، واتا تایبەتمەندی بۆ سەیرکردنی ئەم تاوانانەی کە دەویسترێت ڕەوانە بکرێت یەکەم جار بۆ دادگاکانی ناوخۆی ووڵاتە، واتا ئەنجومەنی ئاسایش ناتوانێت ئەم کەیسانە رەوانەی دادگای تاوانەکان بکات تەنها لەوکاتەدا نەبێت کە بۆی دەردەکەوێت کە ئەو ووڵاتە ئارەزوو یان توانای نیە لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن بکات لەم تاوانانە. بۆیە لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عیراقی ئارەزووی دادگایی کردنی ئەندامانی داعشی هەبووەو دەستی کردووە بە پرۆسەی دادگایی کردن، واتا دەولەتی عیراقی خۆی هەڵساوە بە دادگایی کردنی تاوانبارانی داعش لەدادگاکانی ناوخۆ و توانای خۆیشی سەلماندوە لە پرۆسەی دادگایی کردندا،

وەداوای هاوکاریشی لە کۆمەڵگای نێودەولەتی کردوە بۆ ئەم بابەتە، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایش لەرووی یاساییەوە ناتوانێت ئەم دەسەڵاتە بەکاربهێنێت و تاوانەکانی داعش هەواڵەی دادگای تاوانی نێو دەولەتی بکات.

بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بدەین کە جگە لە ڕێگری یاسایی لە هەواڵە کردنی ئەم تاوانانە بۆ دادگا، لەڕاستیدا هۆکاری سیاسیش هەن لەپشت ئەم کارەوە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە ترسی ووڵاتانی گەورەو وڵاتانی تری بەشدار لەشەڕی داعش لەوەی کە لەکاتی ڕەوانەکردنی ئەم تاوانانە بۆ داگا، دادگا تەنها سەیری تاوانەکانی داعش ناکات بەڵکو سەیری هەموو تاوانەکان دەکات لەلایەن هەر لایەنێکەوە ئەنجام درابێت، ئەمەش مەترسی لێپرسینەوە دروست دەکات لەسەربەرپرسان لە ووڵاتانی بەشدار لەشەڕی داعش یان ئەو ووڵاتانەی کەبەهەرشێوەیەك لەشێوەکان بەشداربن لەئەنجامدانی ئەم تاوانانە، بۆیە لەکاتی هەوڵدان بۆ بەرەو ڕووی ڤیتۆی ووڵاتانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش ببێتەوە لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان یان هاوپەیمانەکانیان(محمود،٢٠١٩،لا:١٤٧-١٥٣).

**چوارەم: ڕەوانەکردنی تاوانەکانی داعش بۆ بەردەم دادگا لەلایەن داواکاری گشتی**

داواکاری گشتی بەگوێرەی برگەی (ج) لە مادەی (١٣) لەپەیرەوی بنەڕەتی ڕۆما دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کاتێك کە زانیاری پێدەگات لەسەر ئەنجامدانی تاوانێك لەم تاوانانەی کە دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی دادگای تاوانەکان ڕاستەوخۆ دەست بکات بە لێکۆڵینەوە لەم تاوانانە، بەبێ ئەوەی ڕەوانە بکرێت لەلایەن دەوڵەتێکی ئەندام یاخود لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم دەسەڵاتەی داواکاری گشتی تەنها تایبەتە بەم تاوانانەی کە لەسەر هەرێمی ووڵاتێك ئەنجام دەدرێت یان لەلایەن هاوڵاتی ئەو ووڵاتەی کە ئەندامە لەپەیڕەوی بنەڕەتی دادگای تاوانەکان یاخود ووڵاتێك کە ئەندام نیە بەڵام قبولی تایبەتمەندی و دەسەڵاتی دادگای تاوانی نێودەولەتی دەکات.

لەسەر ئەم بنچینەیە ئەگەر چی عیراق ئەندام نیە لە پەیڕەوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و قبولی تایبەتمەندی ئەم دادگایەی نەکردووە، بەڵام داواکاری گشتی لەدادگای تاوانی نێودەولەتی دەتوانێت لێکۆڵینەوە بکات دەربارەی ئەو تاوانانەی کە لە عیراقدا ئەنجامدراوە بەشێوەیەکی گشتی و توندوتیژیە سێکسیەکان بەشێوەیەکی تایبەتی کە لەلایەن ئەندامانی داعش بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی ئەنجامدراوە لەلایەن ئەو تاوانبارانەی کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو ووڵاتانەن کە ئەندامن لە پەیڕەوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەگەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەڵگەی پێویست هەیەو ئەم تاوانانە دەکەونە ناو تایبەتمەندی دادگای تاوانەکان ئەوا کەیسەکە ڕەوانی فەرمانگەی سەرەتایی لەدادگا دەکات بۆ دەست کردن بەلێکۆڵینەوە.

لەم ڕووەوە لەئەنجامی گەیشتنی زانیاری و داواکاری زۆر بۆ نوسینگەی داواکاری گشتی لەدادگای تاوانی نێودەولەتی، داواکاری گشتی پێشوو لە دادگای تاوانی نێودەولەتی لە (٢٠١٥/٤/٨) بەیاننامەیەکی دەرکرد لەسەر تاوانەکانی داعش لەهەردوو ووڵاتی عیراق و سوریا، تیایدا دوای جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم تاوانانەی داعش ئەنجامیداوە تاوانی زۆر گەورەو مەترسیدارن و هەرەشەن بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهان، باس لەوە دەکات کە لەبەر ئەوەی عیراق و سوریا ئەندام نین لە پەیڕەوی ڕۆمای بنەڕەتی لەبەر ئەوە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەتمەندی هەرێمی نیە لەسەر ئەم تاوانانەی کە لەسەر خاکی ئەم دوو ووڵاتە ڕوودەدەن، دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە هەزاران چەکداری ووڵاتانی بێگانە چوونەتە ناو ڕیزەکانی داعش و بەشدارن لەم تاوانانە، کە هەندێك لەم ووڵاتانە ئەندامی پەیڕەوی ڕۆمان لەوانە ( تونس، ئەردەن، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەلمانیا، بەلجیکا، هۆلەندا و ئوستراليا). تایبەت بە دەسەڵاتی داواکاری گشتی بۆ لێکۆڵینەوە لەم تاوانانەی کە هاوڵاتی ئەم ووڵاتانە لەعیراق و سوریا ئەنجامیانداوە لەسەر بنچینەی تایبەتمەندی کەسی دادگا، دەڵێت کە ئەوان لەکارەکانیان زیاتر جەخت لەسەر بەدواداچون و لێکۆڵینەوە دەکەن لەو کەسانەی کە بەرپرسیاریەتی گەورەیان هەیە لەناو داعش، لەم بارەیەوە بۆیان دەرکەوتوە کە زۆربەی

بەرپرسانی داعش هاوڵاتی عیراقی و سورین، بۆیە لەکاتی ئێستادا نوسینگەی داواکاری گشتی کەمترین دەرفەتی لەبەردەمە بۆ لێکۆڵینەوە لەتاوانی ئەو کەسانەی کە زۆرترین بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرن. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە تایبەتمەندی دادگا لێرەدا پەیوەستە بەبڕیاری ئەو وڵاتانەی کە ئەندام نین یاخود ئەنجومەنی ئاسایش نەوەك بەدادگا. هەروەها دەڵێت کە بەگوێرەی پەیڕەوی بنەڕەتی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە بەپلەی یەك ئەرکی دامودەزگا دادوەریە نیشتمانیەکانە، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ هەماهەنگی کردن و هاوکاری کردنی دەسەڵاتە دادوەریە ناوخۆییەکان(الأمم المتحدة، ٢٠١٥).

کەواتە داواکاری گشتی ڕەتیکردۆتەوە کە لێکۆڵینەوە بکات لەتاوانی ئەو ئەندامانەی داعش کە هاوڵاتی ئەو وڵاتانەن کە ئەندامی پەیڕەوی بنەڕەتی دادگان، بۆیە لەم دۆخەدا پێویستە ئەو وڵاتانە خۆیان کەیسی ئەم تاونبارانە ڕەوانەی دادگای تاوانی نێو دەوڵتی بکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ وڵاتێك ئەمەی نەکردووە.

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەرەکانی بەردەم ڕەوانەکردنی تاوانەکانی داعش بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی زۆرن، بەڵام هەر یەك لەم ڕێگایانە گرفتی تایبەتی یاسایی و سیاسی خۆی هەیە، کە تاوەکو ئێستا بەربەست بووە لەبەردەم ئەم ڕەوانەکردنە، ئاسانترین و بێ کێشەترین ڕێگا بەبەراورد بەئەوانی تر، بەبۆچوونی ئێمە بریتیە لە پێشکەش کردنی ڕاگەیەندراوێك لەلایەن حکومەتی عیراقی بۆ تۆماری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تیایدا قبولی دەسەڵاتی دادگا بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەم تاوانانە. لەڕاستیدا سەرەڕای بڕوای پتەومان بە زەرورەتی بردنی پرسی لێپرسینەوە لەتاوانەکانی داعش بۆ بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بەڵام وەك چۆن لەڕابردوودا ئەم کارە نەکراوە لەداهاتووشدا بەقورسی دەبینین و بە دووری دەزانین کە ئەم پرسە ڕەوانە بکرێت بۆ ئەم دادگایە، هۆکاری سەرەکیش بەبۆچوونی ئێمە –جگە لەپاساوە یاساییەکە کەخۆی دەبینێتەوە لە سەروەری ووڵات و تایبەتمەندی دادگاکانی ناوخۆ- بریتیە لە ترس لە تۆمەتبارکردن و لێپرسینەوە بەهۆی تێوەگلانی بەرپرسانی حکومی و سەربازی و ئەمنی لە حکومەتی عیراق و وڵاتانی هاوپەیمانی دژی داعش و ووڵاتانی تریش لە ئەنجامدانی تاوان و هاریکاری و پشتگیری کردنی داعش بەشێوەیەك لە شێوەکان، چونکە هیچ کەسێك لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی پارێزبەندی نیە.

## داواکاری دووەم

## دادگایی کردنی ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت یان تێکەڵاو

قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە دەخوازێت کە لەسەرەتادا کورتەیەک لەسەر دادگای نێودەوڵەتی تایبەت و تێکەڵاو باس بکەین دواتر باس لەوە بکەین ئایا دەکرێت پەنا بۆ دادگای نێودەوڵەتی تایبەت یان تێکەڵاو ببرێت بۆ دادگایی کردنیان، ئەمیش لە دوو لقی جیاواز.

### لقی یەکەم

### دەربارەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت یان تێکەڵاو

دادگا نێودەوڵەتیە تایبەت و تێکەڵەکان ئەو دادگایانەن کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست دەکرێن بەشێوەیەکی کاتی، واتا دادگایەکی کاتین و تەنها بۆ کاتێکی دیاری کراو و لەسەر ڕووداوێکی دیاریکراو لەشوێنێکی دیاری کراو کاردەکەن و دوای تەواو بوونی ئەرکەکەیان ئەوانیش کۆتاییان پێدێت و نامێنن، ئەمەش بە پێچەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کە دادگایەکی بەردەوامە. دادگا نێودەوڵەتیە کاتیەکان لەرووی پێکهاتەوە دووجۆرن: جۆری یەکەمیان (دادگای نێودەولەتی تایبەت) تەنها لە ڕەگەزی نێودەوڵەتی دروست دەکرێن، بەواتای ئەم دادگایە لە تەنها دادوەرو پسپۆری نێودەولەتی پێك دێت. جۆری دووەم (دادگای

نێودەولەتی تێکەڵاو) کە لە هەردوو رەگەزی نێودەوڵەتی و ناخۆیی یان نیشتمانی پێك دێت، بە واتای دادوەرو پسپۆرانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بەیەکەوە بەشدارن لە پێکهاتەو بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم دادگایە.

لەخوارەوە پوختەیەك لەسەر هەردوو جۆری ئەم دادگا کاتیە تایبەتە نێودەولەتیانە باس دەکەین، هەر یەکێکیان لە خاڵێکی سەربەخۆ.

**یەکەم: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت**

دادگا تایبەتەکانی تاوانکاری نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی پەرسەندنێکی بەرچاو دەکەن لە دیمەنی یاسایی جیهانیدا، کە بۆ چارەسەرکردن و لێپێچینەوە لە جددیترین پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی دارێژراون. ئەم دادگایانە بە پێچەوانەی دادگا نیشتمانییەکان، لە پێکهاتە و ئەرکەکانیاندا بە تەواوی نێودەوڵەتین، جەخت لەسەر بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەنەوە بۆ دەستەبەرکردنی لێپرسینەوە لە تاوانە قێزەونەکان کە سنوورە نیشتمانییەکان تێدەپەڕێنن و کاریگەرییان لەسەر مرۆڤایەتی بە گشتی هەیە. مەنتقی دامەزراندنی ئەم دادگایانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەندێک تاوان وەک جینۆساید، تاوانی جەنگ و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی هێندە قورسن پێویستیان بە وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی هەیە، بەتایبەت لەم بارودۆخانەدا کە سیستەمی دادوەری ناوخۆیی نایانەوێت یاخود ناتوانن بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی ، ململانێ، یان هاوبەشی لە تاوانەکاندا لەگەل ئەم تاوانەکاندا مامەڵە بکات. سەرهەڵدانی ئەم دادگایانە دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای جەنگی جیهانی دووەم، دادگاییکردنەکانی نورنبێرگ و تۆکیۆ وەک سەرەتاییترین نموونە کاردەکەن. بەڵام کەلێنێکی بەرچاو لە نێوان ئەم هەوڵە سەرەتاییانە و دامەزراندنی دادگا تایبەتەکان هەبوو. سەرەڕای ڕوودانی بەربڵاوی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە دەیەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا ساڵانی نەوەدەکان هیچ دادگایەکی نوێی تاوانکاری نێودەوڵەتی دروست نەکرد. ئەو دڕندەییانەی لە کاتی ململانێکانی یوگۆسلاڤیا و ڕواندای پێشوودا ئەنجامدراون کە بە توندوتیژیی نەتەوەیی و نەژادی بەربڵاو، پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ و کردەوەی جینۆساید تایبەتمەند بوون، کە پێویستی دەستێوەردانی دادوەری نێودەوڵەتییان هێنایەکایەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، دارمانی حوکمڕانی نیشتمانی و شکستی سیستەمی یاسایی ناوخۆیی بۆ چارەسەرکردنی تاوانە ئەنجامدراوەکان، پێویستی بە دروستکردنی دادگا نێودەوڵەتییەکان لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هێنایەئاراوە(محمود، ٢٠١٩، لا:١١٩-١٢١).

لەگرنگترین نمونەی پەنابردن بۆ دادگا نێودەولەتیە تایبەتەکان لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە بۆ وەستانەوە بەرامبەر تاوانە نێودەولەتیەکان دادگای نێودەولەتی تایبەتی یوگسلافیاو رواندان.

دادگای یوگۆسلاڤیای پێشوو کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ١٩٩٣ دامەزرا، یەکێک بوو لە یەکەم دادگا تایبەتەکانی لە جۆری خۆیدا. لە بەرامبەر دابەشبوونی توندوتیژی یوگۆسلاڤیا دروست بوو کە دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیی بوو، کاتێك کە گرژییە نەتەوەییەکان پەرەی سەند و بوو بە ململانێیەکی دڕندانە بەهۆیەوە کوشتنی بەکۆمەڵ و ئاوارەبوونی زۆرەملێ و پێشێلکارییە جددیەکانی دیکەی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکانی لێکەوتەوە. ئەرکی دادگای یوگۆسلاڤیای پێشوو دادگاییکردنی ئەو کەسانە بوو کە بەرپرسیارن لە پێشێلکارییە جددیەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی کە لە ساڵی ١٩٩١ەوە ئەنجامدراون(ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکان، بڕیارنامەی ٨٢٧ لە ساڵ ١٩٩٣).

بەهەمان شێوە دادگای ڕواندا بە بڕیاری ژمارە( ٩٥٥)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ( ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤ )لە کاردانەوەی کۆمەڵکوژیەکانی ڕواندا دامەزرا ، کە نزیکەی ٨٠٠ هەزار کەس لە ماوەی چەند مانگێکدا کوژران. دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕواندا ئەرکی دادگاییکردنی ئەو کەسانەی پێسپێردرابوو کە بەرپرسیارن لە جینۆساید و پێشێلکارییە جددیەکانی دیکەی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان کە لە کاتی شەڕەکەدا ئەنجامدرابوون. (مستاري ، ٢٠١٨، ل:٢٥٢-٢٦٢).

ئەم دادگا تایبەتیانە خزمەت بە چەندین مەبەستی سەرەکی دەکەن لە دەرەوەی دادگاییکردنی تاکەکان. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانیان گەیاندنی دادپەروەری و چاکسازییە بە قوربانیانی قورسترین تاوانە نێودەوڵەتییەکان. ئەم دادگایانە بە لێپرسینەوە لە تاوانباران، یارمەتیدەرن بۆ گەڕاندنەوەی هەستی دادپەروەری و کەرامەت بۆ قوربانییەکان و کۆمەڵگاکانیان. ئەرکێکی گرنگی دیکەی ئەم دادگایانە ڕێگریکردنە؛ ئامانجیان ئەوەیە پەیامێکی ڕوون بنێرن کە ئەوانەی تاوانی نێودەوڵەتی گەورە ئەنجام دەدەن لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، بەبێ گوێدانە پێگەی خۆیان یان ئەو چوارچێوەیەی کە تاوانەکان تێیدا ئەنجامدراون (بڕیارنامەی ژمارە (٨٠٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش کە لەلایەن ئەنجومەنەوە لە دانیشتنی ٣١٧٥ی لە ٢٥ی ئایاری ١٩٩٣ ). جگە لەوەش، ئەم دادگایانە بەشدارییەکی بەرچاویان کردووە لە پەرەسەندنی یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، پێشینەی یاسایی گرنگ و ڕوونکردنەوەی جێبەجێکردنی بنەما یاساییەکانی بەرپرسیارێتی، پێناسەکردنی جینۆساید و دادگاییکردنی تاوانە سێکسی و جێندەرییەکان (المسدی، ٢٠١٤، ل:٤٥).

سەرەڕای گرنگی بوونی هەردوو دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی یوگسلافیای پێشوو و ڕواندا لە پێشخستنی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیدا هێنانەدی دادپەروەری تاوانکاری نێودەوڵەتی، بەڵام ئەم جۆرە دادگا تایبەتانە لەهەمان کاتدا بەرەو ڕووی ڕەخنەی زۆر بوونەوە. یەکێک لە پرسە دیارەکان درێژیی ماوەی دادگاییکردنەکانە، لە کاتێکدا دادگاکە سەرەتا بە هیوایەکی زۆرەوە پێشوازی لێکرا، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا نیگەرانییەکان سەبارەت بە کارایی و ئەدای ئەم دادگایانە سەریان هەڵدا. دادگاییکردنەکان زۆر زیاتر لە ماوەی قبوڵکراو درێژبوونەوە، ستانداردەکانی مافەکانی مرۆڤیان پێشێلکرد بۆ ڕێوشوێنەکان لە کاتی خۆیدا. زۆرێک لە تۆمەتباران ماوەیەکی دوورودرێژ دەست بەسەرکراون لەدەرەوەی ستانداردەکان. جگە لەوەش کەسایەتییە سەرەکییەکانی بەرپرسیار لە تاوانەکە، بەتایبەتی بەرپرسانی پلە باڵا، بە ئازادی ماونەتەوە، لە کاتێکدا دادگا بە پلەی یەکەم سەرنجی لەسەر دادگاییکردنی تاوانبارانی ئاستی خوارەوە و ناوەڕاست بوو.

هەروەها بنەمای یاسایی بۆ دامەزراندنی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لە یوگسلافیاو ڕواندا خاڵێکی دیکەی مشتومڕ بوو، دادگاکە لە ڕێگەی بڕیارنامەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دروستکراوە، کە هەندێک لە یاساناسان ئەمە بەگرفت دادەنێن و بۆچونیان وایە کە ئەنجوومەنی ئاسایش بەهۆی ئەوەی لایەنێکی سیاسییە، زۆرجار لەژێر کاریگەری بەرژەوەندیی ئەندامە هەمیشەییەکانیدایە، ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی بەسیاسیکردنی دادپەروەری. ئەمەش نیگەرانییەکان دەوروژێنێت کە ئایا دادگاکە بەڕاستی سەربەخۆ بووە یان ملکەچی پاڵنەرە سیاسییەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان بووە. ڕەخنەگران دەڵێن ئەم کاریگەرییە سیاسییە دادگای زیاتر کردووە بە ئامرازێک بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکیەکان نەک دامەزراوەیەکی تەواو یاسایی کە تایبەتە بە گەیاندنی دادپەروەری بێلایەن.

سەرەڕای ئەوەی بێلایەنی دادگاکەش کەوتوتە ژێر پرسیارەوە، وەک دادگا نێودەوڵەتییەکانی دیکە، ڕەخنەگران دەڵێن کە ئەم دادگایانە لەلایەن سەرکەوتووانی ململانێکەوە دروستکراوە.. دادوەرەکان کە بە پلەی یەکەم لە وڵاتانی هاوپەیمانی سەرکەوتوو بوون، وەک لایەنگرییەک سەیر دەکران، لە کۆتاییدا، لەهەمان کاتدا تێچووی دروست کردن و بەڕێوەبردنی ئەم

دادگایانە یەکجار زۆرە و هیچ لایەنێك ئەم ئامادەنەبوو ئەم تێچووە دابین بکات، بەم هۆیەوە کەموکوری لۆجستیکییەکانی وەک نەبوونی ژێرخانی دادگایەکی تەواو گەشەسەندوو، کەمیی کارمەند نەبوونی باڵەخانەو هۆڵ گرفتیان بۆ کاری ئەم دادگایانە دروست کردوە (محمود، ٢٠١٩، لا: ١٢٤-١٢٧).

**دووەم: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تێکەڵاو**

دادگاکانی تاوانی تێکەڵاو، دامەزراوەی دادوەرین کە نوێنەرایەتی تێکەڵەیەک لە دادگاکانی تاوانی نێودەوڵەتی و دادگا نیشتمانییەکان دەکەن، کە سوودەکانی دادگا کاتییەکان لەگەڵ سوودەکانی لێپێچینەوەی یاسایی لەبەردەم دادگا نیشتمانییەکان تێکەڵ دەکەن. ئەم دادگایانە وەک وەڵامێک بۆ ئەو ڕەخنە و سەختییانەی کە دادگا نێودەوڵەتییەکانی پێشوو ڕووبەڕوویان بووەوە سەریان هەڵدا (مطر، ٢٠٠٨لا:٦).

دادگاکانی تاوانی تێکەڵاو وەک چارەسەرێکی مامناوەند سەریان هەڵداوە تا دەوڵەتان بتوانن بەدواداچوون و سزای ئەو کەسانە بدەن کە بەرپرسیارن لە تاوانە گەورەکان کە لە چوارچێوەی ململانێ چەکدارییەکان ئەنجامدراون، کە بە توندوتیژی بەربڵاو دژی خەڵکی مەدەنی و پێشێلکردنی ڕێساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی تایبەتمەندن. شێوازەکانی دامەزراندنی دادگای تاوانکاری تێکەڵاو و ئەو بنەما یاساییانەی کە پشتیان پێدەبەسترێت لە دادگایەکەوە بۆ دادگایەکی دیکە جیاوازە، بە پشتبەستن بە بارودۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی. لە هەندێک حاڵەتدا دادگاکان بەپێی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لە نێوان وڵاتانی پەیوەندیدار و نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراون، لە هەندێک حاڵەتی دیکەشدا بە بڕیارێک لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی برگەکانی بەشی حەوتەمی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکراون. سەرەڕای جۆراوجۆری شێوازەکانی دامەزراندنی، هەموو دادگا تێکەڵەکان هاوبەشی بوونی نەتەوە یەکگرتووەکانن وەک لایەنێکی سەرەکی لە دامەزراندنی خۆیاندا، و ئامانجیان بەدەستهێنانی دادپەروەری تاوانکاری نێودەوڵەتییە.ئەم دادگایانە دادوەر و داواکاری گشتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی تێکەڵ دەکەن، و دەسەڵاتی دادوەری تێکەڵاویان هەیە کە تاوانە نێودەوڵەتییەکان و هەندێک تاوان بەپێی یاسا نیشتمانییەکان لەخۆدەگرێت. ئەم دادگایانە یاسای نێودەوڵەتی و نیشتمانی تێکەڵ دەکەن، چ لە ڕووی یاسا و ڕێکارە بنەڕەتیەکانی دادبینی کردن ، ئەمەش جیایان دەکاتەوە لە دادگاکانی تر.

نموونەی دادگای تایبەتی تێکەڵاو لە ڕووی پراکتیکیەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زۆرن لەوانە: دادگای تایبەت بە کۆسۆفۆ، دادگای تەیموری ڕۆژهەڵات، دادگای سیرالیۆن، دادگای کەمبۆدیا و دادگای لوبنان.

**لقی دووەم**

**تاچەند گونجاوە ئەندامانی داعش لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتی تایبەت یان تێکەڵاو دادگایی بکرێن**

لەڕاستیدا دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بۆ دادگایی کردنی ئەندامانی داعش پڕە لە ئاستەنگ و پێویستی بە پشتیوانی نێودەوڵەتی فراوان و پابەندبوونی دارایی و یاسایی بەرچاو لە کۆمەڵگەی جیهانییەوە هەیە، کە لەوانەیە دەستەبەرکردنی قورس بێت. لەهەمان کاتدا پرسەکانی دەسەڵاتی دادوەری بەربەستێکی دیکەی بەرچاون، چونکە داعش لەو ناوچانەدا کاردەکات کە لەلایەن وڵاتانی ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵ نەکراون، ئەمەش کاریگەری دادگا بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەری ئاڵۆز دەکات. جگە لەوانەش کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگە و پاراستنی شایەتحاڵەکان، پێویستی بە میکانیزمی کاریگەر و پێشکەوتووو ڕێوشوێنی تۆکمە هەیە بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنی دادگاکەو پرۆسەی دادگایی کردنەکان.

لەلایەکی دیکەوە دادگایەکی تێکەڵاو کە توخمە یاساییە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان تێکەڵ دەکات، ڕێبازێکی پراگماتیک بۆ لێپێچینەوە لە ئەندامانی داعش دەخاتە ڕوو. ئەم جۆرە لە دادگا کە شارەزایی دادوەری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی یەکدەخات، ڕێگە

بە بەکارهێنانی هاوسەنگی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان و زەمینە یاسایی و کولتوورییە ناوخۆییەکان دەدات، کە دەتوانێت شەرعیەت و کاریگەری دادگا لە ناوچە زیانلێکەوتووەکاندا بەرز بکاتەوە، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە قبوڵکردن و کاریگەرییەکانی لەناو کۆمەڵگادا زیاد دەکات. بەڵام لەهەمان کاتدا مۆدێلی دادگای تێکەڵاو ڕووبەڕووی بەربەستی بەرچاو دەبێتەوە، لەوانە هەماهەنگی کاریگەر لە نێوان پێکهاتە نێودەوڵەتی و نیشتمانییەکان یەکێك بێت لە ئاڵنگاریەکان، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێتە هۆی ناتەبایی و ناکارایی ڕێکارەکان. یەکخستن و گونجاندنی سیستەمی یاسایی جیاواز لەوانەیە کێشە لە پاراستنی ڕێبازێکی یەکسان لە دادپەروەریدا دروست بکات. کاریگەری دادگای تێکەڵاو بەڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە هێز و سەربەخۆیی سیستەمی یاسایی نیشتمانی پەیوەندیدارەوە.

بۆیە بڕیاری پەنابردنە بەر دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی تایبەت یان تێکەڵاو، بەندە بە هەڵسەنگاندنێکی وردی ئەم هۆکارانە، بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی تایبەتی تاوانەکانی داعش و لایەنە پراکتیکیەکانی دامەزراندنی بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە دامەزراوانە. هەر ڕێبازێک شایستەیی و تەحەددیاتی خۆی هەیە و دەبێت هەڵبژاردنەکە لەگەڵ ئامانجە فراوانەکانی دادپەروەری و لێپرسینەوە لە قوربانیانی پێشێلکارییە قورسەکانی داعش هاوتەریب بێت. دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی کاتی کە تایبەت بێت بە تاوانەکانی داعش دەتوانێت سوودی بەرچاو پێشکەش بکات بە دابینکردنی چوارچێوەیەکی دادوەریی ووردو تایبەتمەند کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتی ناوازە و بەرفراوانی دڕندەییەکانی داعش ، وەك کوشتنی بەکۆمەڵ، توندوتیژی سێکسی و پێشێلکارییە قورسەکانی دیکەی یاسا نێودەوڵەتییەکان. دادگایەکی لەو جۆرە پێویستی بە میکانیزمی تایبەت هەیە بۆ چارەسەرکردنی قەبارە و توندی تاوانەکان، دڵنیابوون لەوەی کە دادپەروەری بەو شارەزاییە بەڕێوەدەچێت کە پێویستە بۆ ئەو کەیسە ئاڵۆزانەی کە بەڵگەی بەرفراوان و ژمارەیەکی زۆر قوربانی تێدایە.

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە دروستکردنی دادگایەکی تایبەت یان تێکەڵاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم تاوانانە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکانەوە پێشنیارکراوە، لەوانە دەوڵەتەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و پسپۆڕانی یاسایی، لەوانە لە ساڵی ٢٠١٩ ئەڵمانیا و فەرەنسا پێشنیاری دامەزراندنی "دادگایەکی تایبەت"یان کرد بۆ دادگاییکردنی ئەندامانی داعش. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە دادگای نێودەوڵەتی دەتوانێت باشتر پابەندبوون بە ستاندارده یاساییە نێودەوڵەتییەکان مسۆگەر بکات.

بە کورتی، لە کاتێکدا کە هەوڵ و پێشنیار هەبووە بۆدامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی تایبەت یان تێکەڵاو بۆ دادگایی کردنی ئەندامانی داعش، بەڵام گونجاوی ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە بەندە بە کۆمەڵێک هۆکاری یاسایی و سیاسی و پراکتیکی. دامەزراندنی دادگا تایبەتمەندەکان ڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو تاوانە قورسانەی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجامدراون و دڵنیابوون لە دادپەروەری بۆ قوربانییەکان. بەڵام سەرکەوتنی ئەم دادگایانە بەندە بە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگە گرنگەکان و دڵنیابوون لەوەی کە لە چوارچێوەیەکدا کاردەکەن کە ڕێز لە ستاندارده نێودەوڵەتییەکان دەگرێت و قسە لەسەر ئاڵۆزییە ناوازەکانی دۆخەکە دەکات(Houry, 2019).

لە کۆتایدا بەبۆچوونی ئێمە دادگا نێودەوڵەتییە تێکەڵەکان بژاردەیەکی پەسەندکراوترە بۆ دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان بەهۆی چەندین هۆکاری پەیوەست بە دادپەروەری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەمەش وایکردووە کە ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگیەکانەی پەیوەستن بە ململانێ چەکدارییەکان و پێشێلکارییە گەورەکانی مافەکانی مرۆڤ. بەمەش دادپەروەری بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەدەست دەهێنێت. هاوسەنگی ئەم دادگایانە لە نێوان یاسای نێودەوڵەتی و ناوخۆدا توخمێکی گرنگە، چونکە دەتوانێت بەشداری بکات لە بەدەستهێنانی دادپەروەری بە دابینکردنی

میکانیزمێکی یاسایی کە تایبەتمەندییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتانە لەبەرچاو بگرێت کە بەهۆی ململانێکانەوە کاریگەرییان لەسەرە.

لە لایەکی دیکەوە دادگا تێکەڵەکان سوود لە سەرچاوە و شارەزایی ناوخۆیی وەردەگرن، ئەمەش بەشدارە لە کەمکردنەوەی تێچوونەکان و زیادکردنی کارایی دادگاکەو خێرایی پرۆسەی دادگاییکردنەکان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پێداویستی و خواستەکانی کۆمەڵگایە.لەلایەکی تر بەرزکردنەوەی متمانە و شەرعیەت یەکێکە لە سوودە سەرەتاییەکانی ئەم دادگایانە. کاتێک دادگاکان پسپۆڕانی ئەو وڵاتەی کە باسی لێوە دەکرێت لەخۆدەگرن، ئەمە دەتوانێت متمانە و شەرعیەتیان لە چاوی کۆمەڵگەی ناوخۆییدا بەرز بکاتەوە، کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر قبوڵکردنی بڕیارە کۆتاییەکانە.

بۆیە دادگا نێودەوڵەتییە تێکەڵەکان باشترین بژاردەیە بۆ دادگایی کردنی ئەندامانی داعش لەسەر توندوتیژیە سێکسیەکانیان بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی، چونکە نوێنەرایەتی نموونەیەکی کاریگەرتر دەکەن بەراورد بە دادگا نێودەوڵەتیە تایبەتەکان.

## کۆتایی

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا لەمەڕ پرسی چۆنیەتی دادگایی کردنی ئەندامانی داعش لەسەر ئەم توندوتیژیە سێکسیانەی کە بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی ئەنجامیانداوە لەبەردەم دادگایەکی تاوانی نێودەولەتی، گەیشتینە کۆمەڵێك دەرئەنجام و پێشنیار، لەخوارەوە ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:

یەکەم: دەرئەنجامەکان

١-سەرەڕای نەمانی دەوڵەتەکەی داعش و لەدەستدانی پێگەی خاکی خۆی، داعش وەک هێزێکی یاخیبوو هەرماوەو بەردەوامە لە چالاکییەکانی، مەترسی هەیەو دوور نیە لە ئەگەری گۆڕانی هاوکێشەکان جارێکی تر بەهێزەوە بگەڕێتەوە گۆڕەپانەکە.

٢-ئێزیـدییەکان گرووپێکـی یـان کەمینەیەکـی ئـاییین و لە ڕووی نەتەوەیـیەوە سـەر بە نەتەوەی کـوردن. وە لەڕووی یاسایشەوە لە دەستوری عیراقی و یاساکانی هەرێمی کوردستان یەزیدیەکان وەکو کەمینەیەکی ئاینی ناسراون و دانیان پێدانراوە . بۆیە وەکو کەمینەیەکی ئاینی شایانی پاراستن و پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناوخۆیین.

٣- بەشێوەیەکی گشتی توندوتیژی و دەستدرێژیە سێکسیەکانی داعش بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی پۆلێن دەکرێت بۆ لاقەکردن، بەکۆیلەکردنی، سکپڕکردنی بەزۆرو هاوسەرگیری بەزۆر.

٤- توندوتیژیە سێکسیەکانی داعش بەرامبەر کچان و ژنانی یەزیدی تاوانی کۆمەڵکوژی، دژە مرۆڤایەت و تاوانی جەنگن و سەرجەم بنەماکانی ئەم تاوانەیان تیادا دێتەدی بەگوێرەی مادەکانی (٦،٧،٨) لەپەیرەوی بنەڕەتی ڕۆما .

٥-لەبەر ئەوەی عیراق ئەندام نیە لەپەیڕەوی بنەڕەتی ڕۆما، بۆیە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ ناتوانێت لێکۆڵینەوە بکات لەتاوانەکانی عیراق

٦-بژاردەکانی دەوڵەتی عیراقی بۆ ڕەوانەکردنی تاوانەکانی داعش بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی زۆرن، گرنگترینیان بوونی عیراقە بەئەندام لەم دادگایە، یاخود پێشکەش کردنی ڕاگەیاندراوێکە بۆ تۆماری دادگاکە بەمەبەستی قبول کردنی تایبەتمەندی دادگای تاوانکاری نێودەولەتی، یان داواکردنە لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان تاوەکو ئەو بابەتەکە

رەوانەی ئەم دادگایە بکات. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو وولاتانەی تر کە ئەندامن لەپەیڕەوی ڕۆماو هەندێ لە ئەندامانی داعش هاولاتی ئەوانن و هەڵگری رەگەزنامەی ئەوانن دەتوانن ئەم هاولاتیانەیان رەوانەی بەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی بکەن.

٧- تائێستا نەعیراق و نە وولاتانی تری پەیوەندا ئامادەنین تاوانەکانی داعش رەوانەی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بکەن هۆکاری سەرەکیش–جگە لەپاساوە یاساییەکە کەخۆی دەبینێتەوە لە سەروەری وولات و تایبەتمەندی دادگاکانی ناوخۆ-بریتیە لە ترس لە تۆمەتبارکردن و لێپرسینەوە بەهۆی تێوەگلانی بەرپرسانی حکومی و سەربازی و ئەمنی لە حکومەتی عیراق و ولاتانی هاوپەیمانی دژی داعش و وولاتانی تریش لە ئەنجامدانی تاوان و هاریکاری و پشتگیری کردنی داعش بەشێوەیەك لە شێوەکان، چونکە هیچ کەسێك لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی پارێزبەندی نیە.

٨-باشترین و ئاسانترین چارەسەر بۆ بردنی ئەم تاوانانە بۆ بەردەم دادگای تاوانی نێودەولەتی ئەوەیە کە عیراق راگەیەندراوێك بدات بە تۆماری داگاو تیایدا داوا لێکۆڵینەوە بکات لەتاوانەکانی داعش لەماوەیەك کە خۆی دیاری بکات.

٩- دادگا نێودەوڵەتییە تێکەڵەکان بڕاردەیەکی ترن بۆ دادگایی کردنی ئەندامانی داعش لەسەر توندوتیژیە سێکسیەکانیان بەرامبەر ژنان و کچانی ئێزیدی، چونکە نوێنەرایەتی نموونەیەکی کاریگەرتر دەکەن بەراورد بە دادگا نێودەوڵەتیە تایبەتەکان.

لەراستیدا سەرەڕای برواى پتەومان بە زەرورەتی بردنی پرسی لێپرسینەوە لەتاوانەکانی داعش بۆ بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

**دووەم: ڕاسپاردەکان**

لەپێناوی دەرباز نەبوونی تاوانبارانی داعش لەلێپرسینەوەو سزاو گەڕانەوەی ماف بۆ قوربیانیانی ئێزیدی و هاتنەکایەی دادپەروەری، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١- زەرورەتی پەسەندکردنی دەولەتی عیراقی بۆ پەیڕەوی ناوخۆی ڕۆما و بوون بەئەندام لەدادگای تاوانکاری نێودەولەتی، بەمەش لەئێستادا دەسەلاتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کراوە دەبێت بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی کە تاوانیان بەرامبەر ژنانی ئێزدی ئەنجامداوە، لەداهاتوشدا ئاسانکاری دەکات بۆ رەوانە کردنی هەر تاونێکی تر کە لەعیراق ڕوودات.

٢-یان دەوڵەتی عیراقی ڕاگەیەندراوێك بدات بە تۆماری داگاو تیایدا داوای لێکۆڵینەوە بکات لەتاوانەکانی داعش لەماوەیەك کە خۆی دیاری بکات، بەمەش دادگای تاوانی نێودەولەتی دەتوانێت دەسەلاتی دادگایی خۆی بەکاربهێنێت بۆ دادگایی کردنی ئەندامانی داعش.

٣-پێشنیاری سێیەم بۆ دادگایی کردنی ئەندامانی داعش ئەوەیە کە عیراق هەوڵی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تێکەڵاو بدات بەهاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان کە تێکەڵەیەك بێت لەپسپۆرانی ناوخۆو دەرەکی، بە لەخۆگرتنی یاسا ناوخۆیی و پابەندبوون بە ستاندارده نێودەوڵەتییەکان، بەشێوەیەك کە یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی خێراتر بۆ کەیسەکانی پەیوەست بە ئەندامانی داعش.

٤-گرنگی هاوکاری کردنی عیراق لەگەڵ وولاتانی ترو دامودەزگا نێودەولەتی و ڕێکخراوە نێودەولەتیەکان لەبواری کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەی پێویست لەسەر تاوان و تاوانباران و پرۆسەکانی دۆزینەوەو دەستگیرکردن و ڕادەستکردنی تاوانباران بەمەبەستی دادگایی کردنیان.

**سەرچاوەکان**

**مادده یاساییەکان:**

١. مادەی (١١) برگەی (١)ی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

٢. مادەی (١٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

٣. مادەی (٢٥) ی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

٤. مادەی (٣٩)ی پەیڕەوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**كتێب:**

١. القهوجي، علي عبد القادر .٢٠٠١. المحاكم الدولية الجنائية: القانون الدولي الجنائي وأهم الجرائم الدولية .الطبعة الأولى. بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية.

٢. سلامة، أيمن عبدالعزيز محمد . ٢٠٠٦. المسؤولية الدولية عن ارتكاب جريمة الإبادة الجماعية .القاهرة: دار العلوم القانونية.

٣. حمدي، صلاح الدين أحمد . ٢٠١٠. دراسات في القانون الدولي العام .الطبعة الثانية. أربيل: مركز أبحاث القانون المقارن.

٤. المسدي، عادل عبد الله . ٢٠١٤. المحكمة الجنائية الدولية: الاختصاص وقواعد الإحالة .الطبعة الثانية. القاهرة: دار النهضة العربية.

٥. بوسماحة، نصر الدين . ٢٠٠٨ .المحكمة الجنائية الدولية: شرح اتفاقية روما مادة بمادة .الجزء الثاني. الجزائر: دار هومة للطباعة والنشر والتوزيع.

٦. سليم، عبدالغفار عباس . ٢٠١٧. الإجراءات الجنائية أمام المحكمة الجنائية الدولية .الطبعة الأولى. القاهرة: دار النهضة العربية.

٧. المطر، عصام عبدالفتاح . ٢٠٠٨. القضاء الجنائي الدولي .الإسكندرية: دار الجامعة الجديدة.

٨. الهاشمي، هشام. ٢٠١٥. عالم داعش: من النشأة إلى إعلان الخلافة .الطبعة الأولى. بغداد: دار بابل.

٩. عبود، زهير كاظم. ٢٠٠٥ .الإيزيدية: حقائق وخفايا وتفاصيل .الطبعة الأولى. بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

١٠. جندى، خليل. ٢٠٠٨. الإيزيدية والامتحان الصعب .الطبعة الأولى. أربيل، العراق: دار أراس للطباعه والنشر.

١١. جندى ، خليل. ٢٠١٨ .الإيزيدين: المعتقدات، الميثولوجيا، الطبقات الدينينة .الطبعة الأولى. العراق: دار الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع.

١٢. عثمان، محمود فرحان. ٢٠٠٣ .دراسات ومباحث في فلسفة وماهية الدين الإيزيدي .دهوك: مطبعة جامعة دهوك، مركز الأبحاث العلمية والدراسات الكردستانية.

١٣.عطية، أبو الخير أحمد. ١٩٩٩ .المحكمة الجنائية الدولية الدائمة .مصر: دار النهضة العربية.

١٤. القهوجي، علي عبدالقادر. ٢٠٠٦ .القانون الجنائي الدولي .منشورات الحلبي الحقوقية، الطبعة الأولى.

١٥. الشاذلي، فتوح عبدالله. ٢٠٠١ .القانون الدولي الجنائي: أوليات القانون الدولي الجنائي، النظرية العامة للجريمة الدولية . مصر: دار المطبوعات الجامعية.

١٦.عبد الخالق، محمد عبد المنعم. ١٩٨٨.النظرية العامة للجريمة الدولية .دار النهضة العربية.

١٧. بسيوني، محمود شريف. ٢٠٠١ .المحكمة الجنائية الدولية .مطابع روز اليوسف الجديدة، مصر.

١٨. ديب، على وهبي. ٢٠١٥ .المحاكم الجنائية الدولية – تطورها و دورها في قمع الجرائم الدولية .منشورات الحلبي الحقوقية، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان.

**نامەی ئەکادیمی:**

١٩. رفيق، دريا فخرى . ٢٠١٦. ولاية المحكمة الجنائية الدولية على الجرائم الواقعة في الدول غير الأعضاء .رسالة ماجستير. جامعة صلاح الدين، أربيل.

٢٠. العبادي، زياد أحمد محمد .٢٠١٦. دور المحاكم الجنائية الدولية الخاصة في تحديد جريمة الإبادة الجماعية والمعاقبة عليها . رسالة ماجستير. كلية الحقوق، جامعة الشرق الأوسط.

٢١. محمود، قهرمان عثمان .٢٠١٩. آليات محاكمة أفراد تنظيم داعش المتهمين بارتكاب الجرائم الدولية .رسالة ماجستير. جامعة صلاح الدين، أربيل.

٢٢. محمد، سناء عيد عوده .٢٠١١. إجراءات التحقيق والمحاكمة أمام المحكمة الجنائية الدولية .رسالة ماجستير. جامعة النجاح الوطنية.

٢٣.الدحيلية، جود عدنان. ٢٠٢١. جريمة الإبادة الجماعية في القانون الدولي. رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، نابلس.

٢٤.عبدالله، شادية أبوبكر. ٢٠١٥. المسؤولية الجنائية لرئيس الدولة في الجرائم ضد الإنسانية. رسالة ماجستير في القانون مقدمة إلى كلية القانون و السياسية في جامعة السليمانية.

٢٥.درويش، دلشاد حاميد. ٢٠١٥. الحماية القانونية للأقليات الدينية في ظل تنامي الطرف الثاني. رسالة ماجستير، كلية القانون و السياسة، جامعة صلاح الدين، أربيل.

٢٦.درويش، شفان بيبو. ٢٠١٦. وثائق تتعلق بكارثة شنكال و الايزيديين. لجنة البحوث و الدراسات، سلسلة مطبوعات الهيئة العليا لمركز لالش، دهوك.

٢٧.رفيق، دريا فخرى. ٢٠١٦. ولاية المحكمة الجنائية الدولية على جرائم الواقعة في الدول غير أعضاء. رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية القانون العلوم السياسية في جامعة صلاح الدين، أربيل.

٢٨.سعيد، زانا رفيق. ٢٠١٠. رجعية القانون على الماضي في جرائم ضد الإنسانية. مؤسسة حمدي للطباعة و النشر، سليمانية.

**گۆڤاری زانستی:**

٢٩. عيسى، حسين عبد علي.٢٠١٧. الإبادة الجماعية للأقليات وتطوير آليات مواجهتها في القانون الدولي .مجلة جامعة التنمية البشرية، ٣(١)، آذار.

٣٠. كاظم، ميثم محمد عبد، خليل، نغم عبد الحسين، وماضي، قاسم . ٢٠١٨. التوصيف القانوني لجرائم تنظيم داعش .مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، ١٠(١).

٣١. حسين، آلاء ناصر، ومسلم، نبراس إبراهيم. ٢٠١٧. المسؤوليات الدولية عن جرائم عصابات داعش الإرهابية .مجلة العلوم القانونية، ٤(٣٢).

٣٢. دحامنية، علي. ٢٠١٧. اختصاصات المحكمة الجنائية الدولية .مجلة المفكر، ١٢(١).

٣٣. بجبوج، عمار. ٢٠١٧. الإحالة إلى المحكمة الجنائية الدولية .مجلة جامعة كينجز كوليج لندن.

٣٤. مستاري، عادل. ٢٠١٨. المحكمة الجنائية الدولية الخاصة بروواندا .(TPIR) مجلة جامعة محمد خضير سكرة.

٣٥. داود، رضا سالم. ٢٠١٩. الأقلية الأيزيدية في العراق: بحث في الجغرافية السياسية .مداد الآداب ,١٣(الجزء الاول).

٣٦. ربيع، زياد. ٢٠١٤. جرائم الإبادة الجماعية .مجلة دراسات دولية، عدد ٥٩، كلية الحقوق، جامعة جرش.

٣٧. زوير، انتصار رشيد. ٢٠١٨. جرائم الإبادة الجماعية العالمية (العراق نموذجاً) .مجلة كلية التربية، جامعة واسط، العدد ٣١.

٣٨. الثمالي، محمد فهد عبد الرحيم. ٢٠٢٢. جريمة الحمل القسري في القانون الدولي .المجلة الدولية لنشر البحوث والدراسات , ٣١(٣)، لا:١٠٠-١١٠.

٣٩. سليم، سولاف. ٢٠٢١. الجرائم ذات الطابع الجنسي في القانون الدولي الجنائي .حوليات جامعة الجزائر ,٣٥(٣).

٤٠. كاظم، ميثم محمد عبد، خليل، نغم عبد الحسين، وماضي، قاسم. ٢٠١٨. التوصيف القانوني للجرائم تنظيم داعش .مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية ,١(١٠).

٤١. الظبي، رامي مرعي طالب. ٢٠١٨. جرائم الحرب في نظام روما الأساسي (دراسة للجرائم التي تعد انتهاكاً جسيماً لاتفاقيات جنيف). بحث مقدم لاستكمال متطلبات الحصول على دبلوم القانون العام. المعهد العالي للقضاء، وزارة العدل، الجمهورية اليمنية.

**ڕاپۆرت:**

١. المحكمة الجنائية الدولية.١٩٩٨.نظام روما للمحكمة الجنائية الدولية .متاح على: https://www.icc-cpi.int/resource-library.

٢. نداء من أجل المساءلة والحماية. ٢٠١٦. الإيزيديون الناجون من الأعمال الوحشية التي ارتكبها داعش. تقرير مشترك لمكتب مفوض الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان ومكتب حقوق الإنسان في بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق.

٣. العراق – الجرائم الجنسية والجنسية المرتكبة ضد المجتمع الإيزيدي. ٢٠١٨. دور المقاتلين الأجانب في تنظيم داعش. الفدرالية الدولية لحقوق الإنسان ومنظمة الكنيات. متاح على: https://www.fidh.org/IMG/pdf/sexual_violence_against_yazidis.pdf.

٤. مجلس حقوق الإنسان التابع للأمم المتحدة. ٢٠٢٣. الاستنتاجات المفصلة للبعثة المستقلة لتقصي الحقائق في ليبيا (A/HRC/52/CRP.8).الدورة الثانية والخمسون.

٥. مجلس الأمن. ٢٠١٧. القرار ٢٣٧٩، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسته ٨٠٥٢، المعقودة في ٢١ أيلول/سبتمبر ٢٠١٧.

٦. خيري، خليل. ٢٠٢٢. ماذا بعد الغزوة الأخيرة ضد الإيزيدين. باحث وخبير في شؤون الإيزيدية.

٧.العراق - الجرائم الجنسية والجنسانية المرتكبة ضد المجتمع الايزيدي: دور المقاتلين الاجانب في تنظيم داعش. تقرير مشترك للفدرالية الدولية لحقوق الانسان ومنظمة الكنيات، أكتوبر ٢٠١٨.

٨. وزارة الخارجية – سفارة جمهورية العراق لدى الكرسي الرسولي (الفاتيكان). ٢٠٢٢ .توثيق جرائم تنظيم داعش الإرهابي في العراق وتعزيز المساءلة: الذكرى السنوية "الثامنة" لاغتصاب الموصل ومجزرة طلبة معسكر سبايكر في تكريت

٩. مجلس حقوق الإنسان التابع للأمم المتحدة. ٢٠٢٣. الاستنتاجات المفصلة البعثة المستقلة لتقصي الحقائق في ليبيا (A/HRC/52/CRP.8).مجلس حقوق الإنسان، الدورة الثانية والخمسون، ٢٤ مارس/آذار.

١٠. الأمم المتحدة. (٢٠١٥، ٨ نيسان) .المحكمة الجنائية الدولية: سوريا والعراق ليسا طرفين في نظام روما الأساسي ولا تتمتع المحكمة بالاختصاص الإقليمي على الجرائم المرتكبة على أراضيهما .تم الاسترجاع من https://news.un.org/ar/audio/2015/04/327042

١١. مجلس الأمن التابع للأمم المتحدة، (١٩٩٣). القرار ٨٢٧ (١٩٩٣) بشأن إنشاء المحكمة الجنائية الدولية ليوغوسلافيا السابقة. ٢٥ مايو.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1. Bassiouni, M. C. (1999). *Crimes Against Humanity in International Criminal Law*. Kluwer Law International. pp. 122-140.
2. Houry, Nadim. (2019, February 5). Bringing ISIS to justice: Running out of time? Just Security. Human Rights Watch. Retrieved from https://www.hrw.org/news/2019/02/05/bringing-isis-justice-running-out-time

# Sexual violence against Yazidi women by ISIS members and how they are prosecuted internationally
# (Analytical legal research )

**Gasha Dara Jalal**
**Department of Law/ Faculty of Humanities and Social Sciences/ Koya University**

**Assistant Professor Dr. Shuan Omar Khader**
**Department of Law/Faculty of Humanities and Social Sciences/Koya University**

**Abstract**

This study investigates the sexual crimes committed by ISIS against Yazidi women and the possibility of bringing these offenses up for trial before the International Criminal Court. It also investigates their legal classification as international crimes, such as crimes against humanity, genocide and war crimes. The study analyzes and nging these offenses up for trial before the International Criminal Court, especially given Iraq's non-signatory status on the Rome Statute, which limits the International Criminal Court jurisdiction. It also highlights the challenges of Iraq's lack of cooperation with the International Criminal Court. Additionally, in addition to examining the jurisdiction of the International Criminal Court, the study study alternative legal mechanisms, including special or hybrid courts, as a more practical and efficient route to justice. These alternatives are crucial in addressing the limitations that the international justice system poses in the prosecution of crimes of sexual violence during armed conflicts. By emphasizing prosecution of these crimes, the study underscores the importance of holding perpetrators accountable and strengthening international legal norms against such violations. Addressing sexual violence in conflict not only seeks justice for victims but also strengthens efforts to combat these heinous crimes, ensuring they are met with the severity they deserve. This approach fosters a more holistic framework for international justice**.**



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034